# وەقایعی کوردستان


ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٥٢)ساڵی بیستەم ٢٢/ تەمموز /٢٠٢٠/ زاینیی ٣٠/پوشپەڕ/ ٢٧٢٠ /کوردی ١/ ذو الحجة / ١٤٤١ کۆچی

252


## لەم ژمارەیەدا :


**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠٢٠وەزارەتی پەروەردە** ل ١

ڕێنمایی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٥٤

تایبەت بەخەرج کردنی مووچە

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٥٦

ڕێنمایی تایبەت بە خزمەت و پلەی وەزیفی

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٦٣

ڕێنمایی تایبەت بە خانەنشینی

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٦٨

کردنەوەی (تێبینەرایەتی باجی خانووبەرەی قەزای شارەزوور)

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٦٨

کردنەوەی ( بەڕێوەبەرایەتی چاودێری گومرگی )



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٥٢) السنة العشرون ٢٢/ تموز / ٢٠٢٠ ميلادي ٣٠ / پوشپەڕ / ٢٧٢٠/كوردي ١/ ذو الحجة /١٤٤١ هجري

252

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice


**فـي هذا العدد:**

| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | |
|---|---|
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٠ وزارة التربية | ص ١ |
| تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٥٤ |
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٥٦ |
| تعليمات رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٦٣ |
| بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٦٨ |
| بيان رقم (٤) لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٦٨ |


No. 252 Date: July , 22 , 2020 Vol.: 20

چاپخانەی شەهاب هەولێر



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە : ٦٤٧١ لە ٢٠٢٠/٧/١٩**

پشتبەست بە حوکمی ماددەی( سی و سێیەم) لە یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠١٢)، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠
## ڕێنمایی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان

### بەشی یەکەم
### پێناسەکان

**ماددەی (١):** ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرانبەریان دەگەیەنن بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

- **هەرێم** : هەرێمی کوردستان - عێراق.
- **حکومەت** : حکومەتی هەرێم.
- **ئەنجومەنی وەزیران** : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
- **وەزارەت** : وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.
- **وەزیر** : وەزیری پەروەردە.
- **باخچە** : باخچەی منداڵان، قۆناغی شیاندن و ئامادەکردنی منداڵانی تەمەن (٤) چوار ساڵ و (٥) پێنج ساڵە بۆ ئاستی قۆناغی بنەڕەتی.
- **خوێندنی بنەڕەتی** : یەکەم قۆناغی خوێندنە و ماوەکەی (٩) نۆ ساڵی خوێندنە، و لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەست دەکرێت بە خوێندنی بنەڕەتی، کە خوێندنێکی تەوزیمییە.
- **خوێندنی ئامادەیی**: ئەو قۆناغەی خوێندنە کە دوای خوێندنی بنەڕەتی دەست پێ دەکات و ماوەکەی (٣) سێ ساڵی خوێندنە.
- **خوێندنی پەیمانگە** : ئەو قۆناغەی خوێندنی پیشەییە کە دوای خوێندنی بنەڕەتی دەست پێ دەکات و ماوەکەی (٥) پێنج ساڵی خوێندنە، و جیاوازە لە بەشی پیشەیی ئامادەیی.
- **قوتابخانە** : ناوەندی خوێندن کە پۆلی یەکەم تا نۆیەمی بنەڕەتی لە خۆ دەگرێت.
- **خوێندنگە** : ناوەندی خوێندن کە پۆلی دەیەم تا دوازدەیەمی ئامادەیی لە خۆ دەگرێت، بە هەردوو بەشی ئاکادیمی و پیشەیی.
- **پەیمانگە** : ناوەندی خوێندنی پیشەییە و دوای خوێندنی بنەڕەتی دەست پێ دەکات و ماوەکەی (٥) پێنج ساڵی خوێندنە.
- **کۆمەڵگەی پەروەردەیی** : باخچەی منداڵان و خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لەخۆ دەگرێت.
- **قوتابخانە و پەیمانگەی حکومی** : باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە کە موڵکی حکومەتن و لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوە دەبرێن.

- **قوتابخانه و پەیمانگەی ناحکومی:** باخچەی منداڵان و قوتابخانه و خوێندنگه و پەیمانگه که کارگوزارن له پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی بەر له قۆناغی خوێندنی باڵا، که مۆڵکی خەڵکن یاخود مۆڵکی کۆمپانیا و ڕێکخراوە مەدەنییە پەروەردەیی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتییەکانن، لەلایەن خۆیانەوە بەڕێوەدەبرێن، بەڵام وەزارەت مۆڵەتیان دەدات و سەرپەرشتییان دەکات.
- **دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی (لۆکاڵ):** قوتابخانه و خوێندنگه و پەیمانگانەی که پرۆگرامی خوێندن و سیستەمی ئەزموونەکان و شێوازی بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی وەزارەت پیادە دەکەن.
- **دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی** : قوتابخانه و خوێندنگه و پەیمانگانەی که پرۆگرامێکی خوێندنی ناوەندێکی نێودەوڵەتی فێرکاری جیهانی (براند) پێشکەوتوو تێیدا پیادە دەکرێت و یەك پرۆگرامی خوێندنی هاوشێوە و یەك سیستەمی ئەزموونەکان و شێوازی بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی هاوشێوەیان هەیە.
- **دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی بیانی:** قوتابخانه و خوێندنگه و پەیمانگانەی که پرۆگرامێکی خوێندنی وڵاتێکی دیکە پیادە دەکەن، و ئەم جۆرە دامەزراوانە بۆ خوێندنی قوتابیان و خوێندکارانی ڕەوەندێکی تایبەت دەکرێتەوە.
- **قوتابی وخوێندکار:**قوتابی هەموو ئەوانەن کەلەقوتابخانه بنەڕەتییەکان بۆ خوێندن ناونوس کراون خوێندکار هەموو ئەوانەن کەلەخوێندنگه وپەیمانگەکان بۆ خوێندن ناونوس کراون
- **پۆل:** هۆبەیەکی خوێندن و ساڵێکی خوێندنه. قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی له نۆ پۆل، و قۆناغی خوێندنی ئامادەیی له سێ پۆل، و قۆناغی پەیمانگه له پێنج پۆل پێك دێت.
- **مامۆستا** : هەر کەسێکی بڕوانامەداری شیاو که له دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکاری کاری وانەوتنەوە دەکات.
- **مامۆستای پەروەردەی تایبەت** : مامۆستایەکی پسپۆر له پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی باخچه و قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت له قوتابخانه و خوێندنگه و پەیمانگه و ناوەندەکانی تری خوێندن.
- **بەڕێوەبەر** : ئەو کەسەیە که ئەرکی بەڕێوەبردنی باخچەی منداڵان یان قوتابخانه یان خوێندنگه یان پەیمانگەی پێ دەسپێردرێت.
- **یاریدەدەری بەڕێوەبەر** : هەموو ئەوانەی که وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەر ڕادەسپێردرێن.
- **ڕێنماییکاری پەروەردەیی** : فەرمانبەرێکه ڕاسپێردراوە به ئەرکی ڕێنمایی پەروەردەیی قوتابیان و خوێندکاران له سنوری قوتابخانه و خوێندنگه و پەیمانگه.
- **سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:** فەرمانبەرێکی وەزارەته ڕاسپێردراوە به بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری له دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.
- **بەخێوکار** : ئەو کەسەی بەخێوکردن و چاودێریکردنی قوتابی و خوێندکاری گرتۆته ئەستۆ.

- **ئەنجومەنی دایك و باوكان :** ئەنجومەنی دایك و باوكانە كە بە شێوەی ئارەزوومەندانە لە قوتابخانە و خوێندنگە پێك دەهێنرێت.
- **پەروەردەی تایبەت** : كۆمەڵێك بەرنامەی پەروەردەیی تایبەتە، كە دەبێت بۆ قوتابیان و خوێندكارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بكرێت بۆ گەشەكردن و پەرەپێدانی تواناكانیان لە ڕێگەی هۆكارە فێركارییە گونجاوەكان كە لەگەڵ تواناكانیان بگونجێت بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامە پەروەردەییەكان و ئامادەكردنیان بۆ ژیانی گشتی و تێكەڵاوبوونیان بە كۆمەڵگە.
- **كەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت**: هەموو ئەو منداڵانەی باخچەی منداڵان و قوتابیان و خوێندكاران كە بەهۆی توشبوون بەناتواناییەكی جەستەی یان ناجەستەیی، بەشێوەیەكی نەگۆڕ لە هەر یەك لە هەستەكانیان یان تواناكانی جەستەییان یان دەروونیان یان عەقڵیان تا ڕادەیەك دەبێتە مایەی ڕێگرتن لەبەشداری كردنیان بەشێوەیەكی یەكسان لەپرۆسەی خوێندن.
- **بەشەوانە**: پرۆسەیەكی پەروەردەیی و فێركردنە كە لە دامەزراوەیەكی پەروەردەیی و فێركاری و لەژێر سەرپەرشتیی مامۆستا و لە ماوەی (٤٠) چل خولەكدا بەڕێوە دەچێت.
- **تاقیكردنەوە وەزارییەكان**: ئەو تاقیكردنەوانەن كە پرسیار و میكانیزمی ڕاستكردنەوەیان یەك شێوەیە و لەلایەن وەزارەتەوە لەسەر ئاستی هەرێم بۆ پۆلی دوازدەیەم ئەنجام دەدرێت.
- **تاقیكردنەوە نیشتیمانییەكان**: ئەو تاقیكردنەوانەن كە پرسیار و میكانیزمی ڕاستكردنەوەیان یەك شێوەیە و لەلایەن وەزارەتەوە لەسەر ئاستی هەرێم بۆ پۆلی نۆیەم ئەنجام دەدرێت .
- **دامەزراوەی پەروەردەیی**: باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەیە.
- **دامەزراوەی پەروەردەیی قازانج نەویست** : ئەو دامەزراوانەیە كە لە فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكومیەكان تۆمار كراون و خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشكەش دەكەن و لە لایەن كەسان یاخود ڕێكخراوەوە خاوەنداریەتییان دەكرێت، و دەستكەوتی ماددەی ساڵانەی دامەزراوەكە بۆ بەرەوپێشبردنی ژینگەی دامەزراوەكە یاخود بۆ بواری پەروەردە و فێركاری یاخود بۆ كاروباری دیكەی گشتی یاخود خێرخوازی خەرج دەكرێت.

## بەشی دووەم
## بنەما گشتییەكانی دامەزراندنی قوتابخانە و پەیمانگەی ناحكومی

**ماددەی(٢): ئامانجەكان:-**

بۆ دامەزراندنی باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەی ناحكومی، دەبێت ئەو دامەزراوانە ئەو ئامانجانەیان هەبێت كەلە یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومیەكان هاتووە، كە بریتییە لە:

**یەكەم**: ڕەخساندنی بواری نوێی زیاتر بۆ پەروەردە و فێركردن، وێرای تواناكانی حكومەت بەمەبەستی پەرەپێدان و یارمەتیدان و گەیشتن بە ئامانجەكانی پرۆسەی پەروەردە و فێركردنی نیشتیمانی.

**دووەم**: دابینكردن و ئامادەكردنی پێداویستییە جۆراو جۆرەكانی مۆدێرنكردنی پرۆسەی پەروەردە و فێركردن لە ڕێگەی پرۆگرام و ڕێكاری مۆدێڕن.

**سێیەم**:گرنگیدان بەفێرکردنی زمانە بیانییە زیندووەکان لە پاڵ پرۆگرامە فێرکارییە بڕیار لەسەر دراوەکان.

**چوارەم:** ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ کێبڕکێ لە بواری پەروەرەردە و فێرکردن بە مەبەستی پەرپێدانی ئاڕاستەی گەشەپێدانی مرۆیی و داهێنانی زیاتر لە پەروەردە و فێرکردن بە بەرجەستەکردنی نموونەی مۆدێرن و سەردەمییانە لە سیستەم و پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا.

**پێنجەم:** هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنانی نیشتیمانی و بیانی لە هەرێمدا لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن لە چوارچێوەی بەرنامە و سیستەمێکی نوێدا (مۆدێرن).

**شەشەم:** ڕەخساندنی دەرفەت لە بەردەم ڕەوەند و بیانی و گەڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم، تاوەکو دانەبڕێن و بە مەبەستی بەردەوام بوونیان لە پەروەردە و فێرکردنی نیشتیمانی و دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن بە جۆرێك کە لەگەڵ پرۆگرامەکانی فێرکردنی هەرێم و ئەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون بگونجێت.

**ماددەی (٣):جۆرەکانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان:-**

دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان لەم سێ جۆرە دامەزراوەیە پێك دێن:

**یەکەم:** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیە خۆماڵییەکان (لوکاڵ).

**دووەم:** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیە نێودەوڵەتییەکان.

**سێیەم:** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیە بیانییەکان.

**ماددەی (٤): مافی وەرگرتنی مۆڵەتی دروستکردنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی:-**

**یەکەم:** هەر کەسێکی سروشتی کە (٢٥) بیست و پێنج ساڵی تەواو کردبێت، یان کەسایەتی مەعنەوی وەك ڕێکخراو و دامەزراوە و کۆمپانیا، بە تەنیا بێت یان بەکۆمەڵ، مافی دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومییان هەیە. دەکرێت کەسە سروشتییەکە یان کۆمپانیاکە یان ڕێکخراوەکە عێراقی بێت یان بیانی.

**دووەم:** نابێت داواکاری مۆلەت فەرمانبەر بێت لە کەرتی گشتی.

**سێیەم:** ڕێگا بە هیچ حزب و ڕێکخستنێکی سیاسی یان ئاینیی نادرێت، دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی دابمەزرێنێت. هەروەها ڕێگا نادرێت بە کردنەوەی هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، کە مەبەستی پەروەردەیی و فێرکاری نەبێت.

**ماددەی (٥): مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت:- پێویستە لەسەر داواکاری مۆڵەت:**

**یەکەم:** گشت ئەو بەڵگە و نوسراوانەی لە یاسای قوتابخانە ناحکومیەکان و ئەم ڕێنماییە داواکراون پێشکەش بە وەزارەت بکات.

**دووەم:** پرۆژەکە لەگەڵ بەها نیشتیمانی و پرنسیپە گشتی و تایبەتییەکانی پەیڕەوکراو لە سیاسەتی فێرکاریی ناکۆك نەبێت.

**سێیەم**: پـرۆژەکە خزمەتێـك پێشـکەش بە ئامـانجە پەروەردەییەکـان بکـات بە جۆرێـك توانـای یارمەتیـدانی هەبێـت لە باشـترکردنی ڕۆڵـی پەروەردە و فێرکـردن یـان نـوێکردنەوە لە بـواری بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان و بەهێزکردن و گەشەپێکردنی کەسایەتی و کەناڵە پەروەردەییەکان.

**چوارەم**: دەبێت باخچەکانی منداڵان، قوتابخانەکان و خوێندنگەکان و پەیمانگەکان ناوێکی تایبەت و جیاکەرەوەیـان هەبێـت، کە لەگەڵ تایبەتمەنـدییە کولتـوری و پەروەردەیـی و نیشـتیمانییەکانی هەرێمـدا بگونجێت. ئەگەر بـاخچەیەکی منـداڵان یـاخود قوتابخـانە یـاخود خوێنـدنگە یـاخود پەیمـانگە لقـی نـوێی کۆمپانیـا یـاخود ڕێکخراوێکـی پەروەردەیـی بێـت، دەکرێـت هەمـان نـاو هەڵگرێت بەڵام بە ناوێکی زیادکراو یاخود ژمارەیەکی زیادکراو.

**پێنجەم**: پێویستە داواکاری مۆڵەت، بە تۆمەتی بەدڕەوشتی، حوکمی زیندانی بەسەردا نەدرابێت.

**شەشەم**: پێویستە داواکاری مۆڵەت، باڵەخانەی تایبەت بە خۆی هەبێت، یـاخود گرێبەسـتی سـەرەتایی بـۆ بەکرێگرتنـی باڵەخـانەی گونجـاوی هەبێـت، یـاخود زەوییەکـی دەستنیشـانکراوی هەبێـت بـۆ دروستکردنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، کە بەپێی ڕێنماییەکەی وەزارەت بێت.

**ماددەی (٦): کات و ڕێکاری داواکردنی مۆڵەت:-**

**یەکەم**: پێویستە لەسەر داواکـاری مـۆڵەت، لە نێـوان ڕۆژی یەکەمـی مـانگی (١٠) دە تـا ڕۆژی یەکەمـی مانگی (٣) سێ، داواکەی لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆڕمی داواکردنی مـۆڵەت و دابینکردنـی گشـت پێداویستییە داواکراوەکان پێشکەش بە "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" بکـات. بـۆ سـاڵی خوێنـدنی ٢٠٢٠/٢٠٢١ دەکرێـت داواکـاری لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٦ تـاکوو ٢٠٢٠/٨/٣٠ پێشکەش بکرێت.

**دووەم**: هەر داواکارییەك کە پاش ئەو ماوەیەی لە خاڵی یەکەمی ئەم مـاددەیە باسکراوە پێشـکەش بە وەزارەت بکرێـــت، کـــاری لە لایەن وەزارەتەوە لەســـەر ناکرێـــت تـــاکوو وەرزی داهـــاتووی پێشکەشکردنی داواکاری کە لە خاڵی یەکەمی ئەم ماددەیە باسکراوە.

**ماددەی (٧): پێداویستییەکانی وەرگرتنی مۆڵەت:-**

پێویستە داواکاری مۆڵەت ئەم پێداویستییانەی خوارەوە دیاری بکات:

١- ئامانجە گشتی و تایبەتییەکانی دامەزراوەکە.

٢- سوودی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەرورەدەیی پرۆژەکە.

٣- سەرچاوە داراییەکان و لایەنی پشتیوانکەر.

٤- بڕی کرێی خوێندنی ساڵانە بۆ منداڵان/قوتابیان/خوێندکاران و ژمارە و کاتی بڕەکان.

٥- مەرجەکـــانی وەرگرتنـــی منـــداڵان/قوتابیـــان/خوێنـــدکاران و خەمڵانـــدنی ژمـــارەی ئەو منداڵانە/قوتابیانە/خوێندکارانەی کە دامەزراوەکە دەیەوێت وەریان بگرێت بۆ هەر ساڵێك.

٦- بنەماکانی دەرچوون و کەوتن و سیستەمی گشتی تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندن.

٧- زمانی خوێندن لە دامەزراوەکە.

٨- پلانی خوێندن و ماوەی پێشنیارکراو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دەرچوون.
٩- دیاریکردنی ژمارەی ڕۆژەکان و کاژێرەکانی خوێندن لە هەر ساڵ و هەر ڕۆژێکی دەوام دا.
١٠- پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندن و پەڕتووکەکانی خوێندن و سەرچاوەکانیان لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی خاوەندارییەتی هزری.
١١- پێشکەشکردنی لیستێك بە ناوی ئەو کەرەستە و پێداویستیانەی کە داواکاری مۆڵەت پاش وەرگرتنی مۆڵەت بە نیازە ئامادەیان بکات (کورسی، رحلە، سەبورە و هتد)، بۆ ئەوەی پێش دەستپێکی ساڵی خوێندن لە دامەزراوەکە هەبن.
١٢- ڕێگە و شێوازەکانی وانەگوتنەوە.
١٢- لێهاتووی و بڕوانامەی بەڕێوەبەر، و یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستایان و ڕێنماییکاری پەروەردەیی دامەزراوەکە، و ڕەگەزنامەکانیان.
١٣- هۆڵەکانی خوێندن و تاقیگە و کتێبخانە و بەشە کارگێرییەکانی دامەزراوەکە بە پێی نەخشە.
١٤- چۆنیەتی دابینکردنی چاودێری و سەلامەتی و تەندروستی و چالاکی جیاواز بۆ منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران.
١٥- سیستەمی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبەردنی دامەزراوەکە.
١٦- پەیڕەوێکی ناوخۆی بۆ دامەزراوەکە هەبێت کە ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێت:
ا- ساڵنامەی جێگیری خوێندن و پشووە فەرمییەکان.
ب- کات و بنەما وشێوازەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان.
پ- شێوازی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران.
ت- بنەمای گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران.
ج- چۆنیەتی نوێکردنەوەی تۆماری ساڵانە.
چ- چۆنیەتی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن.
ح- پلانی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران.
١٧- شوێنی دامەزراوەکە و هاوپێچکردنی گرێبەستی بەکرێگرتن یاخود تاپۆی موڵکداریەتیی باڵەخانەکە یان ئەو زەوییەی کە دامەزراوەکەی لەسەر دروست کراوە یان دروست دەکرێت. دەبێت باڵەخانەکە گونجاو بێت و بەگوێرەی ڕێنماییەکەی وەزارەت بێت. هەروەها هاوپێچکردنی نەخشەی باڵەخانەکە کە گشت پۆلەکان، تاقیگەکان، و کتێبخانە، و هتد لە خۆ بگرێت.
١٨- ئەگەر هاتوو داواکە تایبەت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی یان بیانی بوو، ئەوکات پێویستە نوسراوێکی فەرمی سەبارەت بە پاڵپشتی ئەکادیمی لە ناوەندی سەرەکیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە یان دەوڵەتە پەیوندیدارەکە، هاوپێچ کرابێت. نابێت نوسراوەکە لە (٣) سێ مانگ کۆنتر بێت.

**١٩-** پێشکەش کردنی بەڵێننامەی یاسایی داواکاری مۆڵەت سەبارەت بە پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان.

**٢٠-** پێویستە داواکاری مۆڵەت، نوسراوێکی ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت و باجی خانوبەرە پێشکەش بە وەزارەت بکات.

**٢١-** پێشکەش کردنی دوو وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی مامەڵە بۆ داواکاری مۆڵەت یان مۆڵەتی کۆمپانیا یان ڕێکخراو.

**٢٢-** پێشکەش کردنی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگی کارتی نیشتیمانی (یان ناسنامەی باری شارستانی) بۆ هاوڵاتی عێراقی، و کۆپی پاسپۆرت بۆ هاوڵاتی بیانی.

**٢٣-** هاوپێچکردنی پسوڵەی دانی ڕسوماتی داواکردنی مۆڵەت، بە بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار، جگە لە باخچەی منداڵان کە ڕسوماتەکەی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی دەبێت.

**ماددەی (٨): ڕێکارەکانی وەزارەت بۆ پێدانی مۆڵەت:-**

**یەکەم**: "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان"، فۆڕمەکانی داواکردنی مۆڵەت لە "داواکار" وەردەگرێت.

**دووەم**: "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان"، خوێندنەوە بۆ هەر داواکارییەك دەکات.

**سێیەم:**

١- پێویستە "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" لە ماوەیەك کە لە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت، لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی گشت پێداویستی و مەرجەکان بە شێوەیەکی تەواو، خوێندنەوە بۆ داواکە بکات (خوێندنەوە بە واتای بڕیار نایەت).

**٢-** ئەگەر "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا سەیری داواکەی نەکرد، داواکارییەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت، بە مەرجێك گشت مەرەجەکانی پێدانی مۆڵەت و گشت پێداویستییەکان بەپێی یاسا و ئەم ڕێنماییە وەك لە وەی لە فۆڕمی داواکردنی مۆڵەت هاتووە لە "داواکار"دا هەبێت.

**چوارەم**: ئەگەر داواکە هەموو مەرج و پێداویستە ئاماژە پێکراوەکانی سەرەوەی لەخۆ نەگرتبوو، "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت داوا لە داواکاری مۆڵەت دەکات کە لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت، داواکارییەکە تەواو بکات یان هەمواری بکاتەوە. پاشان وەزارەت سەردانی شوێنی دامەزراوەکە دەکات بۆ دڵنیابوون لە دروستی زانیارییەکان سەبارەت بە پرسی تەلارکە و پێکهاتەکانی، ئەمە لە حاڵەتێکدا تەلارەکە هەبێت و دروستکراو بێت. ئەگەر تەلارەکە هێشتا دروست نەکراوە نەخشەی تەلارەکە دەبێتە بنەما بۆ بڕیاردان.

**پێنجەم:**

١- ئەگەر هاتوو هەموو ماف و مەرجەکان و پێداویستییەکانی پێدانی مۆڵەت کە لەسەرەوە باس کراون، لە داواکەدا هەبێت، ئەوکات "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت پێشنیار بۆ "وەزارەت" دەکات بە پێدانی مۆڵەت.

٢- ئەگەر داواکە گشت ماف و مەرجەکان و پێداویستییەکانی تێدا نەبوو، "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت پێشنیاری پێنەدانی مۆڵەت بۆ "وەزارەت" دەنێرێت.

**شەشەم:** "وەزارەت"، خوێندنەوە بۆ پێشنیارەکانی "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" دەکات و لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت بڕیار لەسەر پێدان یان پێنەدانی مۆڵەت دەدات. ئەگەر بڕیاری "وەزارەت" وەك پێشنیاری "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" نەبوو، ئەوکات هۆیەکانی بڕیارەکەی "وەزارەت" لە دۆسیەکە دەنووسرێت.

**حەوتەم:** دوای بڕیاری "وەزارەت" ، پەروەندەکە لە ماوەی (٧) حەوت رۆژدا بۆ " بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە وپەیمانگە ناحکومیەکان" دەنێردرێت بۆ ڕێکارە کارگێڕی و یاساییەکان و بۆ ئاگادارکردنەوەی "داواکار" بە شێوەیەکی فەرمی لە بڕیارەکە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا لە گەیشتنی بڕیاری "وەزارەت" بە بەڕێوبەرایەتییەکە.

**هەشتەم:** ئەگەر داواکە پەسەند کرابوو، "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە وپەیمانگە ناحکومیەکان" داوا لە داواکار دەکات بە:

**١**-دانی ڕسوماتی مۆڵەت پێش دەرکردنی بڕیاری مۆڵەتدان. ڕسوماتی مۆڵەتدان بەم بڕانە دەبێت:

ا- باخچەی منداڵان: (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی.

**ب**- قۆناغی بنەڕەتی: (٨٠٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆن دیناری عێراقی.

**پ**- قۆناغی ئامادەیی ئەکادیمی و وێژەیی: (١٢٠٠٠٠٠٠) دوازدە ملیۆن دیناری عێراقی.

**ت**- قۆناغی ئامادەیی پیشەیی: (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار عێراقی.

**ج**- قۆناغی پەیمانگە: (٢٥٠٠٠٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی بۆ هەر بەشێك.

**چ**- کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغی ئامادەیی ئاکادیمی): (٢٥٠٠٠٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی.

٢- هاوپێچکردنی نوسراوێك سەبارەت بە دڵنیایی بانکی (خطاب ضمان) پەسند کراو کە نیشانی بدات کە داواکار ئەم بڕە پارانەی لە بانك هەیە و مافی هێنانەدەری تا دامەزراوەکەی ماوە نییە:

**ا**- دڵنیایی بۆ باخچەی منداڵان: (١٥٠٠٠٠٠٠) پازدە ملیۆن دیناری عێراقی.

**ب-** دڵنیایی بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی: (٧٥٠٠٠٠٠) حەفتا و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی.

**پ-** دڵنیایی بۆ خوێندنگەی ئامادەیی ئەکادیمی: (٧٥٠٠٠٠٠) حەفتا و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی.

**ت-** دڵنیایی بۆ خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی: (٧٥٠٠٠٠٠) حەفتا و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی.

**ج-** دڵنیایی بۆ کۆمەڵگەی پەروەردەیی: (٧٥٠٠٠٠٠) حەفتا و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی.

**چ-** دڵنیایی بۆ پەیمانگە: (٧٥٠٠٠٠٠) حەفتا و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی.

**نۆیەم:** پێویستە وەزارەت لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ زیاتر نەبێت، لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی گشت پێداویستی و مەرجەکان بە شێوەیەکی دروست، بڕیاری کۆتایی لەسەر داواکە بدات ئەگەر بڕیاری وەزارەت لەسەر داواکە نەرێنی بوو، پێویستە وەزارەت ئاماژە بەو پاساوە یاساییانە/ڕێنماییانە بدات کە بونەتە هۆی نەدانی مۆڵەتەکە.

**دەیەم:** ئەگەر "وەزارەت" لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژدا، لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی گشت پێداویستی و مەرجەکان بە شێوەیەکی دروست و بەپێی فۆڕمی داواکردنی مۆڵەت، بڕیاری کۆتایی لەسەر داواکە نەدا، داواکارییەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت.

**ماددەی (٩): نوێکردنەوەی مۆڵەت:-**

**یەکەم:** نوێکردنەوەی مۆڵەت هەر دوو (٢) ساڵ جارێك دەبێت و بەم شێوەیە:

**١-** خاوەن مۆڵەت داواکارییەك لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆڕمی نوێکردنەوەی مۆڵەت پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان) دەکات.

**٢-** پێشکەشکردنی داواکە دەبێت پێش کۆتایی مانگی (٣) سێ بێت و پێش کۆتاییهاتنی مۆڵەتی کۆن بە لایەنی کەم بە (٦) شەش مانگ بێت.

**٣-** دەبێت داواکار بەڵگەی دانی ڕسوماتی نوێکردنەوە پێشکەش بکات. بڕی ڕسوماتی نوێکردنەوە هێندەی نیوەی بڕی ڕسوماتی بەخشینی مۆڵەت دەبێت.

**٤-** پێویستە داواکاری مۆڵەت، نوسراوێکی ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت و باجی خانوبەرە پێشکەش بە وەزارەت بکات.

٥- دەبێت داواکار بەڵگەی مانەوەی دامەزراوەکەی وەك ئەندامێکی کارا لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە یان ئەو دەوڵەتەی پەیوەندیدارە پێشکەش بکات. بەڵگەنامەکە دەبێت لە لایەن ناوەندی سەرەکی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە یان دەوڵەتەکە نوسرابێت و پەسەند کرابێت، و نابێت لە (٣) سێ مانگ کۆنتر بێت.

**دووەم:** ئەگەر داواکار گشت مەرجەکانی کە لە خاڵەکانی (١) تا (٥)ی سەرەوەی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە، تێدابێت، وەزارەت لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژدا لە ڕۆژی داواکەوە بڕیار لەسەر نوێکردنەوەی مۆڵەت دەدات.

**سێیەم:** ئەگەر خاوەن مۆڵەت بە لایەنی کەم (٦) شەش مانگ پێش تەوابوونی مۆڵەتی کارپێکراو و لە کاتی دیاریکراو بەپێی ئەم ڕێنماییە داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەتی پێشکەش بە وەزارەت نەکرد، سزا دەدرێت بەپێی خشتەی سزاکان کە لە پاشکۆی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**چوارەم**: ئەگەر خاوەن مۆڵەت پێش تەوابوونی مۆڵەتی کارپێکراو داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەتی پێشکەش بە وەزارەت نەکرد، سزا دەدرێت بە پێی خشتەی سزاکان. جگە لەوە مۆڵەتەکەی لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژدا هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**ماددەی (١٠) : مافی گۆڕینی خاوەنداریەتی مۆڵەت:**

**یەکەم**: خاوەنی مۆڵەتی باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە و پەیمانگەی ناحکومی، تەنها پاش تێپەڕبوونی (٤) چوار ساڵ بەسەر وەرگرتنی مۆڵەت، مافی گۆڕینی مۆڵەتیان بۆ سەر ناوی کەسێکی دیکەی سروشتی یان مەعنەوی هەیە. خاوەنی نوێی مۆڵەت تەنها پاش تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم، کار بە مۆڵەتەکەی دەکرێت.

**دووەم**: بۆ گۆڕینی خاوەنداریەتی مۆڵەت بۆ خاوەنێکی نوێ، داوایەك لەلایەن خاوەنی نوێوە پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان) دەکرێت لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆڕمی گۆڕینی خاوەنداریەتی مۆڵەت.

**سێیەم**: بۆ پەسەندکردنی داواکە پێویستە ئەو کەسەی کە دەیەوێت ببێت بە خاوەنی نوێ، گشت ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**چوارەم**: بڕی ڕسوماتی داواکردنی گۆڕینی خاوەنداریەتی (٢) دوو ملیۆن دینار دەبێت.

**پێنجەم:** ئەگەر ئەو کەسەی کە دەیەوێت ببێت بە خاوەنی نوێی دامەزراوەکە، گشت مەرجاکانی تێدا بێت، (وەزارەت) لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ زیاتر نەبێت لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داواکە، بڕیار لەسەر پەسەند کردنی داواکە دەدات.

**ماددەی (١١) :**

**یەکەم:** لەحاڵەتی مردنی خاوەنی مۆڵەت، میراتگری خاوەن مۆڵەت مافی هەیە مۆڵەتەکەی بۆ بگوازرێتەوە، بەو مەرجەی میراتگرەکە گشت ئەو مەرجانەی تێدا بێت، کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە

**دووەم:** لە حاڵەتی مردنی خاوەنی مۆڵەت، میراتگری خاوەن مۆڵەت مافی هەیە داوای گۆڕینی خاوەنداریەتی مۆڵەت بۆ سەر ناوی کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بکات، بەو مەرجەی کەسە نوێیەکە یان کەسە مەعنەوییەکە گشت ئەو مەرجانەی تێدا بێت، کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**ماددەی (١٢): مافی گواستنەوەی باڵەخانەی دامەزراوەی پەروەردەیی:-**

**یەکەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەییە ناحکومیەکان مافی گواستەوەیان لە باڵەخانەیەك بۆ باڵەخانەیەکی دیکە هەیە، بەڵام تەنها پاش ڕەزامەندی فەرمی "وەزارەت".

**دووەم:** بۆ گواستنەوەی دامەزراوەکە پێویستە داواکارییەك بە لایەنی کەم بە (٢) دوو مانگ پێش گواستنەوە پێشکەش بە "بەرێوەبەرایەتی قوتابخانە ناحکومیەکان" بکرێت، لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆڕمی گواستنەوەی باڵەخانەی دامەزراوە و ئاماژەکردن بە هۆیە ئەرێنییەکانی گواستنەوەکە بکرێت.

**سێیەم**: بۆ ئەوەی گواستنەوەکە پەسەند بکرێت، دەبێت باڵەخانە نوێیکە گشت مەرج و پێکهاتەکانی تەلاری دامەزراوەکانی تێدابێت، کە لەم ڕێنماییە و هاوپێچەکانی هاتووە.

**چوارەم**: "وەزارەت" لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ زیاتر نەبێت بڕیار لەسەر پەسەندکردنی داواکە دەدات. گواستنەوەکە تەنها لە پشووی هاوین لە نێوان ٦/١ تاکوو ٩/١ ڕێگەپێدراوە. لە هەل و مەرجی تایبەتدا، وەزارەت مافی هەیە ڕێگە بە گواستنەوە بدات لە پشووی نێوان وەرزی یەکەم و وەرزی دووەمدا.

**پێنجەم**: هەر دامەزراوەیەك بەبێ ڕەزامەندی پێش وەختەی "وەزارەت" بگوێزرێتەوە بۆ تەلارێکی تر وەك لەوەی مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە، مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێنرێتەوە لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ زیاتر نەبێت.

**ماددەی (١٣): پێشمەرجەکانی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت:-**

**یەکەم:** کاتێك سەلمێنرا کە خاوەنی مۆڵەت، بەبێ ڕەزامەندیی وەزارەت، دامەزراوەکەی بە لایەنێکی دیکە فرۆشتووە یان تەنازلی بۆ کردووە.

**دووەم:** کاتێك سەلمێنرا کە تەلاری دامەزراوەکە گوازراوەتەوە بێ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەت.

**سێیەم:** کاتێك سەلێمنرا کە دامەزراوەکە مۆڵەتی کارپێکراوی بەسەر چووە وەك لەوەی لە فەرمانی مۆڵەت هاتووە، بێ ئەوەی داوای نوێکردنەوەی مۆڵەتی پێشکەش بە وەزارەت کرابێت پێش تەواو بوونی مۆڵەتەکە.

**چوارەم:** کاتێك سەلمێنرا کە یەکێك لە بەڵگە و نووسراوەکان کە لە کاتی داواکردنی مۆڵەت پێشکەش کراون، ساختە دەرچوون یاخود بنەمایان نییە، یا دەرکەوت جێبەجێ نەکراون.

**پێنجەم:** کاتێك سەلمێنرا کە ئەو مۆڵەتەی پەسەند کراوە، بێ بوونی مەرج و پێداویستییەکانی پێدانی مۆڵەت بووە.

**شەشەم:** کاتێك خاوەن مۆڵەت، پاش (٢) دوو جار ئاگادارکردنەوەی فەرمی لەلایەن وەزارەتەوە بەڵگەنامەکانی ئەستۆپاکی باج نەهێنابێت.

**حەوتەم:** کاتێك سەلمێنرا کە دامەزراوەکە پێشێلکاری و سەرپێچی دیار و دووبارەی کردووە و پاش (٢) دوو جار ئاگادارکردنەوەی فەرمی لەلایەن وەزارەتەوە، پێشێلکاریی و کەموکوڕییەکانی چاك نەکردووە.

**هەشتەم:** کاتێك سەلمێنرا کە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی پاڵپشتی ئەکادیمی لەلایەن ناوەندی سەرەکی جیهانی لەدەست داوە.

**نۆیەم:** ئەگەر سەلمێنرا کە دامەزراوەیەك (٣) سێ ساڵ لەسەر یەك ئاستی زانستی و پەروەردەیی نزم بوو (لە خوار ئاستی ناوەند).

**دەیەم:** کاتێك دامەزراوەکە دەست ناکات بە کار و بەڕێوبردنی خوێندن لەو کاتەی لە مۆڵەتەکەدا بۆی تەرخانکراوە و داوای هەڵپەساردنی نەکردووە.

**یازدەیەم:** کاتێك خاوەن مۆڵەت، ئارەزوومەندانە دامەزراوەکە بە هەمیشەیی دادەخات، ئەویش پاش دابینکردنی مەرجەکانی داخستن.

**ماددەی (١٤): داخستنی دامەزراوە بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت:-**

**یەکەم:** لە حاڵەتی داخستنی دامەزراوەکە بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت، دامەزراوەکە تا کۆتایی ساڵی خوێندن و تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم بەردەوام دەبێت و دامەزراوەکە لە ڕێگەی کارگێڕییەکی هاوبەش لەنێوان خاوەنی دامەزراوەکە و وەزارەت بەڕێوە دەچێت و، هەموو خەرجییەکانی بەڕێوەبردنە هاوبەشەکە دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن دامەزراوەکە بە سود وەرگرتن لە دڵنیایی بانکی (خطاب ضمان) و داهاتی تر.

**دووەم:**

١- لە حاڵەتی داخستنی دامەزراوەکە بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت، وەزارەت هەڵدەستێت بە گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران بۆ قوتابخانە یان خوێندنگەیەکی حکومی، یاخود ناحکومی ئەگەر بەخێوکار خۆی کرێی ساڵانە بدات.

٢- ئەگەر بەخێوکار گشت کرێی ساڵانەی دابوو، دەبێت خاوەن دامەزراوەکە بەشەپارەی پاش گواستنەوەی قوتابی یان خوێندکار بداتەوە بە بەخێوکار.

**ماددەی(١٥): هەڵپەساردن وهەڵوەشاندنەوەی ئارەزوومەندانەی مۆڵەتی دامەزراوەی پەروەردەیی:-**

**یەکەم:** خاوەن مۆڵەت مافی هەیە بۆ ماوەی یەك تا دوو ساڵ دامەزراندنی دامەزراوەکە دوا بخات، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داوایەك بۆ وەزارەت و دانی ڕسومات.

**دووەم:** ئەگەر خاوەن دامەزراوەکە ئارەزومەندانە ویستی دامەزراوەکەی بە هەمیشەیی دابخات، دەبێت بە نوسراو و بە لایەنی کەم پێش کۆتایی مانگی (٤) چوار وەزارەت لە بەردەوامنەبوونی خوێندن لە دامەزراوەکە بۆ ساڵی خوێندنی نوێ ئاگادار بکاتەوە.

**سێیەم:** خاوەن دامەزراوە پابەندە بە بەردەوامبوونی خوێندن لە دامەزراوەکە تا کۆتایی خولی دووەمی تاقیکردنەوەکان.

**چوارەم:**

١- پێوستە لەسەر خاوەن دامەزراوەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت رێگایەکی گونجاو بۆ هاوکاریکردنی گواستنەوەی ئارەزومەندانەی قوتابیان و خوێندکاران، بۆ دامەزراوەیەکی حکومی یان ناحکومی کە بەخێوکار کرێکەی دەدات، بدۆزێتەوە.

٢- ئەگەر بەخێوکار گشت کرێی ساڵانەی دابوو، دەبێت خاوەن دامەزراوەکە بەشە پارەی پاش گواستنەوەی قوتابی یان خوێندکار بداتەوە بە بەخێوکار.

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم:** لەکاتی داخستنی دامەزراوەکە هەموو بەڵگەنامەکانی قوتابیان و خوێندکاران و تۆمارەکانی دامەزراوەکە ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا دەکرێت.

**دووەم:** لە کاتی داخستنی دامەزراوەکە تەلار و کەل وپەلی دامەزراوەکە مافی خاوەن دامەزراوەکەیە.

**ماددەی (١٧):**

لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت لە لایەن وەزارەتەوە، خاوەن مۆڵەت مافی داواکردنی مۆڵەتی نوێی تاکوو (٣) سێ ساڵ نییە.

## بەشی سێیەم
## سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن

**ماددەی (١٨): لایەنی سەرپەشتیکار:-**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پارێزگا، سەرپەشتی پەروەردەیی و کارگێڕی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومەیەکان دەکات.

**دووەم:** لە کاتی پێویست وەزارەت لیژنەی تایبەت دروست دەکات بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان.

**سێیەم:** ئەرکە لەسەر دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان، کارئاسانی بۆ سەرپەرشتیاران و لیژنەکانی سەرپەرشتیاری بکەن.

**ماددەی (١٩): سەرپەرشتیکردنی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیە خۆماڵییەکان:-**

هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی، دەبێت بە سیستەمی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی وەزارەت پابەند بێت.

**ماددەی (٢٠): سەرپەرشتیکردنی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیە نێودەوڵەتی و بیانییەکان:-**

**یەکەم:** هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی، دەبێت بەو سیستەمی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنەی کە پێشتر مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە پابەند بێت.

**دووەم:** وەزارەت هەر کات بە پێوستی زانی، مافی پشکنین و بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی دامەزراوە نێودەوڵەتی و بیانیەکانی هەیە.

**ماددەی (٢١): هەڵسەنگاندنی ساڵانەی دامەزراوەکە:-**

**یەکەم:** پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی، بەر لە کۆتایی مانگی (٧) حەوت و لە ڕێگەی ڕێکارەکانی دامەزراوەکە و پڕکردنەوەی فۆڕمێکی وەزارەتەوە، هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ ئاستی فێربوونی قوتابیان و خوێندکاران و ئەدای کادیرانی وانەوتنەوە و کادیرانی کارگێڕی و بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاریی بە شێوەیەکی گشتی بکەن؛ ئەویش بە مەبەستی دڵنیابوون لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و سوودوەرگرتن بۆ گەشەپێدانی شێوەی کاری دامەزراوەکە.

**دووەم:** پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانییەکان، بەر لە ڕۆژی یەکەمی مانگی (٧) حەوت و لە ڕێگەی ڕێکارەکانی دامەزراوەکە هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ ئاستی فێربوونی قوتابیان و خوێندکاران و ئەدای کادیرانی وانەوتنەوە و کادیرانی کارگێڕی و بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاریی بە شێوەیەکی گشتی بکەن؛ ئەویش بە مەبەستی دڵنیابوون لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و سوودوەرگرتن بۆ گەشەپێدانی شێوەی کاری دامەزراوەکە.

**سێیەم:** پێویستە پوختەیەکی فۆڕمەکانی هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن وبەڵگەکان و پێداویستەکان، بۆ (لایەنی سەرپەرشتیاری پەیوەندیدار) و (بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان) بنێردرێت، ئەویش بەر لە ڕۆژی یەکەمی مانگی (٧) حەوت. لە کاتی هەڵسەنگاندن ئەنجامی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی و وەزاری ساڵی خوێندنی پێشتر بەکار دێت.

**ماددەی (٢٢): هەڵسەنگاندنی ساڵانەی وەزارەت:-**

**یەکەم:** لایەنی سەرپەرشتیاری پەیوەندیدار لە وەزارەت، هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان دەکات.

**دووەم:** لایەنی کەم پێش (٧) حەوت ڕۆژ، دامەزراوەکە لە ڕۆژی هەڵسەنگاندن و هاتنی سەرپەرشتیاران ئاگادار دەکرێتەوە.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر بەڕێوەبەر کارئاسانی بۆ سەرپەرشتیاران و لیژنەکانی وەزارەت بکات لە کاتی سەرپەرشتیاری و بەدواداچووندا.

**چوارەم:** هەڵسەنگاندن زۆر بوار لە خۆ دەگرێت، بۆ نمونە:

**١-** ئاستی فێربوونی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران.

**٢-** ئاستی گەیشتنی دامەزراوەکە بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.

**٣-** ئاستی سەلامەتی قوتابیان و خوێندکاران و کارمەندان.

٤- کوالیتی خوێندن.

٥- ئەدای کادیرانی دامەزراوەکە.

٦- پابەند بوون بە یاسا و ڕێنماییەکان.

٧- پێشکەشکردنی پشتیوانی و ڕاوێژ لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە بە دامەزراوەکە سەبارەت بە چۆنیەتی باشترکردنی کارەکانی دامەزراوەکە.

**پێنجەم:** پوختەیەکی ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاران دەنێردرێت بۆ (بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان)، و کۆپییەکی ڕاپۆرتەکەش دەدرێت بە دامەزراوەکە.

**شەشەم:** لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی گەیشتنی ڕاپۆرتەکە بە دەستی دامەزراوەکە، دامەزراوەکە مافی تانەلێدانی لە ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاران، لای وەزارەت هەیە.

**ماددەی (٢٣): پۆلێنکردنی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان:-**

**یەکەم:** ئەدای هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بە گوێرەی زانیارییەکان و بەڵگەکانی ڕاپۆرتی ساڵانە دەبێت و بەم جۆرە پۆلێن دەکرێت:

**١**- ئاستی یەکەم (پێویستی بە پشتیوانیی زۆرە).

**٢**- ئاستی دووەم (پێویستی بە پشتیوانییە).

**٣**- ئاستی سێیەم (ناوەند).

**٤**- ئاستی چوارەم (زۆر باشە).

**دووەم:** هەر کادیرێك لە هەر دامەزراوەیەك بە گوێرەی هەڵسەنگاندن و بەم جۆرە پۆلێن دەکرێت:

| | |
|---|---|
| **١**- نایاب. | **٤**- ناوەند. |
| ٢- زۆر باشە. | **٥**- پەسند. |
| **٣**- باشە. | **٦**- لاواز. |

**سێیەم:**

١- هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی کە ئاستی یەکەم و ئاستی دووەمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەی بەدەست هێنا، دەبێت بۆ ساڵی خوێندنی پاشتر ئاستی بەرز بکاتەوە.

**٢**- ئەگەر دامەزراوەکە چاکسازی پێویستی نەکرد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکەی، ئەوکات وەزارەت بەپێی خشتەی سزاکان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکا.

**چوارەم:**

١- هەر کارمەندێکی پەروەردەیی ئاستی (لاواز) یاخود (پەسەند)ی بەدەست هێنا، دەبێت ئاستەکەی بەرز بکاتەوە.

٢- ئەگەر کارمەندەکە لەسەر ئاستی (لاواز) و (پەسەند) بەردەوام بوو، دامەزراوەکە دەتوانێت ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر و گرێبەستەکەی هەڵوەشێنێتەوە.

## بەشی چوارەم
## تەلاری قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان و پاشکۆکانیان.

**ماددەی (٢٤):**

**یەکەم:** دەبێت تەلاری گشت باخچەیەکی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەیەکی ناحکومی، لە سەر بنەمای مەرج و سەلامەتی و ستاندەردەکانی دامودەزگا فەرمی پەیوەندیدارەکان بێت، ئەویش لە ڕێگای هێنانی نەخشەی پەسەند کراو.

**دووەم:** پێویستە تەلاری باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەی ناحکومی کە لە ڕووی تەلارسازییەوە لە ئایندەدا بنیاد دەنرێت، گشت مەرجەکانی تەلارسازی و هونەری و پەروەردەیی لە خۆ بگرێت کە لەم بەشە و هاوپێچەکانی تەلارسازی پاشکۆی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**سێیەم:** ئەگەر داواکاری مۆڵەتی باخچە، بیەوێت باخچەی منداڵان لە تەلارێك کە دروست کراوە دابمەزرێنێت، دەبێت تەلاری باخچەکە ئەو مەرجە تەلارسازی و هونەری و پەروەردەییانە لە خۆ بگرێت کە لەم بەشە و هاوپێچی ژمارە (٢) دووی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**چوارەم:** ئەگەر داواکاری مۆڵەتی قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە، بیەوێت لە تەلارێك کە دروست کراوە دابمەزرێنێت، دەبێت تەلارەکە بە لایەنی کەم ئەو مەرجە تەلارسازی و هونەری و پەروەردەیی لە خۆ بگرێت کە لەم بەشە و هاوپێچی ژمارە (٤) چواری ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**ماددەی (٢٥):** دەبێت خاوەنی مۆڵەتی باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەی ناحکومی، کە پێشتر مۆڵەتیان وەرگرتووە و دامەزراوەکانیان دەستبەکارن، لە ماوەی (٣) سێ ساڵدا لەگەڵ حوکمەکانی تەلارسازی ئەم ڕێنماییە خۆیان بگونجێنن، ئەگەر نا سزادەدرێن.

**ماددەی (٢٦):** دەکرێت باڵەخانەی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان مولك بن یان کرێ.

**ماددەی (٢٧):**

**یەکەم: تەلاری باخچەی منداڵان.**

**١-** باخچەی منداڵان نابێت لە نهۆمی عەرزی (نهۆمی یەکەم) و نهۆمی دووەمی تەلارێك زیاتر بەکار بێنێت.

**٢-** کاتێك باخچەکە لە (٢) دوو نهۆم پێك دێت، دەکرێت هەر دوو نهۆمەکە بۆ کاری پەروەردەیی بەکار بێت.

**٣-** نابێت هیچ چالاکییەکی پەروەردەیی باخچەی منداڵان لە ژێرزەمین بێت.

**دووەم:** ئەگەر باڵەخانەی قوتابخانە لە (٣) سێ نهوم زیاتر بوو، جگە لە ژێرزەمین، ئەو کات پێویستی بەڕەزامەندیی تایبەت هەیە لەلایەن وەزارەتەوە بەمەرجێك سیستەمی نهۆم بڕ (مصعد)تەلارەکە هەبێت

**سێیەم:** دەکرێت خوێندنگە و پەیمانگە لە تەلارێکی بەرزتر لە (٣) سێ نهۆمی بێت، و دەکرێت پەیمانگە چەند نهۆمێکی جیاوازی لە تەلارەکەدا هەبێت، بە مەرجێك سیستەمی نهۆم بڕ لە تەلارەکە هەبێت.

**چوارەم:** دەکرێت دوو پەیمانگەی پسپۆری جیاواز لە یەك باڵەخانەدا بن، بەڵام لە نهۆمی جیاوازدا، و لەو کاتەدا هەر پەیمانگەیەك بتوانێت گشت ڕووبەر و پێداویستیەکانی کە پێویستیەتی بە کاری بهێنێت.

**پێنجەم:** کارگێڕی قوتابخانە وخوێندنگە و پەیمانگە ناحکومیەکان بۆیان هەیە سوود لە تەلارەکەی خۆیان وەربگرن لەدوای تەواوبوونی دەوام و لەکاتی پشووەکان بۆ کاری کارگێڕی و پەروەردەیی وفێرکاری

**شەشەم:** بۆ پشتگیریکردنی دامەزراوەکە و بەڕێوەبەر بە شێوەیەکی گشتی، خاوەنی دامەزراوەکە مافی بوونی ژوورێکی خۆی لە تەلاری دامەزراوەکە هەیە.

**بەشی پێنجەم**

**مامۆستا و فەرمانبەرانی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان و پێکهاتە کارگێڕییەکان**

**ماددەی (٢٨):**

**مامۆستایان و فەرمانبەرانی تری باخچەی منداڵان و قوتابخانە وخوێندنگە و پەیمانگەی ناحکومی:-**

**یەکەم:** پێویستە هەموو باخچەیەکی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەیەکی ناحکومی بەڕێوەبەرێکی هەمیشەیی (میلاك) هەبێت.

**دووەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی کە ژمارەی قوتابییەکانی/خوێندکارەکانی لە (١٥٠) سەد و پەنجا تێپەڕ بوو، یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەری هەمیشەیی (میلاك) هەبێت بۆ هەر (١٥٠) سەد و پەنجا قوتابی و خوێندکارێك. داوا لە هیچ دامەزراوەیەك ناکرێت لە (٤) چوار یاریدەدەری بەڕێوەبەری زیاتری هەبێت.

**سێیەم:** پێویستە هەموو باخچەیەکی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی ژمارەیەك مامۆستای هەبێت کە لەگەڵ ژمارەی قوتابی و خوێندکارەکانی بگونجێت.

**چوارەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی هەبێت، بۆ هەر (١٥٠) سەد و پەنجا قوتابی و خوێندکارێك.

**پێنجەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی کە لە (١٥٠) سەد و پەنجا قوتابی و خوێندکاری زیاتر هەبێت، فەرمانبەرێکی تەندروستیی دابمەزرێنێت. ئەگەر ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران لە (١٥٠) سەد و پەنجا کەمتر بوو دەبێت قوتابخانە/خوێندنگە/ پەیمانگە بە شێوەیەکەی دیکە خزمەتگوزاری تەندروستی دابین بکات.

**شەشەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی کە لە (١٥٠) سەد و پەنجا قوتابی و خوێندکاری زیاتر هەبێت، ڕاستگرێکی کتێبخانەی هەبێت.

**حەوتەم:** هەموو باخچەیەکی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی، ژمارەیەك فەرمانبەری کارگێڕی و خزمەتگوزاری دەبێت، بە گوێرەی پێداویستی دامەزراوەکە و بەو ناونیشانانەی کە دامەزراوەکە بڕیاری لەسەر دەدات.

**هەشتەم:** دامەزراندنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی دیکەی باخچەکانی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەکان بە گوێرەی مەرجە خواستراوەکانی هەر پیشەیەك دەبێت و، بە گوێرەی ڕێکاری دامەزراوەکە و گرێبەست لەنێوان کارمەند و دامەزراوەکە دەبێت.

**نۆیەم:** پێویستە هەموو کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، بەڕێوەبەرێکی خاوەن بڕوانامەی زانکۆی هەبێت. جگە لەوە بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن لە کۆمەڵگەکە یاریدەدەرێکی بەڕێوبەر دەبێت بۆ کاروباری قوتابییان و یەك یاریدەدەریش بۆ کاروباری کارگێڕی.

**دەیەم:** مامۆستای هەمیشەیی و کارمەندی هەمیشەیی لەدامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان بریتین لە:

١- گشت ئەوانەی لە دامەزراوەکە دامەزراون بێ ئەوەی موچەخۆری کەرتی گشتی بن.

٢- گشت ئەوانەی لە دامەزراوەکە دامەزراون بێ ئەوەی تەمەنیان لە (٦٣) شەست و سێ ساڵ زیاتر بێت.

٣- گشت ئەوانەی لە دامەزراوەکە دامەزراون بێ ئەوەی گرێبەستی هەمیشەییان لە هیچ شوێنێکی تر هەبێت.

**ماددەی (٢٩):**

**یەکەم:** دەبێت ڕێژەی ئەندامە هەمیشەییەکانی دەستەی مامۆستایان لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان، لە (٨٠٪) هەشتا لە سەدی کۆی گشتی کارمەندە وانەبێژەکان کەمتر نەبێت.

**دووەم:** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان، مافیان هەیە تا (٢٠٪) بیست لە سەدی دەستەی مامۆستایانیان، مامۆستای وانەبێژ بێت.

**سێیەم:** تەنها پاش تەواوبوونی دەوامی فەرمی قوتابخانە و پەیمانگە حکومیەکە و پاش ئاگادارکردنەوەی شوێنی کارەکەی و بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەرکەکانی لە دامەزراوە حکومیەکە هەبێت، مامۆستایان و فەرمانبەرانی تری حکومی مافیان هەیە لە قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان وەك وانەبێژ کار بکەن، ئەوەش بەپێی ماددەی (٦) لە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١) .

**چوارەم:** نابێت کەسێك لە دوو دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی بەڕێوەبەر بێت.

**پێنجەم:** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان، نابێت مامۆستایەك کە بەهۆی نەخۆشی و نەتوانینی کارکردن خانەنشین کراوە، دابمەزرێنن یاخود بەکاری بێنن وەك وانەبێژ.

**ماددەی (٣٠):مافی مامۆستایان و فەرمانبەرانی تری دامەزراوەکە:-**

**یەکەم:** خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی، بەرپرسە لە پاراستنی ماف و ئیمتیازاتە ماددی و مەعنەوییەکانی کارمەندەکان لە ماوەی خزمەتکردنیان لە دامەزراوەکەدا.

**دووەم:** پێویستە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان، ئەو تۆمارانە بگرنە دەست کە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەرکار بە مەرجی داناون بۆ جێگیرکردنی مافی کارمەندەکانی لە مامۆستا و فەرمانبەرو کارگوزارەکان.

**سێیەم:**کارمەندانی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی،مافی (٢٠)بیست ڕۆژ پشوویان بەتەواوی مووچەوە لە ساڵێکدا هەیە،ئەویش لە کاتی هاویندا، و دەبێت لە گرێبەستی دامەزراندنیش ئەو مافە هاتبێت، هەروەها مافی (٧)حەوت ڕۆژ پشوویان لەکاتی دەوامی یەك ساڵی خویندنداهەیە.

**چوارەم:** مامۆستایانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان ، مافی بەشداریکردنیان لە خولی بەهێزکردنی تواناکان و فێربوونی بەردەوام هەیە، کە لە ساڵێکدا نابێت لە (٣٠) سی کاژێر کەمتر بێت لەسەر خەرجی دامەزراوەکە.

**پێنجەم:** نابێت کاژێرەکانی کارکردنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی دامەزراوەکە لە (٨) هەشت کاژێر لە ڕۆژێکدا و، لە (٤٠) چل کاژێر لە حەفتەیەکدا زیاتر بێت. ژمارەی بەشەوانەکانی کادیرانی وانەوتنەوەش بە گوێرەی ئەو گرێبەستە دەبێت، کە لەنێوان دامەزراوەکە و کادیرەکە بەستراوە، بە ڕەچاوکردنی کاژێرەکانی کار لە هەفتەیەکدا کە لەم خاڵەدا باس کراوە. لە حاڵەتی کارکردنی زیاتریش، پێویستە دامەزراوەکە مافی هەر کاژێرێکی کارکردنی زیادە بە مامۆستا و فەرمانبەرە پەیوەندیدارەکە بدات.

**شەشەم:** کەمترین بڕی مووچەی مانگانەی مامۆستای هەمیشەیی نابێت کەمتر بێت لە کەمترین مووچەی بنەڕەتی مامۆستایانی کەرتی گشتی بەگوێرەی بڕوانامە و ساڵی خزمەت.

**حەوتەم:** لە پشووی هاویندا، مووچەی مامۆستای هەمیشەیی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان نابێت ببڕدرێت و دەکرێت دامەزراوەکە لە هاویندا سوود لە مامۆستایان وەربگرێت بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی و خولی بەهێزکردنی قوتابیان و خوێندکاران و کاری تر.

**هەشتەم:** موچەی مامۆستایانی وانەبێژ، واتە ئەوانەی هەمیشەیی نین، بە پێی گرێبەستێکی نێوان دامەزراوەکە و مامۆستا دەبێت.

**نۆیەم:** لە کاتی نەخۆشی مامۆستایان، مافی پشووی نەخوشییان هەیە بە پێی گرێبەستەکانیان.

**دەیەم:** ئەگەر ژمارەی ڕۆژانی نەهاتنی بێ هۆی مامۆستا و کارمەندانی تر لە ساڵێکی خوێندندا لە (٣) سێ ڕۆژ تێپەر بوو، دامەزراوەکە مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی هەیە.

**ماددەی(٣١):** ئەو لایەن و کەسانەی کە خاوەنی مۆڵەتی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومین، بەرپرسی ڕاستەوخۆن لە دامەزراوەکە و بەرجەستەکردنی مافی فەرمانبەرەکانی لەبەردەم هەموو لایەنە فەرمییەکان.

**ماددەی (٣٢): مەرجەکانی دامەزراندنی بەڕێوەبەر:-**

**یەکەم:** بەپێی ماددەی (شازدەیەم)ی یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان ئەم مەرجانە پێویستن:

١- بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و سەلامەتی تەندروستی شیاو بێت بۆ کارکردن لەو پیشەیەدا.

٢- بە بەڵگەنامەی پزیشکی پەسەندکراو لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە بسەلمێنرێت کە لە ڕووی تەندروستییەوە گونجاوە لەم پیشەیەدا کار بکات.

٣- پێویستە لە ڕووی پەروەردەییەوە لێهاتوو بێت و ماوەی خزمەتکردنی لە بواری پەروەردەییدا لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

٤- پێویستە بە تاوانی ئابڕووبەر حوكم نەدرابێت. هەروەها بە سزایەكی پەروەردەیی بەرچاو سزا نەدرابێت.

**دووەم:** ئەگەر خاوەنی دامەزراوە گشت مەرجەكانی خاڵی یەكەمی سەرەوەی تێدا بوو، مافی هەیە ببێت بە بەڕێوەبەری دامەزراوەكە.

**ماددەی (٣٣): مەرجەكانی دامەزراندنی یاریدەدەری بەڕێوەبەر:-**

**یەكەم:** یاریدەدەری بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان، دەبێت بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە بواری پەروەردەدا هەبێت.

**دووەم:** یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە دەبێت بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە بواری پەروەردەدا هەبێت و، ئەزموونیشی لە بواری پەروەردە لە (٣) سێ ساڵ كەمتر نەبێت.

**سێیەم:** دەبێت بە تاوانی بەدڕەوشتی حوكم نەدرابێت.

**ماددەی (٣٤):مەرجەكانی دامەزراندنی مامۆستا:-**

**یەكەم:** پێویستە دەرچووی زانكۆ یان پەیمانگە یان خولی پێگەیاندنی بواری پەروەردە و فێركردن بێت.

**دووەم:** لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەییەوە لێهاتوو بێت.

**ماددەی (٣٥):مەرجەكانی دامەزراندنی ڕێنماییكاری پەروەردەیی:-**

**یەكەم:** دەبێت دەرچووی زانكۆ بێت لە یەكێك لە پسپۆڕییەكانی كۆمەڵناسی یان دەروونناسی.

**دووەم:** دەبێت بە تاوانی بەدڕەوشتی حوكم نەدرا بێت.

**ماددەی (٣٦): ئەركەكانی بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحكومیەكان:-**

**یەكەم:** هەوڵدان بۆ هێنانەئارای كەشێكی پەروەردە و خوێندنی گونجاو كە ببێتە مایەی بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەكانی پەروەردە و فێركاریی.

**دووەم:** بەدواداچوون و دابینكردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێركاری لە دامەزراوەكە بەشێوەیەكی گونجاو.

**سێیەم:** كاركردن بۆ دەستەبەركردنی ژینگەیەكی تەندروست بۆ دامەزراوەكە و سەلامەتیی قوتابیان و خوێندكاران و سەرجەم فەرمانبەران و كارمەندانی دیكە.

**چوارەم:** كاركردن بۆ بەرزكردنی ئاستی زانستیی و كارامەیی و گیانی هاوپشتیوانیی قوتابیان و خوێندكارانی دامەزراوەكە.

**پێنجەم:** دابەشكردنی بەشەوانەكان بەسەر مامۆستایان و دڵنیابوون لە پیادەكردنی پلانی ساڵانەی خوێندنی بابەتەكان.

**شەشەم:** دابەشكردنی ئەركەكان بەسەر ئەندامانی بەشی كارگێڕی و مامۆستایان و فەرمانبەرەكانی دیكە.

**حەوتەم:** دەستپێشخەری بۆ داڕشتنی پلانی ساڵانە و هەڵسەنگاندنی ساڵانە و پلانی ئەنجامدانی تاقیكردنەوەكان و بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونیان.

**هەشتەم**: دیدەنیکردنی مامۆستایان لەناو پۆلەکانی خوێندن.

**نۆیەم**: پشتیوانیکردنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی تر لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان.

**دەیەم**: دابینکردنی دڵنیایی جۆری و کوالیتی خوێندن و دروستیی هەموو ئەو تۆمارانەی کە پێویستە لە دامەزراوەکەدا هەبن.

**یازدەیەم**: بەرپرسی یەکەمی کارگێڕییە.

**دوازدەیەم**: هەر ئەرکێکی تر کە پێ ڕادەسپێردرێت لە لایەن خاوەن دامەزراوەکەوە.

**ماددەی (٣٧): ئەرکەکانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر:-**

**یەکەم**: ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری کارگێڕی، یارمەتیدانی بەڕێوەبەرە لە ئەرکە کارگێڕییەکان.

**دووەم**: ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری قوتابیان وخوێندکاران، یارمەتیدانی بەڕێوەبەرە لە کاروباری قوتابیان و خوێندکاران و یارمەتیدان و ڕێنماییکردنی قوتابیان و خوێندکارانە لەو پرسانەی کە پەیوەستن بەخوێندن لە گشت قۆناغەکانی خوێندن و هاندانیان لە بەردەوامبوون لە خوێندن.

**سێیەم**: هەر ئەرکێکی دیکە کە لەلایەن بەڕێوەبەر پێی دەسپێردرێت یاخود لەلایەن وەزارەتەوە، بە ڕێنمایی دەردەکرێت.

**ماددەی (٣٨): ئەرکەکانی مامۆستا:-**

**یەکەم**: پێشکەشکردنی ئەوەی لە توانایدایە بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی قوتابی و خوێندکار بە چاکترین شێوە.

**دووەم**: بەشداریکردن لە بنیاتنانی بەهاکان لای قوتابیان و خوێندکاران.

**سێیەم**: گەشەپێدان و هاندانی گیانی داهێنان و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی دەقەکان.

**چوارەم**: پشتیوانیکردنی قوتابی و خوێندکار لە بنیاتنانی کەسایەتی و متمانەبوون بە خۆی.

**پێنجەم**: گونجاندنی خوێندن بەپێی تواناکانی هەر قوتابی و خوێندکارێك.

**شەشەم**: داڕشتنی پلانی ساڵانەی خوێندنی ئەو بابەتانەی کە مامۆستا دەیانڵێتەوە و دابەشکردنی بەسەر قوتابیان و خوێندکاراندا.

**حەفتەم**: ڕاهێنانی قوتابیان و خوێندکاران و ئامادەکردنیان بۆ تاقیکردنەوەکان.

**هەشتەم**: دانانی پرسیاری تاقیکردنەوە و بەشداریکردن لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و ڕاستکردنەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان و دانانی نمرەکان.

**نۆیەم**: هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی زانیاری و ئەدای خۆی لە ڕێگەی بەشداریکردن لە خولە پەوروەردەیی و زانستییە جۆراوجۆرەکان و بەدواداچوونی بۆ بەرەوپێشچوونە هاوچەرخەکان لە بوارەکەی.

**دەیەم**: هاوکـاریکردنی کـارگێڕیی دامەزراوەکە بـۆ بەدیهێنـانی ژینگەیەکـی پەروەردەیـی و زانسـتی گونجاو و بەشداریکردنی لە چالاکییەکان.

**یـازدەیەم**: پێدانی ئەو زانیارییانەی کە کەسوکاری قوتابیـان و خوێنـدکاران داوای دەکەن سـەبارەت بە قوتابی و خوێندکارانیان و بەرەوپێشچوونی خوێندنیان.

**دوازدەیەم**: سەلامەتیی قوتابی و خوێندکار لە کاتی وانەوتنەوە و لەو کاتەی لەژێر سەرپەرشتی مامۆستان.

**سـێزدەیەم**: لە کــاتی پێویســت پێشکەشــکردنی پێشــنیار بە کــارگێڕیی دامەزراوەکە ســەبارەت بە چۆنیەتیی بەرەوپێشبردنی باشتری دامەزراوەکە و دابینکردنی سەلامەتی باشتر.

**چواردەیەم**: بەشداریکردن لە فێرکردنی بەردەوام و فێرکردنی کەسانی دیکە.

**پازدەیەم**: هەر ئەرکێکی دیکە کە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە یـاخود یاسـاو و ڕێنمـایی پێـی دەسـپێردرێت.

**ماددەی (٣٩): ئەرکەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی:-**

ئەرکــی ســەرەکیی ڕێنماییکــاری پەروەردەیــی، بەدواداچــوونە ســەبارەت بە پرســی قوتابیــان و خوێنــدکاران و پشــتگیریکردنیان بــۆ چارەســەرکردنی گــرفتە دەروونــی و کۆمەڵایەتییەکانیــان لە چوارچێوەی دامەزراوەکە.

**ماددەی (٤٠): گرێبەستی نێوان دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی و مامۆستایان و فەرمانبەرەکانی:-**

**یەکەم**: پێویستە گرێبەست لە نێوان دامەزراوەکە و هەر کارمەندێکی دامەزراوەکە هەبێت.

**دووەم**: دەبێت گرێبەستەکە ماوەی کارکردن و بڕی موچە و کات و شێوازی پشـووەکان و ومافەکـانی تری کارمەندانی تێدا هاتبێت.

**سێیەم**: دەبێت هەردوو لایەن پابەند بن بە گرێبەستەکەوە.

**چوارەم**: ئەگەر مامۆستا یاخود کارمەندێکی دیکەی دامەزراوەکە ویستی دامەزراوەکە بە جێ بهێڵێت و گرێبەستەکە هەڵوەشـێنێتەوە، دەبێـت پـێش (٣) سـێ مانـگ بە نوسـراوێك دامەزراوەکە ئاگـادار بکاتەوە، و بەمەرجێك دەستلەکار هەڵگرتنەکەی دوای کۆتایی هەر وەرزێکی خوێندن بێت. ئەگەر نا دامەزراوەکە مافی بەرزکردنەوەی سکاڵای یاسای هەیە.

**پێـنجەم**: پێویسـتە دامەزراوەکە وێنەیەکـی ڕەســەنی گرێبەسـتی تەواوی مامۆسـتایان و فەرمـانبەران بپارێزێت.

**شەشەم**: پێویستە دامەزراوەکان لە مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن، ناوی ئەنـدامانی بەڕێـوەبەرایەتی و کارمەنـدانی وانەوتـنەوەی دامەزراوکە بـۆ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پەروەردەی پارێزگـا، وەك ئاگاداری بنێرن.

**حەوتەم**: ئەگەر مامۆستایەك یاخود کارمەندێك کەم و کـوڕی هەبـوو، لە لایەن دامەزراوەکەوە ئاگـادار دەکــرێتەوە. ئەگەر کەم و کــورییەکە بەردەوام بــوو دامەزراوەکە مــافی هەڵوەشــاندنەوەی گرێبەستەکەی هەیە، و دەبێت کارمەندەکە لەوە ئاگادار بکرێتەوە.

**هەشتەم:**
١- خاوەنی دامەزراوە واژوو لەسەر گرێبەستی دامەزراندن و دەست لەکارکێشانەوە و کۆتایی هێنان بەکاری بەڕێوەبەر و کارمەندی ژمێریاری دامەزراوەکە دەکات.
**٢-** خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاریی ناحکوومی مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بەڕێوەبەر و کارمەندی ژمێریاری نییە بەبێ باسکردنی هۆیەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوەیە بۆیان.
**نۆیەم:**
١- بەڕێوەبەری دامەزراوەکە واژوو لەسەر گرێبەستی دامەزراندن و دەست لەکارکێشانەوە و کۆتایی هێنان بە کاری مامۆستا و کارمەندانی دیکە و خزمەتگوزارەکان دەکات.
٢- بەڕێوەبەری دامەزراوەکە، مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی نییە، بەبێ باسکردنی هۆیەکانی ئەو دەرکردنە بۆیان.
**ماددەی (٤١): ئەنجومەنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی.**
لە هەر قوتابخانە و خوێندنگە وپەیمانگەیەك، ئەنجومەنێک پێك دەهێنرێت و بە ئەندامیەتی هەر یەك لە:
**یەکەم:** خاوەن دامەزراوەکە یان نوێنەرێکی، کە سەرۆکی ئەنجومەنەکە دەبێت.
**دووەم:** بەڕێوەبەری دامەزراوەکە.
**سێیەم:** دوو نوێنەر لە دەستەی مامۆستایان.
**چوارەم:** ڕێنماییکاری پەروەردەیی.
**ماددەی (٤٢): ئەرك و شێوەی کاری ئەنجومەنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی.**
**یەکەم:** بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاریی لە دامەزراوەکە و هەڵسەنگاندنی وەرزانە بۆیان.
**دووەم:** بەدواداچوون بۆ وردەکارییەکانی پلانی ساڵانەی دامەزراوەکە.
**سێیەم:** تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی ئەو دۆزە گرنگانەی پەیوەست بە دامەزراوەکەن، کە بەڕێوەبەر داوا لە ئەنجومەن دەکات کە لەو بوارەدا یارمەتی بدەن.

## بەشی شەشەم
## پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستەمی وەرگرتن و تاقیکردنەوەکان و بڕوانامەکان و گواستنەوەی قوتابیان وساڵنامە و کاتەکانی خوێندن

**ماددەی (٤٣): پرۆگرامەکانی خوێندن:-**
**یەکەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، دەبێت پابەند بێت بە یەك لەم سێ جۆرە پرۆگرامانەی خوێندن:
**١-** پرۆگرامی خوێندنی وەزارەت بۆ دامەزراوە پەروەردەییە خۆماڵییەکان.
**٢-** پرۆگرامی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی نێودەوڵەتی دانپێدانراو کە لەلایەن بنکەی سەرەکی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە پەسەند کراوە.

**٣-** پرۆگرامی خوێندنی وڵاتێکی دیکە بۆ دامەزراوە پەروەردەییە بیانییەکان.

**دووەم:** دەبێت پرۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئایینی ونەتەوەیی گەلی کوردستان بگونجێن.

**ماددەی (٤٤):** پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی پابەند بێت بەو پرۆگرام و پەڕتووکانەی فێرکردن کە پێشتر پێشکەش بە وەزارەت کراوە و مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە. لە کاتی هەموارکردنەوە یان گۆڕینی پەڕتوك، دەبێت پێشتر وەزارەت ڕەزامەندی بدات.

**ماددەی (٤٥): بابەتەکانی خوێندن:-**

**یەکەم:** بابەتەکانی خوێندن لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان ، بەپێی ئەو پرۆگرامەی خوێندن دەبێت کە پێشتر پێشکەش بە وەزارەت کراوە و ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە.

**دووەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، دوای ڕەزامەندی وەزارەت، مافی زیادکردنی کات و بابەتی خوێندنی هەیە بۆ پرۆگرامەکانی حکومی وەك وانەیەکی زێدەکی، بەو مەرجەی کاریگەری لەسەر ژمارەی وانەکانی بابەتە سەرەکییەکانی خوێندن نەبێت و، لەگەڵ بنەما گشتییەکان ناکۆك نەبێت.

**ماددەی (٤٦): زمانی خوێندن:-**

**یەکەم:** دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی مافی هەیە بەو زمانەی خۆی دەیەوێت خوێندن بەڕێوە بات، بە مەرجێك خوێندنی زمانی کوردی تێدا بێت و مۆڵەتی پێشوەختە لەوەزارەت وەرگیرابێت.

**دووەم:** ڕەوەندی بیانی و پەناهەندەکان مافی خۆیانە بەزمانی خۆیان بخوێنن لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان، بە مەرجێك خۆیان کرێی ساڵانەی خوێندن بدەن، و بە مەرجێك بابەتی زمانی کوردی تێدا بخوێنرێت و ، بەپێی پرۆگرامی وەزارەت بێت.

**ماددەی (٤٧) : سیستەمی وەرگرتن:-**

**یەکەم:** وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە ناحکومیەکان، بەپێی ماددەی (بیست و یەکەم) لە یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان، بەدەر دەبێت لە مەرجی تەمەن و تێکڕای متمانەپێکراو لە سیستەمی وەرگرتن لە قوتابخانە حکومیەکاندا. واتە قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە ناحکومیەکان دەتوانن قوتابیان و خوێندکارانێك وەربگرن کە لە قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەی حکومی لە بەر گەورەیی تەمەن وەرناگیرێن. بۆ وەرگرتن لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی پێویستە منداڵ پێش کۆتاییهاتنی ساڵ، تەمەنی ببێتە (٦) شەش ساڵ.

**دووەم:** وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران لە باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان، بە گوێرەی بەندی یەکەمی ئەم ماددەیە و مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار دەبێت، کە پێشتر لە لایەن دامەزراوەکە لە کاتی داواکردنی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت کراوە و ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەم بەندانەی خوارەوەی ئەم ماددەیە.

**سێیەم**: جیاوازی تەمەن لە نێوان گەورەترین و بچوکترین قوتابی و خوێندکار لە پۆلێکدا نابێـت لە (٥) پێنج ساڵ زیاتر بێت.

**چوارەم**: نابێـت دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحکومیەکـان ڕێـگە لە وەرگرتنـی قوتابیـان و خوێنـدکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بگرن، و نابێت ڕێگە لە وەرگرتنی قوتابیـان و خوێنـدکاران لەسـەر بنەمای نەژاد و ئایین بگیرێت.

**پێنجەم**: لەسەر هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکانە، (٥) پێنج کورسی بە خۆڕایی بـۆ منـداڵانی شـــەهیدان و هاوســـەرەکانیان تەرخـــان بـــکەن، بەو مەرجەی ئەو ژمـــارە داواکـــارییە هەبێـــت ، بۆدابینکردنی دادپەروەری لە نێوان دامەزراوەکـان، وەزارەت مـافی هەیە ڕێـژەی سـەدی بەکـار بێنێت، بێ ئەوەی کۆی گشتی کورسییەکان بگۆڕدرێت.

**شەشەم:** دوا کاتی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار لە قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمـانگە ناحکومیەکـان، پـــاش (٣٠) ســـی ڕۆژ دەبێـــت لە دەســـتپێکی ســـاڵی خوێنـــدنەوە. بە پێچەوانەشـــەوە دەبێـــت ڕەزامەندی وەزارەت وەرگیرێت. وەرگرتنی منداڵان لە باخچە وابەست نییە بە هیچ ڕێکەوتێـك و لەو مەرجە بەدەرە.

**حەوتەم:** پێویســـتە دامەزراوە ناحکومیەکـــان ســـاڵانە و پـــێش ڕۆژی (١٠/٣١) لیســـتێك بە نـــاو و تەمەن و پۆلەکانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدار بنێرن، بۆ ئاگاداری.

**هەشـتەم:** بەڵگەنامەکـــانی پێویســـت بـــۆ وەرگرتنـــی قوتـــابی و خوێنـــدکار لە دامەزراوە پەروەردەیـــیە ناحکومیەکـــــان، هەمـــــان ئەو بەڵگەنامـــــانەن کە لە دامەزراوە حکومیەکـــــان داوا دەکـــــرێن، بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دەرەوەی هەرێـم دێـن (یان ناسنامەیان سەر بە هەرێم نییە):

١- ناسنامە یاخود بەڵگەنامەی نیشتەجێبوون یان کۆپی پاسپۆرت.

٢- بڕوانامەی خوێندن لە دەرەوەی هەرێم کە لە لایەن وەزارەتەوە بەرابەر کرابێت، بۆ قوتابیانی پۆلی (٤) چوار و سەروتر. بۆ پۆلەکانی یەکەم تا سێیەمی بنەڕەتـی پێویسـتی بە بەرانبەرکـردن نابێـت، تەنها بەڵگەنامەی قوتابخانەکەی دەرەوەی وڵات پێویستە.

**ماددەی (٤٨) :تاقیکردنەوە و نمرەکان:-**

**یەکەم**: کـات و شـێوەی بەڕێوەچـوونی تاقیکردنەوەکـان و دانـانی نمـرە لە دامەزراوە پەروەردەیـیە حکوومییەکـان، بەسـەر هەمـوو ئەو دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحکومیـانەدا پیـادە دەکرێـت کە پرۆگرامی حکوومی بەکار دەهێنن.

**دووەم**: پێویسـتە لەسـەر هەر دامەزراوەیەکـی پەروەردەیـی نـاحکومی نێـودەوڵەتی و بیـانی، کـات و شـێوەی تـاقیکردنەوە و نمرەدانـانی تـایبەت بەخـۆی هەبێـت. نمـرە و بەڵگەکـانی قوتابیـان و خوێنـــدکاران لە لایەن وەزارەتەوە بەرابەر دەکرێـــت، بـــۆ ئەوەی خوێنـــدکارانی دامەزراوە ناحکومیەکانیش بتوانن لە خوێندنی باڵا وەربگیرێن.

**سێیەم:** لەدوای وردبینیکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ، پێویستە لیژنەی تاقیکردنەوەکانی دامەزراوەکە (٣) سێ کۆپی لە بۆردی نمرەکانی هەر یەك لە خولی یەکەم و دووەم و نمرەی کۆتایی ساڵی خوێندن بۆ یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پەیوەندیدار و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا و ئەرشیفی قوتابخانە و خوێندگە بنێرێت.

**ماددەی (٤٩) : بڕوانامەکان لە قوتابخانە و خوێندگە ناحکومیە خۆماڵییەکان:-**

**یەکەم:** قوتابخانە و خوێندگە ناحکومیە خۆماڵییەکان دەکەونە ژێر هەمان مەرج و ڕێکاری پێدانی بڕوانامەکان، کە لە قوتابخانە و خوێندگە حکوومییەکاندا پەیڕەو دەکرێت.

**دووەم:** ئەنجامی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەکانی قوتابخانە و خوێندگە خۆماڵییەکان هاوتای ئەنجامی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەکانی قوتابخانە حکوومییەکانە، لە هەر قۆناغێکدا.

**سێیەم:** قوتابخانە و خوێندگە ناحکومیە خۆماڵییەکان هەمان کلێشەی بڕوانامە فەرمییەکانی وەزارەت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە و گواستنەوە بەکار دێنن.

**ماددەی (٥٠): بڕوانامەکان لە قوتابخانە و خوێندگە ناحکومیە نێودەوڵەتییەکان:-**

**یەکەم:** قوتابخانە و خوێندگە ناحکومیە نێودەوڵەتییەکان دەکەونە ژێر هەمان مەرج و ڕێکاری تایبەت بە بڕوانامەکان، کە لە کاتی داواکردنی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت کراوە و ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە، و بڕوانامەکانیان هەمان بڕوانامەیە کە دەزگا نێودەوڵەتییەکە بڕوای پێ کردووە.

**دووەم:** قوتابخانە و خوێندگە ناحکومیە نێودەوڵەتییەکان بەشداری تاقیکردنەوە جیهانییەکان وەك: (SAT 1، SAT 2)، (IGCSE، AS_LEVEL، ALEVEL)، (DPIB).

**سێیەم:** بڕوانامەکانی دەرچوونی پۆلی یەکەم تا پۆلی یازدەیەمی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، دەکرێت دوای بەرانبەرکردنی بڕوانامەکانیان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان، بەرانبەر بکرێن لەگەڵ بڕوانامەکانی قوتابخانە و خوێندگە حکومیەکان.

**چوارەم:** بڕوانامەکانی دەرچووانی پۆلی دوزادەیەمی خوێندگە نێودەوڵەتییەکان، دوای دەرچوونیان بەسەرکەوتوویی لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکان کە لە بڕگەی (دووم)ی سەرەوە هاتووە، دەکرێت بەرانبەر بکرێن لە لایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان. پاش ئەوە خوێندکارەکان دەتوانن بۆ وەرگرتن لە زانکۆکانی هەرێم داوا پێشکەش بکەن.

**ماددەی (٥١): بڕوانامەکان لە قوتابخانە و خوێندگە بیانییەکان:-**

**یەکەم:** بڕوانامەی قوتابخانە و خوێندگەی بیانی هەمان بڕوانامەی ئەو وڵاتانە دەبێت کە دامەزراوەکە پەیڕەوی خوێندنەکەی پیادە دەکات.

**دووەم:** بڕوانامەکانی دەرچووانی پۆلی یەکەم تا پۆلی یازدەیەمی قوتابخانە و خوێندنگە بیانییەکان، دەکرێت دوای بەرانبەرکردنی بڕوانامەکانیان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان، بەرانبەر بکرێن لەگەڵ بڕوانامەکانی قوتابخانە و خوێندنگە حکومیەکان.

**سێیەم:** بڕوانامەکانی دەرچووانی پۆلی دوزادەیەمی خوێندنگە بیانییەکان، دوای دەرچوونیان بەسەرکەوتوویی لە تاقیکردنەوەکان بەپێی سیستەمی خوێندگەکەیان ، دەکرێت بەرانبەر بکرێن لە لایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان. پاش ئەوە خوێندکارەکان دەتوانن بۆ وەرگرتن لە زانکۆکانی هەرێم داوا پێشکەش بکەن.

**ماددەی (٥٢): بڕوانامەکان لە پەیمانگە ناحکومیەکان:-**

**یەکەم:** بڕوانامەی خوێندکارانی پۆلی یەکەم تا پۆلی پێنجەمی پەیمانگە ناحکومیە خۆماڵییەکان، هاوتایە لەگەڵ بڕوانامەی پۆلی یەکەم تا پۆلی پێنجەمی پەیمانگە حکومییەکان، پاش بەرابەرکردنی بڕوانامەکانیان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان.

**دووەم:** بڕوانامەی خوێندکارانی پۆلی یەکەم تا پۆلی پێنجەمی پەیمانگە ناحکومیە نێودەوڵەتییەکان، بەپێی بڕوانامەی دەزگا نێودەوڵەتییەکە دەبێت.

**ماددەی (٥٣):** وەزارەت تاکە لایەنە بۆ پەسەندکردن و بەرابەرکردن و ڕاستاندنی بەڵگەنامەکانی دەرچوون

**ماددەی (٥٤):**

**ساڵنامەی خوێندن و وەرزەکانی خوێندن و کاتەکانی خوێندن لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان:-**

**یەکەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی، مافی ساڵنامەی خوێندنی تایبەت بە خۆی هەیە، بە مەرجێك لە ساڵنامەی خوێندنی دامەزراوە پەروەردەییە حکومیەکان کەمتر نەبێت و، ساڵنامەکە لەگەڵ کاتی تاقیکردنەوەکانی دامەزراوە پەروەردەییە حکوومییەکان ناکۆك نەبێت، و دەبێت ساڵنامەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی (٨) هەشت ئاشکرا بکرێت.

**دووەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی، مافی ساڵنامەی خوێندنی تایبەت بە دەزگا نێودەوڵەتی خۆی یان وەڵاتە بیانییەکە هەیە، بە مەرجێك کەمتر نەبێت لە ساڵنامەی خوێندنی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاریی حکوومی، و دەبێت ساڵنامەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی (٨) هەشت ئاشکرا بکرێت.

**سێیەم:** هەر ساڵێکی خوێندن، لە وەرزەکانی خوێندنی یەکەم و دووەم پێك دێت و، وەرزی یەکەم لە پێش کۆتاییهاتنی مانگی (٩) نۆ و وەرزی دووەمیش بەر لە کۆتاییهاتنی مانگی (١) یەك دەست پێ دەکات.

**چوارەم:** هەر ساڵێکی خوێندن دەبێت لە (١٧٠) سەد و حەفتا ڕۆژی خوێندن کەمتر نەبێت و، هیچ حەفتەیەك لە (٥) پێنج ڕۆژی خوێندن کەمتر نەبێت، وهەر ڕۆژێکی خوێندنیش لە (٥) پێنج کاژێری (٦٠) شەست خولەکی کەمتر نەبێت.

**پێــنجەم**: هەمــوو قوتابیــان و خوێنــدکارانی دامەزراوە پەروەردەیــیە ناحکومیەکــان، مــافی ئەم پشووانەیان هەیە:

١- پشووی سەری ساڵ، کە نابێت لە رۆژی (٣٠) سی کـانونی یەکەم تـا ڕۆژی (٢) دووی کـانونی دووەم کەمتر بێت.

٢- پشووی نیوەی ساڵ، بە گوێرەی ساڵنامەی دامەزراوەکەیە.

٣- پشووی بەهارە، کە نابێت لە ڕۆژی (١٩) نۆزدەی ئـازار تـا ڕۆژی (٢٤) بیسـت و چـواری ئـازار کەمتـر بێت.

٤- پشووی هاوینە، کە نابێت لە (٢) دوو مانگ کەمتر بێت.

٥- ئەو پشووانەی کە دامەزراوەکە بۆ خۆی دیارییان دەکات.

٦- ئەو پشـووانەی کە وەزارەت یـاخود ئەنجـومەنی وەزیـران لە بەر بـارودۆخی نائاسـایی بڕیاریـان لەسەر دەدات.

**مـاددەی (٥٥): ڕێکارەکـانی گواسـتنەوەی قوتابیـان و خوێنـدکاران لە دامەزراوەی پەروەردەیـی حکومی بۆ ناحکومی:-**

**یەکەم:** قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی مافی گواستنەوەی لە قوتابخانە و خوێندنگەیەکی حکومی بۆ قوتابخـانە و خوێنـدنگەیەکی نـاحکومی خۆمـاڵی هەیە، بەمەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانانی هیچ مەرجێـك لە لایەن خوێندنگە ناحکومیەکە جگە لە مەرجی بـوونی جێگـا و مەرجـی زانینـی زمـان. جـگە لەوە قوتـابی و خوێنـدکار لە بـارودۆخی تایبەتـدا کە وەزارەت پێشـوەخت دیـاریی کـردوون، مـافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

**دووەم:** قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی یازدەیەمی ئامـادەیی مـافی گواسـتنەوەی لەقوتابخانە وخوێندنگەیەکی حکومی بۆ قوتابخانە و خوێندنگەیەکی نـاحکومی نێـودەوڵەتی و بیانی هەیە،بەمەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، وبـێ دانـانی هـیچ مەرجێك لەلایەن خوێندنگە ناحکومیەکە جگە لەمەرجی بوونی جێگا و مەرجـی زانینـی زمـان و بەمەرجێك لەگەڵ سیستەمی قوتابخانە و خوێندنگە نـاحکومیە نێـودەوڵەتییەکە یـان بیـانییەکە بگونجێـت.جگە لەوە قوتـابی و خوێنـدکار لە بـارودۆخی تایبەتـدا کەوەزارەت پێشـوەخت دیـاریی کردوون،مافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت

**سـێیەم:** خوێنـدکاری پـۆلی دوازدەیەمـی ئامـادەیی دەتوانیـت لە خوێنـدنگەیەکی حکـومی بـۆ خوێندنگەیەکی ناحکومی خۆماڵی بگوازێتەوە، بە مەرجێـك وەزارەت ڕازی بێـت و بە مەرجێـك پێش کۆتاییهـاتنی مـانگی یەکەمـی سـاڵی خوێنـدن بێـت، و بـێ دانـانی هـیچ مەرجێـك لە لایەن خوێندنگە ناحکومیە خۆماڵییەکە جگە لە مەرجی بوونی جێگا و مەرجی زانینی زمان.

**چوارەم:** خوێنـدکاری پـۆلی دوازدەیەمـی ئامـادەیی دەتوانیـت لە خوێنـدنگەیەکی حکـومی بـۆ خوێندنگەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی بگوازێتەوە، بە مەرجێـك وەزارەت ڕازی بێـت و بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانانی هـیچ مەرجێـك لە لایەن خوێنـدنگە نـاحکومیە نێـودەوڵەتییەکە/بیـانییەکە جـگە لە مەرجـی بـوونی جێگـا و مەرجـی زانینـی زمـان و بە مەرجێـك لەگەڵ سیسـتەمی قوتابخـانە و خوێنـدنگە نـاحکومیە نێودەوڵەتییەکە یان بیانییەکە بگونجێت.

**پێنجەم:** خوێندکاری پۆلی یەکەمی پەیمانگە تا پۆلی پێنجەمی پەیمانگە، دەتوانیت لە پەیمانگەیەکی حکومی بۆ پەیمانگەیەکی ناحکومی بگوێزێتەوە بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانانی هیچ مەرجێك لە لایەن پەیمانگە ناحکومیەکە جگە لە مەرجی بوونی جێگا و مەرجـی زانینـی زمـان و مەرجـی پسـپۆری. جـگە لەوە خوێنـدکار لە بـارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشـوەخت دیـاریی کـردوون، مـافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەنـدە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

**ماددەی (٥٦):**

**ڕێکارەکـانی گواسـتنەوەی قوتابیـان و خوێنـدکاران لە دامەزراوەی پەروەردەیـی نـاحکومی بـۆ حکومی.**

**یەکەم:** ڕێکارەکـانی گواسـتنەوەی قوتابیـان و خوێنـدکاران لە دامەزراوەی پەروەردەیـی نـاحکومی خۆماڵی بۆ دامەزراوەیەکی حکومی:

١- قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا خوێنـدکاری پـۆلی یـازدەیەمی ئامـادەیی مـافی گواسـتنەوەی لە قوتابخانە و خوێندنگەیەکی ناحکومی خۆماڵی بۆ قوتابخانە و خوێنـدنگەیەکی حکـومی هەیە، بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی سـاڵی خوێنـدن بێـت، و بـێ دانـانی هـیچ مەرجێـك لە لایەن قوتابخـانە و خوێنـدنگە حکـومییەکە جـگە لە مەرجـی جێگـا و مەرجەکـانی قوتابخـانە و خوێنـدنگە تایبەتمەنـدەکان. جـگە لەوە قوتـابی و خوێنـدکار لە بـارودۆخی تایبەتـدا کە وەزارەت پێشوەخت دیاریی کردوون، مافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسـەر سـاڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

٢- خوێنـدکاری پـۆلی دوازدەیەمـی ئامـادەیی دەتوانیـت لە خوێنـدنگەیەکی نـاحکومی خۆمـاڵی بـۆ خوێنـدنگەیەکی حکـومی بگـوازێتەوە، بە مەرجێـك پـێش کۆتاییهـاتنی مـانگی یەکەمـی سـاڵی خوێندن بێت، و بێ دانانی هیچ مەرجێك لە لایەن خوێندنگە حکومیەکە جـگە لە مەرجـی جێگـا و مەرجەکانی خوێندنگە تایبەتمەندەکان.

٣- خوێندکاری پـۆلی یەکەمـی پەیمـانگە تـا پـۆلی پێـنجەم، دەتوانیـت لە پەیمـانگەیەکی نـاحکومی خۆماڵی بۆ پەیمانگەیکی حکومی بگوێزێتەوە بە مەرجێك وەزارەت ڕازی بێت و بەپێی سیستەمی وەرگرتنی وەزارەت بێت و بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی سـاڵی خوێنـدن بێـت، و بێ دانانی هـیچ مەرجێـك لە لایەن پەیمـانگە حکـومیەکە جـگە لە مەرجی بـونی جێگـا و مەرجـی زانینــی زمــان و مەرجــی پســپۆری و مەرجــی تەمەن و ســالانی کەوتــن. جــگە لەوە خوێنــدکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەخت دیاری کردوون، مافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

**دووەم**: **ڕێکارەکـانی گواسـتنەوەی قوتابیـان و خوێنـدکاران لە دامەزراوەی پەروەردەیـی نـاحکومی نێودەوڵەتی و بیانی بۆ دامەزراوەیەکی حکومی:**

١- قوتابی پـۆلی یەکەمـی بنەڕەتـی تـا خوێنـدکاری پـۆلی دەیەمـی ئامـادەیی مـافی گواسـتنەوەی لە قوتابخانەیەك و خوێندنگەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی بۆ قوتابخانەیەك و خوێندگەیەکی حکومی هەیە، بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی سـاڵی خوێنـدن بێـت، و بـێ دانـانی هیچ مەرجێك لە لایەن قوتابخانە و خوێندنگە حکومییەکە جـگە لە مەرجی جێگـا و مەرجەکـانی قوتابخــانە و خوێنــدنگە تایبەتمەنــدەکان. جــگە لەوە ئەو قوتــابی و خوێنــدکارانە لە بــارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەخت دیاری کردوون، مافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

٢- خوێنـدکاری پـۆلی یـازدەیەم و دوازدەیەمـی ئامـادەیی دەتوانیـت لە خوێنـدنگەیەکی نـاحکومی نێودەوڵەتی و بیانی بۆ خوێندنگەیەکی حکومی بگوازێتەوە، بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانانی هـیچ مەرجێـك لە لایەن خوێنـدنگە حکـومیەکە جـگە لە مەرجی جێگا و مەرجەکانی خوێندنگە تایبەتمەندەکان. بەڵام لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢/٢٠٢١ ، تەنها لە کاتی گواستنەوەی خانەوادەی خوێندکار بـۆ قەزایەکـی دیـکە مـافی گواسـتنەوەی خوێنـدکاری پۆلی یـازدەیەم و دوازدەیەم بـۆ خوێنـدنگەیەکی حکـومی هەیە، ئەویـش بە مەرجێـك لەو قەزایە خوێندنگەی ناحکومی نێودەوڵەتی یاخود بیانی نەبێـت و بە مەرجێـك پـێش کۆتاییهـاتنی مـانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانـانی هـیچ مەرجێـك لە لایەن ئامـادەییە حکـومیەکە جـگە لە مەرجی جێگا و مەرجەکانی خوێندنگە تایبەتمەندەکان.

٣- خوێنـدکاری پـۆلی یەکەمـی پەیمـانگە تـا پـۆلی پێـنجەم، دەتوانیـت لە پەیمـانگەیەکی نـاحکومی نێـودەوڵەتی و بیــانی بـۆ پەیمــانگەیکی حکـومی بگـوێزێتەوە بە مەرجێـك وەزارەت ڕازی بێـت و بەپێی سیستەمی وەرگرتنی وەزارەت بێت و بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانـانی هـیچ مەرجێـك لە لایەن پەیمـانگە حکـومیەکە جـگە لە مەرجـی بـونی جێگا و مەرجی زانینی زمـان و مەرجـی پسـپۆری و مەرجـی تەمەن و سـالانی کەوتـن. جـگە لەوە خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشـوەخت دیـاریی کـردوون، مـافی گواسـتنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

**ماددەی (٥٧): ڕێکارەکانی گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران لە دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی بۆ ناحکومی.**

**یەکەم**: قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی مافی گواستنەوەی لە قوتابخانەیەك و خوێندنگەیەکی ناحکومی خۆماڵی بۆ قوتابخانە و خوێندنگەیەکی ناحکومی خۆماڵی دیکە هەیە، بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانانی هیچ مەرجێك لە لایەن خوێندنگە ناحکومیەکە نوێکە جگە لە مەرجی بونی جێگا و زانینی زمان. جگە لەوە قوتابی و خوێندکارانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تاکوو یازدەیەمی ئامادەیی لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەخت دیاریی کردوون، مافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

**دووەم**: قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی مافی گواستنەوەی لە قوتابخانەیەك و خوێندنگەیەکی ناحکومی خۆماڵی بۆ قوتابخانە و خوێندنگەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی هەیە، بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانانی هیچ مەرجێك لە لایەن خوێندنگە ناحکومیەکە نێودەوڵەتییە و بیانییەکە جگە لە مەرجی بونی جێگا و زانینی زمان و بە مەرجێك لەگەڵ سیستەمی قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومیە نێودەوڵەتییەکە یان بیانییەکە بگونجێت. جگە لەوە قوتابی و خوێندکارانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تاکوو یازدەیەمی ئامادیی لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەخت دیاریی کردوون، مافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

**سێیەم**: قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی مافی گواستنەوەی لە قوتابخانەیەك و خوێندنگەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی بۆ قوتابخانە و خوێندنگەیەکی ناحکومی خۆماڵی هەیە، بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانانی هیچ مەرجێك لە لایەن خوێندنگە ناحکومیەکە نێودەوڵەتییە و بیانییەکە جگە لە مەرجی بونی جێگا و زانینی زمان. جگە لەوە قوتابی و خوێندکارانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تاکو یازدەیەمی ئامادەیی لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەخت دیاریی کردوون، مافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت. بەڵام لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢/٢٠٢١ ، تەنها لە کاتی گواستنەوەی خانەوادەی خوێندکار بۆ قەزایەکی دیکە مافی گواستنەوەی خوێندکاری پۆلی یازدەیەم و دوازدەیەم بۆ خوێندنگەیەکی ناحکومی خۆماڵی هەیە، ئەویش بە مەرجێك لەو قەزایە ئامادەیی ناحکومی نێودەوڵەتی یاخود بیانی نەبێت و بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانانی هیچ مەرجێك لە لایەن ئامادەییە ناحکومیە خۆماڵییەکە جگە لە مەرجی جێگا و مەرجی زمان.

**چوارەم:** قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی مافی گواستنەوەی لە قوتابخـانەیەك و خوێنـدنگەیەکی نـاحکومی نێـودەوڵەتی و بیـانی بـۆ قوتابخـانە و خوێنـدنگەیەکی نـاحکومی نێـودەوڵەتی و بیـانی دیـکە هەیە، بە مەرجێـك پـێش کۆتاییهـاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانانی هیچ مەرجێك لە لایەن قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومیەکە نێودەوڵەتییە و بیـانییە نـوێکە جـگە لە مەرجـی بـونی جێگـا و زانینـی زمـان و بە مەرجێك لە گەڵ سیستەمی قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومیە نێودەوڵەتییە یان بیانییە نـوێکە بگونجێـت. جـگە لەوە قوتـابی و خوێنـدکارانی پـۆلی یەکەمـی بنەڕەتـی تـاکوو یـازدەیەمی ئامادەیی لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەخت دیاریی کردوون، مافی گواسـتنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

**پێنجەم:** خوێندکاری پۆلی یەکەمی پەیمانگە تا پۆلی پێنجەمی پەیمانگە، دەتوانیت لە پەیمـانگەیەکی ناحکومی بۆ پەیمانگەیەکی ناحکومی دیکە بگوازێتەوە، بە مەرجێك پێش کۆتاییهـاتنی مـانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت، و بێ دانـانی هـیچ مەرجێـك لە لایەن پەیمـانگە نـاحکومیە نـوێکە جـگە لە مەرجـی جێگـا و مەرجـی پسـپۆڕی. جـگە لەوە خوێنـدکار لە بـارودۆخی تایبەتـدا کە وەزارەت پێشوەخت دیاریی کردوون، مافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەنـدە لە مانگێـك زیـاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

**ماددەی (٥٨):**

ئەرکە لەسەر هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، بەڵـگەی گواسـتنەوە لە مـاوەی (٧) حەوت ڕۆژی دەوامـدا بـدات بە قوتـابی و خوێنـدکار کە دامەزراوەکە ڕازیبـووە لەسـەر گواسـتنەوەی، بەڵام بەڕەچاوکردنی ماددەکانی پێشوو.

**ماددەی (٥٩): قوتابیان و خوێندکارانی گەڕاوە و بیانی:-**

**یەکەم:** ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە زیاتر لە (٣) سێ سـاڵ بێـت هەرێمیـان بەجـێ هێشـتبێت و لە وڵاتێکـی دەرەوە پـۆلێکی خوێنـدنیان بڕیبێـت و ئێسـتا هـاتبێتنەوە هەرێـم، و ئەو قوتـابی و خوێندکارانەی لەدەرەوەی هەرێم لەدایکبوون و بیانەوێت لە هەرێم درێژە بە خوێندنی بدەن ئەم ئاسانکارایانەی خوارەوەیان بۆ دەکرێت:

١- کەمتـرین نمـرەی دەرچـوونی قوتابیـان و خوێنـدکارانی گەڕاوە و بیـانی لە سـاڵی یەکەم و دووەم بەڕێژەی (٢٠٪) بیست لەسەد دەبێت لە وانەی زمانی کوردی.

٢-کەمتـرین نمـرەی دەرچـوونی قوتابیـان و خوێنـدکارانی گەڕاوە و بیـانی لە سـاڵی یەکەم و دووەم بەڕێـژەی (٢٠٪) بیسـت لەسـەد دەبێـت لە وانەی زمـانی عەرەبـی بە مەرجێـك قوتـابییەکە یـاخود خوێندکارەکە لە وڵاتێکی عەرەبییەوە نە هاتبێتەوە.

٣- کەمترین نمرەی دەرچوونی قوتابیـان و خوێنـدکارانی گەڕاوە و بیـانی لە سـاڵی سـێیەم بە ڕێـژەی (٣٠٪) سی لە سەد دەبێت، لە وانەکانی زمـانی کـوردی، و زمـانی عەرەبـی بە مەرجێـك قوتـابییەکە یاخود خوێندکارەکە لە وڵاتێکی عەرەبییەوە نە هاتبێتەوە.

٤- کەمترین نمرەی دەرچوونی قوتابیان و خوێندکارانی گەڕاوە و بیانی لە ساڵی چوارەم بە ڕێژەی (٤٠٪) چل لە سەد دەبێت لە وانەکانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بە مەرجێك قوتابییەکە یاخود خوێندکارەکە لە وڵاتێکی عەرەبییەوە نە هاتبێتەوە.

٥- لە ساڵی پێنجەمەوە ئەو قوتابی و خوێندکارانە هەمان مامەڵەی نمریان لەگەڵ دەکرێت لەو دوو وانەیەدا وەك هەر قوتابی و خوێندکارێکی تری هەرێم.

٦- ئەگەر ئەو قوتابی و خوێندکارانە لە ماوەی (٤) چوار ساڵ لە گەڕانەوەیان بۆ هەرێم گەیشتنە پۆلی دوازدەیەم، ئەوکات دەبەخشرێن لە تاقی کردنەوەی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

٧- ئەگەر ئەو قوتابی و خوێندکارانە پاش (٥) پێنج ساڵ لە گەڕانەوەیان بۆ هەرێم گەیشتنە پۆلی دوازدەیەم، ئەوکات پێویستە لە تاقیکردنەوەی وەزاری لەو دوو وانەیەدا کەمترین نمرەی دەرچوون بە ڕێژەی ( ٥٠ ٪) پەنجا لە سەد بەدەست بهێنن، بەلام ئەو نمرانە بۆ کێبڕکێی چوونە زانکۆ و پەیمانگاکانی خوێندنی باڵا ئارەزوومەندانە هەژمار دەکرێت.

٨- قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومیەکان بەرپرسن لەبەهێزکردنی توانای ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لەو وانانەدا لاوازن بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت دامەزراوەکان تۆماری تایبەتیان هەبێت سەبارەت بەو کارانەی بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانەی دەکەن.

٩- دەکرێت، ئەگەر دامەزراوەکە توانای هەبوو، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقی کردنەوەکانی ڕۆژانە و مانگانە و کۆتایی ساڵی ناو قوتابخانە و خوێندنگە لەوانەکانی پەروەردەی ئاینی و کۆمەلایەتی، بەو زمانە بێت کە قوتابییەکە باشتر دەیزانێت.

**دووەم:** تەنها ئەو قوتابیانە بۆیان هەیە لەخوێندنی عەرەبی بخوێنن کە لەوڵاتێکی عەرەبی یان لە قوتابخانەیەکی زمانی عەرەبی هاتبن یاخود دایك یان باوکیان بە ڕەگەز عەرەب بن.

**ماددەی (٦٠): ماوەکانی خوێندن:-**

**یەکەم:** کاژێرەکانی کارکردنی هیچ باخچەیەکی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەیەکی ناحکومی، نابێت لە ڕۆژێکدا لە (٥) پێنج کاژێر کەمتر بێت.و نابێت لە حەفتەیەك لە (٥) پێنج ڕۆژ کەمتر بێت، و لە ساڵێکدا لە (١٧٠) سەد و حەفتا ڕۆژ کەمتر بێت.

**دووەم:**دەکرێت باڵەخانەی قوتابخانە وخوێندنگە و پەیمانگەی ناحکومی، بۆ دوو دەوامی لەدوا یەك بەکاربێت

**ماددەی (٦١):**

**یەکەم:** زۆرترین ژمارەی ڕۆژی خوێندنی ڕێگەپێدراو بۆ نەهاتنی قوتابیان و خوێندکاران لە دامەزراوە ناحکومیە خۆماڵییەکان هەمان ڕێژەی نەهاتن دەبێت کە لەدامەزراوە حکومیەکان پیادە دەکرێت.

**دووەم:** زۆرترین ژمارەی ڕۆژی خوێندنی ڕێگەپێدراو بۆ نەهاتنی قوتابیان و خوێندکاران لە دامەزراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و بیانییەکان بەپێی سیستەمی تایبەتی خۆیان دەبێت کە پێشتر لە وەزارەت پەسەندکراوە.

**ماددەی (٦٢):**

**یەکەم:** باخچەکانی منداڵان منداڵانی تەمەن (٤)چوار ساڵ و (٥) پێنج ساڵ وەردەگرن. هەر منداڵێك پێش کۆتاییهاتنی ساڵ (١٢/٣١)، تەمەنی ببێتە چوار ساڵ دەتوانێت لە باخچەی منداڵان دەست پێ بکات.

**دووەم:** دەبێت قوتابخانەی بنەڕەتی ناحکومی لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنی، بە لایەنی کەم پۆلەکانی یەکەم تا سێیەم بکاتەوە.

**سێیەم:** خوێندنگەی ئامادەیی ناحکومی لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنی، دەتوانێت تەنها پۆلەکانی دەیەم و یازدەیەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ساڵی پاشتر پۆلی دوازدەیەمیش بکاتەوە.

**چوارەم:** دەبێت پەیمانگەی ناحکومی لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنی، بە لایەنی کەم پۆلەکانی یەکەم و دووەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ماوەی (٣) سێ ساڵدا پاش دامەزراندن ببێتە خاوەنی خوێندکارانی گشت پۆلەکانی یەکەم تا پێنجەم.

**پێنجەم**: دەکرێت باڵەخانەی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی لە پۆلەکانی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی تا پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی بگرێتە خۆ، بەو مەرجەی پەرژینێك قوتابیانی بنەڕەتی لە خوێندکارانی ئامادەیی جیا بکاتەوە.

**شەشەم**: دەکرێت باڵەخانەی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، منداڵی باخچەی منداڵان تا خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لەخۆ بگرێت، بەو مەرجەی پەرژینێك منداڵانی باخچە و قوتابیانی قوتابخانە و خوێندکارانی ئامادەیی لە یەك جیا بکاتەوە و، بەو دامەزراوەیە دەگوترێت کۆمەڵگەی پەروەردەیی.

**حەوتەم**: بۆ درێژەدان بە خوێندن، هەموو دامەزراوەیەکی ناحکومی مافی کردنەوەی پۆلی بەرزتری هەیە، بەو مەرجەی مۆڵەتی بۆ ئەوە وەرگرتبێت یان وەرگرێت.

**ماددەی (٦٣):**

بۆ هاوکاریکردنی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییانەی کە پێویستیان بە هاوکاریی زیاتر هەیە، دامەزراوەکان مافی کردنەوەی خولی بەهێزترکردنیان بۆ گشت قوتابیان و خوێندکارانی خۆیان و لە باڵەخانەکانی خۆیان لە کاتی هاوین و بە نرخێکی گونجاو هەیە. جگە لەوە دامەزراوەکان مافی کردنەوەی خولی تریان نییە.

## بەشی حەوتەم

## سیستەمی کارگێڕی و دارایی

**ماددەی (٦٤): سیستەمی کارگێڕی:-**

**یەکەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی بەپێی ئەو سیستەمە کارگێڕییە کار دەکات کە مۆڵەتی لەسەر وەرگرتووە.

**دووەم:** پێویستە هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی کەسێك دەستنیشان بکات وەك ڕێکخەر و نوێنەری خۆی بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگاکانی.

**سێیەم**: دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان نوسراوەکانیان ئاراستەی (بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی قەزا) دەکەن، و ئەگەر پێویستی کرد نوسراوەکان پاشان بەرز دەکرێنەوە بۆ سەروتر.

**ماددەی (٦٥):لیژنەکان:-**

**یەکەم:** ئەرکە لەسەر هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەیەکی ناحکومی بە لایەنی کەم ئەم لیژنانەی هەبێت:

١- لیژنەی تاقیکردنەوەکان.

٢- لیژنەی وردبینی.

٣- لیژنەی تۆماری گشتی.

٤- لیژنەی چالاکییەکان.

٥- لیژنەی هونەری بۆ کاروباری وەرزشی، هونەری و ئەدەبی.

٦- لیژنەی ژینگە و پاکوخاوێنی و بەدواداچوونی تەندروستی.

**دووەم**: وەزارەت مافی دانانی لیژنەی دیکەی هەیە. لە کاتی دانانی لیژنەی دیکە دەبێت دامەزراوەکە پێش دەستپێکی ساڵی خوێندن لەو زیادکردنە ئاگادار بکرێتەوە.

**ماددەی (٦٦): تۆمارەکانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان:-**

**یەکەم:** پێویستە هەموو باخچەیەکی مندالانی ناحکومی ئەم تۆمارانەی هەبێت:

**١-** تۆماری گشتی کە ژمارە و ناو و تەمەنی گشت منداڵەکانی تێدا دەبێت.

٢- تۆماری میلاکی گشت کادیرانی باخچەکە، و ناونیشان و بڕوانامەکانیان.

٣- تۆماری کەلوپەل، کە گشت کەلوپەلەکانی باخچەکە لە خۆ دەگرێت.

٤- تۆماری سەردانی سەرپەرشتیاران، کە تێیدا ڕۆژی سەردانی سەرپەرشتیار و تێبینییەکانی تێیدا تۆمار دەکرێت.

٥- تۆماری تەلاری دامەزراوەکە، کە زانیاریی وردی لەبارەی ژمارە و ڕووبەری ژوور و هۆڵەکان و ژوورەکانی کارگێڕی و ڕووبەرەکانی دیکەی باخچەکەی تێدا تۆمار دەکرێت.

٦- تۆماری کۆبوونەوەکان، کە لەناویاندا پوختەی کۆبوونەوەکانی ناو باخچەکە تۆمار دەکرێت.

**دووەم**: پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندگە و پەیمانگەیەکی ناحکومی ئەم تۆمارانەیان هەبێت:

**١-** تۆماری گشتی کە ژمار و، ناو و تەمەنی قوتابیان و خوێندکاران و پۆلەکانیان و نمرەی کۆتاییان لە بابەتە جۆراوجۆرەکان و زانیاریی دیکەی پێویست بگرێتە خۆ.

٢- تۆماری میلاکاتی پەروەردە و فێرکاری، کە ناوی سیانی فەرمانبەر و کارمەندانی تری ناو دامەزراوەکە و ڕۆژ و مانگ و ساڵی لەدایکبوونیان و بڕوانامەکانیان و ناونیشانی وەزیفی و پسپۆڕییان و مێژووی دامەزراندن و دەستبەکاربوونیان لە دامەزراوەکە و ناوی ئەو دامەزراوەی کە لێوەی هاتووە، بگرێتە خۆ.

٣- تۆمـاری نمرەکـان، کە تێیـدا نمرەکـانی هەر قوتـابی و خوێنـدکارێك لە هەر بابەتێـك و هەمـوو تاقیکردنەوە و هەموو وەرزەکان بگرێتە خۆ.

٤- تۆماری قوتابیان و خوێندکارانی ئامادەنەبوو.

٥- تۆماری بڕوانامەی هاتوو و بڕوانامەی دەرچوو لە دامەزراوەکە.

٦- تۆماری کەلوپەل، کە گشت کەلوپەلەکانی دامەزراوەکەی تێدا تۆمار کراوە.

٧- تۆماری بەدواداچوون، کە ئاستی ئەکادیمی قوتابیـان و خوێنـدکاران دەگـرێتە خـۆ، لە ناویشـیاندا نمرە و ئاستەکانیان.

٨- تۆمـاری سـەردانیکردنی سەرپەرشـتیار، کە تێیـدا ڕۆژی سـەردانی سەرپەرشـتیار و تێبینـی و هەڵسەنگاندنەکانی بۆ کادیرانی پەروەردە و فێرکاری، تێیدا تۆمار کرابێت.

٩- تۆمـاری سـەردانیکردنی بەڕێـوەبەر بـۆ پۆلەکـان، کە تێیـدا دیـدەنیکردنی بەڕێـوەبەر لە پـۆل و هەڵسـەنگاندنی ئەدای مامۆسـتا لە کـاتی وانەوتـنەوە و چـۆنیەتیی بەشـداریکردنی قوتـابی و خوێندکار لە وانەکە و ئاستی سەرکەوتنی مامۆستا لە بەکارهێنـانی هۆکارەکـانی فێرکـردن، تێیـدا تۆمار کرابێت.

١٠- تۆمـاری قوتابیـان و خوێنـدکارانی دەرنەچـوو کە تێیـدا نـاوی ئەو قوتـابی و خوێنـدکارانە تۆمـار دەکرێت کە دەرنەچوون، لەگەڵ ساڵی لەدایکبوون و نمرەکانیان لە بابەتە جۆراوجۆرەکان.

١١- تۆماری کۆبوونەوەکان، کە لەناویاندا پوختەی کۆبوونەوەکانی ناو دامەزراوەکە تۆمار دەکرێت.

١٢- تۆمـاری تەلاری دامەزراوەکە، کە زانیـاریی وردی لەبـارەی ژمـارە و ڕووبەری پـۆل و تـاقیگە و ژوورەکانی کارگێڕی و ڕووبەرەکانی دیکەی تەلاری دامەزراوەکەی تێدا تۆمار دەکرێت.

**سێیەم:** وەزارەت مافی زیادکردنی تۆماری هەیە، بە مەرجێك بەر لە دەستپێکی سـاڵی خوێنـدنی نـوێ، دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکانی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

**ماددەی (٦٧): ڕاپۆرتی ساڵانە:-**

پێویسـتە دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحکومیەکـان پـێش ڕۆژی یەکـی مـانگی (٧) حەوت ڕاپـۆرتی ساڵانەی خۆیان بە زمانی کوردی، دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندن و چالاکیەکان، پێشکەش بە (بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی قەزا) بکەن.

**ماددەی (٦٨):**

**یەکەم:** بەشی کـارگێڕی دامەزراوە ناحکومیەکـان کارئاسـانی بـۆ پێکهێنـانی ئەنجـومەنی بەخێوکـاران دەکات. ئەنجومەنەکە هەمان ئەو کارانە دەکـات کە لەڕێنماییەکـانی ئەنجـومەنی بەخێوکـاران لە دامەزراوە حکومیەکان هاتووە.

**دووەم:** ئەگەر قوتابیان و خوێندکاران ویستیان نوێنەرایەتی پیشەیی خۆیان لە قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە دروست بکەن، دەبێت بەشی کارگێڕی قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە ناحکومیەکان کارئاسانیان بۆ بکەن.

**ماددەی (٦٩): کرێی خوێندن و نرخەکان:-**

**یەکەم:** هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان، مافی وەرگرتنی کرێی ساڵانەی خوێندنیان هەیە. کرێی ساڵانەی خوێندن پەڕتووکەکانی خوێندن و جلی یەکپۆشی لە خۆ دەگرێت.

**دووەم:** بۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیانەی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دامەزراون، کرێی ساڵانەی خوێندن بەپێی ئەو مۆڵەتە دەبێت کە دامەزراوەکە پێشتر وەری گرتووە، بەڵام لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت وەزارەت مافی هەیە کرێی ساڵانە کەم بکاتەوە گەر بارودۆخی دارایی هەرێم ئەوە بخوازێت.

**سێیەم:** بۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیانەی پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دادەمەزرێن ، کرێی ساڵانەی خوێندن بەپێی بڕیاری وەزارەت دەبێت و بە ڕەچاوکردنی دۆخی دارایی خەڵکی هەرێم.

**چوارەم:** نابێت قوتابیان و خوێندکاران و کەسوکاریان بە ئەرکی دارایی یان پێبەخشین لە قوتابخانە و خوێندنگە پەیمانگە ناحکومیەکاندا پابەند بکرێن جگە لە کرێی خوێندن نەبێت کە پەڕتووکەکانی خوێندن و جلی یەکپۆشیش لە خۆ دەگرێت. ئەو خزمەتگوزاریانەی لە دەرەوەی پرۆسەی خوێندنن، وەك خزمەتگوزاری هاتووچۆ و نانخواردن بەنرخێك دەبێت کەدامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکە خۆی لەکاتی وەرگرتنی قوتابی وخوێندکار بەخێوکاری لێ ئاگادار دەکاتەوە.

**پێنجەم:** نرخی شتومەکی فرۆشگا، لە لایەن دامەزراوە پەروەردییە ناحکومیەکە دادەنرێت.

**شەشەم:** پێویستە گرێبەستێك لە نێوان دامەزراوە و بەخێوکار هەبێت پێش دەستپێکردن بە خوێندن.

**حەوتەم:** وەرگرتنی کرێی ساڵانەی خوێندن لەلایەن دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان لە ڕێگەی ژمارەیەکی بانکییەوە دەبێت کە دامەزراوەکە دەیکاتەوە لە بانکێکی حکومی یان ناحکومی.

**هەشتەم:** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان، مافی خۆیانە کرێی ساڵانەی خوێندن هەر دوو ساڵ جارێك بە ڕێژەی (٢٪) دوو لە سەد بەرز بکەنەوە، ئەویش پاش ئاگادارکردنەوەی نوسینەکی بەخێوکاران پێش دەسپێکی ساڵی خوێندن بە (٤) چوار مانگ و ڕەزامەندی وەزارەت.

**ماددەی (٧٠): پشکەکانی (قیستەکانی) کرێی خوێندن:-**

**یەکەم:** کرێی ساڵانەی خوێندن، لە دوو پشك کەمتر نابێت.

**دووەم:** پشکی یەکەم لە کاتی تۆمارکردن یان پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندن دەدرێت.

**سێیەم**: پشکی دووەم پێش دەستپێکی وەرزی دووەمی خوێندن دەدرێت.

**چوارەم**: دامەزراوەکە، مافی زیادکردنی پشکی خوێندنی بۆ زیاتر لە (٢) دوو پشك هەیە.

**پێنجەم**: بەخێوکار مافی پێدانی پشکەکانی بە جیا یان پێکەوە هەیە.

**شەشەم**: ئەگەر بەخێوکار پەشیمان بوو لە دانانی یان بەردەوامبوونی منداڵەکەی یان قوتابی/خوێندکار لەو دامەزراوەیە لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی پێدانی پشکی یەکەمی خوێندن، ئەرکە لەسەر دامەزراوەکە (٩٠٪) نەوەد لە سەدی پارەکە بۆ بەخێوکار بگەڕێنێتەوە. ئەگەر قوتابی و خوێندکار وەرزی دووەمی لە دامەزراوەکە دەست پێ نەکرد، نیوەی کرێی سالانی خوێندنی بۆ دەگەڕێندرێتەوە.

**ماددەی (٧١): ڕێکارەکانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان لە کاتی نەدانی کرێی ساڵانە:-**

**یەکەم**: هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان، مافی ئەوەیان هەیە داوا لە وەزارەت بکەن کە ئەو قوتابی و خوێندکارانەی بەخێوکارانیان پاش ئاگادارکردنەوەش، پشکەکانی کرێی ساڵانە لە کاتی خۆی نادەن، لە دامەزراوەکە بگوێزرێنەوە بۆ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی حکومی یان ناحکومی دیکە.

**دووەم:** لە کاتی داواکردنی دامەزراوەکە لەسەر گواستنەوەی ئەو قوتابی و خوێندکارانە، وەزارەت لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا داواکە پەسەند دەکات و لەو ماوەیەدا قوتابییەکە یان خوێندکارەکە دەگوێزرێتەوە بۆ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی حکومی جگە لە پەیمانگەکان، یان ناحکومی ئەگەر بەخێوکار و خوێندکار خۆی ویستی کرێی خوێندن بدات.

**سێیەم:** لەکاتی دەستەبەرنەکردنی کرێی ساڵانەی خوێندن لە کاتی خۆی دامەزراوەکە مافی هەیە ڕێکاری یاسایش بگرێتە بەر.

**چوارەم**: لەکاتی دەستەبەرنەکردنی کرێی ساڵانەی خوێندن لە کاتی خۆی دامەزراوە مافی هەیە بڕوانامە و بڕوانامەی گواستنەوە نەدات بە قوتابی و خوێندکار تاکوو پشکەکان تەواو دەدرێت.

**ماددەی (٧٢) : باجەکان:-**

پێویستە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان ئەو باجانە بدەن، کە بەپێی یاسا بەرکارەکان دەکەوێتە سەر شانیان، جگە لە باجی خانووبەرە کە دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنی تەلارەکە.

**ماددەی (٧٣):**

کاروباری دارایی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان ملکەچی یاسا داراییە کارپێکراوەکان و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دەبن.

**ماددەی (٧٤):**

مووچەی مامۆستا و فەرمانبەران لە ڕێگەی ژمارەی بانکییەوە دەدرێت.

## بەشی هەشتەم
## سەرپێچی و سزاکان

**ماددەی (٧٥): جۆری سزاکان:-**

**یەکەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی سەرپێچی حوکمەکانی یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکانی هەرێم ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) بکات سزا دەدرێت بە یەکێك لەم دوو سزایە:

**١-** دەستگرتن بەسەر قوتابخانە یان پەیمانگە ناحکومیەکەدا بە شێوەیەکی کاتی و بەڕێوەبردنی لە لایەن وەزارەتەوە تاکو کێشەکان بەپێی حوکمەکانی یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکانی هەرێم چارەسەر دەکرێن.

**٢-** ئەگەر کێشەکان بەردەوام بوون، ئەوا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە و قوتابخانە/خوێندنگە/ پەیمانگە ناحکومیەکە دادەخرێت.

**دووەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی سەرپێچی ڕێنماییەکان بکات، سزا دەدرێت بەیەکێك لەم سزایانە:

**١-** هۆشداری دامەزراوەکە و سەپاندنی گرتنەبەری چاکسازی.

**٢-** هۆشداری دامەزراوەکە و سەپاندنی گرتنەبەری چاکسازی و سەپاندنی سزای دارایی.

**٣-** هۆشداری دامەزراوەکە و سەپاندنی گرتنەبەری چاکسازی و سزای دارایی و مەعنەوی.

**٤-** هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت.

**٥-** هەر سزایەکی دیکە کە وەزارەت بە پەسەندی دەزانێت.

**ماددەی (٧٦):**

**یەکەم:** شێواز و بڕی سزاکان بەپێی خشتەیەك دەبێت کە وەزارەت ساڵانە پێش ڕۆژی یەکی مانگی (٨) هەشتی هەر ساڵێك دەستنیشانی دەکات.

**دووەم:** بەپێی یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکانی هەرێم سزای دارایی لە (١٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نابێت و لە (١٥٠٠٠٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نابێت.

**ماددەی (٧٧): ڕێکاری لێکۆڵینەوە و بڕیاردان سەبارەت بە پێشێلکاری وسەرپێچییەکان:-**

**یەکەم:** کاتێك "بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" سکاڵایەك یان زانیارییەکی پێ دەگات کە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی پێشێلکاریی یاسایی یاخود سەرپێچی ڕێنماییەکانی کردووە، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە وەزارەت دەست بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو بوارە دەکات.

**دووەم:**

**١-** دەبێت "لیژنەی لێکۆڵینەوە"، لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە گەیشتنی سکاڵاکە یان زانیارییەکان پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکە بکات و داوای ڕوونکردنەوەی لێ بکات سەبارەت بە هەموو ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی دامەزراوەکە کراوە.

**٢-** دەبێت وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوە پەروەردەییەکە لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا بگات بە "لیژنەی لێکۆڵینەوە".

**سێیەم:** دوای وەرگرتنی وەڵامی دامەزراوە پەروەردەییەکە، "لیژنەی لێکۆڵینەوە" دەست بە پرۆسەی تاوتوێکردنی بابەتەکە دەکات و لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت بڕیار لەسەر پەروەندەکە دەدات.

**چوارەم:** لە کاتی نەسەلماندنی تۆمەتەکان، "لیژنەی لێکۆڵینەوە" بڕیار لەسەر داخستنی پەروەندەکە دەدات و دامەزراوە پەروەردەییەکەی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

**پێنجەم:** ئەگەر پێشێلکاریی یاسایی یان سەرپێچی ڕێنماییەکان یان ئاستنزمی دامەزراوەکە سەلمێنرا، "لیژنەی لێکۆڵینەوە" پێشنیاری جۆر و بڕی سزاکان بۆ وەزارەت دەکات.

**شەشەم:** وەزارت بڕیار لەسەر سزادان یان سزانەدان و شێواز و بڕی سزاکان دەدات.

**حەوتەم:** ئەگەر دامەزراوە پەروەردەییەکە پاش هۆشداریکردنی فەرمی لە لایەن وەزارەتەوە ڕێکار و چاکسازیی پێویستی نەگرتە بەر لە ماوەی (٣) سێ مانگدا، یاخود پابەند نەبوو بە بڕیار و ڕێنماییەکان، ئەوکات "وەزارەت" مافی سەپاندنی سزای دارایی و هۆشداری زیاتری هەیە.

**هەشتەم:** ئەگەر دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکە پاش هۆشداری دووەم بە (٣) سێ مانگ ڕێکارە پێویستەکانی نەگرتە بەر و چاکسازی نەکرد، ئەوکات پێویستە وەزارەت بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت بدات.

**نۆیەم:** لە حاڵەتی سەپاندنی سزای هەڵوەشاندنەوە لەلایەن وەزارەتەوە، خاوەنی مۆڵەت مافی تانەلێدانی لە بڕیارەکە لای "ئەنجومەنی وەزیران" هەیە، لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی دەوام زیاتر نەبێت لە ڕۆژی گەیشتنی بڕیاری وەزارەت بە خاوەنی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکە و ئەنجومەنی وەزیرانیش لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکارییەکە بڕیاری کۆتایی خۆی دەردەکات و بڕیارەکەش شیاوی تانەلێدان دەبێت لەبەردەم دادگای کارگێڕیدا.

**دەیەم:** لە حاڵەتی سەپاندنی سزا لەلایەن وەزارەتەوە، خاوەنی مۆڵەت مافی تانەلێدانی لە بڕیارەکە لای (وەزیر) هەیە، لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی دەوام زیاتر نەبێت لە ڕۆژی گەیشتنی بڕیاری وەزارەت بە خاوەنی دامەزراوە پەروەردەییەکە.

## بەشی نۆیەم
## حوکمی گشتی

**ماددەی (٧٨): مافی قوتابیان و خوێندکاران:-**
مافەکانی قوتابیان و خوێندکارانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان، دەبێت پارێزراو بن.
**ماددەی (٧٩): ژمارەی منداڵ و قوتابی لە پۆلدا:-**
**یەکەم:** نابێت هیچ پۆلێکی باخچەی منداڵان لە (٢٥) بیست و پێنج منداڵ زیاتر بێت و نابێت ڕووبەر بۆ هەر منداڵێك لە پۆلەکە لە (١،٥) یەك مەتر و نیو مەتردووجا کەمتر بێت.
**دووەم:** نابێت هیچ پۆلێکی قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە لە (٣٠) سی قوتابی زیاتر بێت، و نابێت ڕووبەر بۆ هەر قوتابی و خوێندکارێك لە پۆلەکە لە (١،٥) یەك مەتر و نیو مەتر دووجا کەمتر بێت.
**ماددەی (٨٠): دامەزراوەی هاوبەش و پشتیوانکراو:-**
دەکرێت باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگانە و ناوەندەکانی تری خوێندن کە حکومەت خاوەنیانە و خەرجییان دەدات، لە لایەن کۆمپانیاکان یاخود ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان مەدەنییەکان، بە هاریکاری لەگەڵ حکومەت بەڕێوە ببردرێن. بەم جۆرە دامەزراوەیە دەوترێت دامەزراوەی پەروەردەیی هاوبەش و پشتیوانکراو.
**ماددەی (٨١):** دەکرێت دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی قازانجنەویست بێت یاخود قازانجویست.
**ماددەی (٨٢):**
**یەکەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، مافی دیزاینی جل وبەرگی یەکپۆشی تایبەت بە خۆیی هەیە و لەحەفتەی یەکەمی خوێندن بەسەر قوتابیان وخوێندکاران دابەش دەکرێت بە خۆڕایی
**دووەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، مافی ڕێکخستنی گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکارانی لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە و خوێندنگە و بە پێچەوانەوە هەیە، بە نرخێك کە دامەزراوەکە بڕیاری لەسەر دەدات.
**ماددەی (٨٣):**
دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان مافی خۆیانە ڕاگەیاندنی خۆیان هەبێت، ئەویش پاش وەرگرتنی موڵەت لە وەزارەت و دامو دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر.
**ماددەی (٨٤):**
**یەکەم:** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان مافی خۆیانە چالاکی جیاواز و فیستیڤاڵ و ئاهەنگی ڕۆشنبیری و خۆشی خۆیان ساز بکەن لە دەرەوی کاتەکانی خوێندن و بە مەرجێك کاریگەری لەسەر ڕەوشی خوێندن لە دامەزراوەکە نەبێت.
**دووەم:** ئەگەر ئەنجامدانی ئەو چالاکی و فیستیڤاڵ و ئاهەنگی ڕۆشنبیری و خۆشی کاریگەری لەسەر کات و ڕەوشی خوێندن بێت، دەبێت پێشوەختە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگا وەرگیرێت.

**ماددەی (٨٥):** دەبێت ئاڵای کوردستان و ئاڵای دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکە لەسەر یان لەبەردەم تەلاری دامەزراوەکە دابنرێت.

**ماددەی (٨٦):**

**یەکەم:** لە هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکاندا گشت ئەو کارانەی لەگەڵ پەیامی پەروەردە و فێرکاری ناگونجێن ڕێپێنەدراون، بەتایبەتیش ئەمانەی خوارەوە:

١- هەڵگرتنی چەك، تەنانەت ئەو چەکانەش کە لە ڕووی یاساییەوە مۆڵەتپێدراون و، هێنانی ئامێری بریندارکەر و مەترسیدار.

٢- جگەرەکێشان و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر و سەرخۆشکەر و هەر ماددەیەکی دیکەی قەدەغەکراو.

٣- ڕێکلامی بازرگانی و چالاکی حزبی.

٤- بەکارهێنانی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی و مەعنەوی؛ هەروەها ڕێگە بە بەکارهێنانی ڕەفتاری یەکترشکاندن نادرێت.

٥- بەکارهێنان و نیشاندانی ئەو دروشمانەی لەگەڵ بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئایینی ونەتەوەیی گەلی کوردستان ناگونجێن.

**دووەم:** هەر کەسێك سەرپێچییەك بەرانبەر بە بڕگەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیە بکات، سزای کارگێڕی دەدرێت، بێ ئەوەی ڕێگا لە سزایەکی تر بگرێت بەرانبەر بەو کەسە کە لە یاساکاندا هاتووە.

**ماددەی (٨٧):** پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی تابلۆیەکی خۆی بە تەلارەکەوە یان لەبەردەم تەلارەکە هەبێت، و بەم جۆرەی خوارەوە:

**یەکەم:** تابلۆیەکە لە (٣) سێ مەتر بە (١،٥) یەك مەتر و نیو مەتر بچوکتر نەبێت.

**دووەم:** ناوی دامەزراوەکە، وەك لە مۆڵەتەکەدا هاتووە، لەسەر تابلۆکە بنوسرێت.

**سێیەم:** ساڵی دروستبوونی دامەزراوەکە لەسەر تابلۆکە بنوسرێت.

**چوارەم:** لۆگۆی دامەزراوەکە لەسەر تابلۆکە وێنا بکرێت.

**پێنجەم:** تابلۆکە بە زمانی کوردی بنوسرێت، و دەکرێت جگە لەوە بە زمانی تریش بنوسرێت.

**ماددەی (٨٨):**

هاوپێچەکانی تەلارسازی و هاوپێچی خشتەی سزاکان و هاوپێچی بەشەکانی ئامادەیی پیشەیی بە بەشێکی ئەم ڕێنماییە هەژمار ئەکرێن.

**ماددەی (٨٩):**

پێویستە ئەو کەس و لایەنانەی مۆڵەتی باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیان هەیە و پێشتر دەستبەکار بوون، لە ماوەی (٣) سێ مانگدا لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، لە گشت ڕووەکانەوە جگە لە ڕووی تەلارسازی کە بە چەند ماددەیەك لەم ڕێنماییە ڕێکخراوە، خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بگونجێنن.

**ماددەی (٩٠):**

بە درەچوونی ئەم ڕێنماییە، ڕێنمایی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکانی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٩١):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ئالان حمه سعيد صالح**
**وەزیری پەروەردە**

| هاوپێچی ژمارە(١)<br>خشتەی سزاکان | | |
|---|---|---|
| **لە کاتی سەلماندنی پێشێلکاری و سەرپێچی** | **سزای دارایی** | **سزاکانی دیکە** |
| نەبوونی مۆڵەتی فەرمی. | (١٥٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار | - داخستنی ڕاستەوخۆی دامەزراوە.<br>- تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی. |
| گۆڕینی مۆڵکداریەتی دامەزراوە بێ مۆڵەتی فەرمی وەزارەت. | (١٠٠) سەد ملیۆن دینار | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| گواستنەوەی باڵەخانەی دامەزراوە بێ مۆڵەتی فەرمی وەزارەت. | (١٠٠) سەد ملیۆن دینار | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| یەکێك لە بەڵگە و نووسراوەکان کە لە کاتی داواکردنی مۆڵەت پێشکەش کراون، ساختە دەرچوون یاخود بنەمایان نییە. | (١٠٠) سەد ملیۆن دینار | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت.<br>- تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی. |
| مۆڵەت بێ بوونی مەرجی پێویست و بەڵگە و پێداویستی پێویست دراوە. | (١٠٠) سەد ملیۆن دینار | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| ئاستی نزمی ئەکادیمی (٣) سێ ساڵ لەسەر یەك (لە خوار ئاستی مامناوەند). | (٨٠) هەشتا ملیۆن دینار | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| کاتێك دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی پاڵپشتی ئاکادیمی لەلایەن ناوەندی سەرەکی جیهانی لەدەست داوە. | (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| بەسەرچوونی مۆڵەت، بێ پێشکەش کردنی داوا بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت. | (٦٠) شەست ملیۆن دینار | - هۆشدارکردنەوە.<br>- تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی. |

| | | |
|---|---|---|
| داوای نوێکردنەوەی مۆڵەت کراوە، بەڵام داواکە درەنگتر پێشکەش کراوە وەك لەو کاتەی وەزارەت بۆی دیاری کردووە. | (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار | |
| نەهێنانی بەڵگەی ئەستۆپاکی باجی دەرامەت هەرچەندە وەزارەت بە فەرمی داوای کردووە. | (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- دەبێت باجەکان لە ماوەی (٣) سێ مانگ بدرێن، ئەگەر نەدران پرۆسەی هەڵدەوەشاندنەوەی مۆڵەت دەست پێ دەکات. |
| کاتێك دامەزراوەکە پێشێلکاری و سەرپێچی دیار و دووبارە کردووە<br>و، پاش ئاگادارکردنەوەی چەند<br>جارەی فەرمی لەلایەن وەزارەتەوە، پێشێلکاریی و کەموکورتیەکانی چاك نەکردووە. | (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار | - پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت دەست پێ دەکات. |
| وەرگرتنی قوتابی/خوێندکاری زیاتر وەك لەوەی لە کاتی پێشکەشکردنی مۆڵەت هاتووە، بێ ڕەزامەندی وەزارەت. | بە پێی بڕێك کە وەزارەت بڕیاری لەسەر دەدات. | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازی. |
| کاتێك ڕێژەی کادیری هەمیشەیی لەژێر (٥٠٪) پەنجا لە سەدە. | (٧٠) حەفتا ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت دەست پێ دەکات.<br>- گرتنەبەری چاکسازی. |
| کاتێك ڕێژەی کادیری هەمیشەیی (٥٠ تا ٧٠ ٪) پەنجا تا حەفتا لە سەدە. | (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازی. |
| کاتێك ڕێژەی کادیری هەمیشەیی سەرو حەفتا بەڵام ژێر هەشتا لە سەدە. | (٣٠) سی ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازی. |
| دانەمەزراندنی میلاك بەپێی ڕێنمایی. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازی. |
| نەدانی مووچە لە ڕێی بانکەوە. | (١٠) دە ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازی.<br>- سزاکان زیاد دەکرێن لە ئەگەری نەکردنی چاکسازی. |
| وەرنەگرتنی کرێی قوتابی لە ڕێی بانکەوە. | (١٠) دە ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازی. |
| وەرگرتنی پارەی زیادە لە قوتابی و خوێندکار، وەك لەوەی لە ماددەی کرێی ساڵانەی خوێندن هاتووە. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازی. |

| | | |
|---|---|---|
| ژمارەی منداڵ/قوتابی/خوێندکار لە پۆلدا لەوە زیاترە کە لە ڕێنماییەکە هاتووە. | (١٠) دە ملیـــــۆن دینــــــار، ئەگەر یەك تـا پێـنج قوتـابی زیـــاتر وەرگیرابـــوون وەك لەوەی لە ڕێنماییەکـــــــان هـــــــــــــــــاتووە. (٢٠) بیســـت ملیـــۆن دینـــار، ئەگەر شـــەش قوتـابی یـــان زیـــاتر وەرگیرابـــوون وەك لەوەی لە ڕێنماییەکـــــــان هاتووە. | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازی. |
| ڕووبەر و پێداویستیەکان و مواصەفاتی تەلاری دامەزراوەکە هاوتا نییە لەگەڵ ئەوەی بە وەزارەت ڕاگەێنراوە. | (٣٠) سی ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازی. |
| ڕووبەری ژووری باخچەی منداڵان بۆ هەر منداڵێك لەوە کەمترە وەك لەوەی لە ڕێنماییەکە هاتووە. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار | هۆشداری فەرمی.<br>گرتنەبەری چاکسازی. |
| ڕووبەری پۆل بۆ هەر قوتابییەك/خوێندکاراێك لەوە کەمترە وەك لەوەی لە ڕێنماییەکە هاتووە. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار | هۆشداری فەرمی.<br>گرتنەبەری چاکسازی. |
| دامەزراوە کارە کارگێڕییەکانی (وەك تۆمارەکان و لیژنەکان و هتد) بە پێی ڕێنماییەکان نییە. | (١٠) دە ملیۆن دینار | هۆشداری فەرمی.<br>گرتنەبەری چاکسازی. |
| سیستەمی ئاگرکوژێنەوە کۆنترۆڵی ساڵانەی بۆ نەکراوە. | (١٠) دە ملیۆن دینار | هۆشداری فەرمی.<br>گرتنەبەری چاکسازی. |
| کاتێك دامەزراوەکە دەست ناکات بە کار و بەڕێوبردنی خوێندن لەو کاتەی لە مۆڵەتەکەدا بۆی تەرخانکراوە. | | هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| ئەو سەرپێچییانەی لەم خشتەیەدا ناویان نەهاتووە،<br>بە پێی هەڵسەنگاندنی وەزارەت سزایان بۆ دادەنرێت. | | بژاردەکان:<br>- هۆشداری<br>- سزای دارایی<br>- سزای فەرمی<br>- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت |

## هاوپێچی ژمارە(٢)

## هاوپێچی تەلارسازی

## مـــەرج و پێکهـاتەکـانی تەلاری بـاخچەی منداڵان لە ڕووی بیناسازی و هونەری و پەروەردەییەوە، لە کاتی بەکرێ گرتنی تەلار.

لە کاتی بەکرێگرتنی تەلار بۆ باخچەی منداڵان پێویستە مەرج و پێکهاتەی باخچەی منداڵان لەگەڵ مەرجەکانی بەشی تەلاری ئەم ڕێنماییە بگونجێت و بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

**یەکەم:** پێویستە داواکاری مۆڵەت نەخشەی زەوییەکە و نەخشەی تەلارەکە پێشکەش بە وەزارەت بکات و، دەبێت نەخشەکە گشت پێکهاتەکانی ناو تەلارەکە و زەوییەکەی تێدا دیاری کرابێت.

**دووەم:** پێویستە ڕووبەری گشت پێکهاتەکانی تەلارەکە بەپێی خشتەی باخچەی منداڵانی هاوپێچ بێت، و لەگەڵ مەرجەکانی بەشی (تەلاری قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان و پاشکۆکانیان) ئەم ڕێنماییە بگونجێت.

**سێیەم:** پێویستە تەلارەکە بە لایەنی کەم (١٠٠) سەد مەتر لە شوێنە مەترسیدارەکانی وەك (هێڵی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز، تاوەری گەیاندن، بەنزینخانە) دوور بێت.

**چوارەم:** پێویستە ڕووبەری زەوی باخچەی منداڵان لە (٤٠٠) چوار سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت، و تەلاری باخچە لە (٣٠٠) سێ سەد مەتەر دووجا کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:** پێویستە پێکهاتە و ڕووبەرەکانی باخچەی منداڵان بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە بێت:

١- پۆلەکان (ژوورەکان) لە (٢٠) بیست مەتر دووجا کەمتر نەبن.

٢- هەر منداڵێك (١،٥) یەك مەتر و نیو دووجای لە ناو پۆل بەرکەوێت.

٣- دەکرێت باخچەی منداڵان یەك پۆلی هەبێت یان زیاتر.

٤- دەبێت هەر پۆلێك پەنجەرەی هەبێت بە ڕووبەری بە لایەنی کەم (٣) سێ مەتر دووجا.

٥- دەبێت بەرزی ناو پۆل لە دوو سەد و هەشتا (٢٨٠) سم کەمتر نەبێت.

٦- ژووری نانخواردنی منداڵان/ کافتریا لە (٢٠) بیست مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٧- بۆ هەر (٢٠) بیست منداڵێك توالێتێك هەبێت و دەبێت پەنجەرە یاخود هەواکێش (ساحیبە) لە بەشی توالێتەکان هەبێت.

٨- سەوزایی/گۆڕەپانی یاری لە (٣٠) سی مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٩- کامیرای چاودێری هەبێت.

١٠- ئاگرکوژێنەرەوە هەبێت.

١١- دەرگاکان سەلامەت کرابن بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر دەست و پەنجەی منداڵ دروست نەکات.

١٢- ئینتەرنێتی لە دوو مێگابات کەمتر نەبێت.

١٣- بەڕێوەبەر و مامۆستاکان و کارمەندانی دیکە ژووریان هەبێت. هەروەها تەوالێت.

١٤- دەبێت محەجەرەی قادرمەکان لە (١٠٠) سەد سم نزمتر نەبن.

١٥- دەبێت باخچەی منداڵان چارسەری گشت شت و شوێنێکی تەلارەکەی کردبێت کە ئەگەری دروستکردنی مەترسی لەسەر منداڵ هەبێت.

## هاوپێچی ژمارە (٣)

## هاوپێچی تەلارسازی

## مـــەرج و پێکهــاتەکـــانی تەلاری بــاخچەی منداڵان لە ڕووی بیناسازی و هونەری و پەروەردەییەوە لە کاتی دروستکردنی تەلاری نوێ.

لە کاتی دروستکردنی تەلاری تازە بۆ باخچەی منداڵان پێویستە مەرج و پێکهاتەی باخچەی منداڵان لەگەڵ مەرجەکانی بەشی تەلاری ئەم ڕێنماییە بگونجێت و بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

**یەکەم:** پێویستە داواکاری مۆڵەت نەخشەی زەوییەکە و نەخشەی تەلارەکە پێشکەش بە وەزارەت بکات و، دەبێت نەخشەکە پێکهاتەکانی ناو تەلارەکە و زەوییەکەی تێدا دیاری کرابێت.

**دووەم:** پێویستە ڕووبەری گشت پێکهاتەکانی تەلارەکە بەپێی خشتەی باخچەی منداڵانی هاوپێچ بێت، و لەگەڵ مەرجەکانی بەشی (تەلاری قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان و پاشکۆکانیان) ئەم ڕێنماییە بگونجێت.

**سێیەم:** پێویستە ڕەچاوی منداڵی خاون پێداویستی تایبەتەکان بکرێت ( بۆ نمونە دابینکردنی ڕەمپە، توالێتی گونجاو، و هتد).

**چوارەم:**

١- پێویستە تەلارەکە بە لایەنی کەم (١٠٠) سەد مەتر لە شوێنە مەترسیدارەکانی وەك (هێڵی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز، تاوەری گەیاندن، بەنزینخانە) دوور بێت.

٢- لە کاتی دروستکردنی تەلاری تازە، پێویستە دیوارەکانی ناوەوە و سەقفی ناوەوەی تەلار بەسەندەویچ پانێل نەبێت، لەبەر مەترسی زووئاگرگرتن.

**پێنجەم:** پێویستە ڕووبەری زەوی باخچەی منداڵان لە (٤٠٠) چوار سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت، و تەلاری باخچە لە (٣٠٠) سێ سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

**شەشەم:**

١- دەبێت محەجەرەی قادرمەکان لە (١٠٠) سەد سم نزمتر نەبن.

٢- دەبێت باخچەی منداڵان چارسەری گشت شت و شوێنێکی تەلارەکەی کردبێت کە ئەگەری دروستکردنی مەترسی لەسەر منداڵ هەبێت.

**حەوتەم:** پێویستە پێکهاتەکان و ڕووبەرەکانی تەلارەکە بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە بێت:

| ز | پێکهاتەکان | کەمترین ڕووبەری پێویست |
|---|---|---|
| | **کۆی گشتی** | |
| ١ | ژووری بــەرێوەبەر. | (١٢) م٢ |
| ٢ | ژووری مامۆستایان. | (١٢) م٢ |
| ٣ | ژووری کۆبونەوە. | (٢٠) م٢ |
| ٤ | پۆل (ژووری منداڵان):<br>- دەبێت هەر منداڵێك (١،٥) یەك مەتر و نیو دووجای بەرکەوێت.<br>- دەبێت پۆلەکە پەنجەرەی هەبێت، بە لایەنی کەم (٣) سێ مەتر دووجا.<br>- بەرزی ناو پۆل لە (٢٨٠) سم کەمتر نەبێت.<br>- بوونی سەقفی (ثانوي) مەرج نییە.<br>- دەکرێت باخچەی منداڵان یەك پۆلی هەبێت یان زیاتر. | (٢٠) م٢ |
| ٥ | هۆڵی یاریگای ناوەوە. | (٥٠) م٢ |
| ٦ | کافتریا + شوێنی نان خواردن + دروستکردنی خواردن | (٣٠) م٢ |
| ٧ | ژووری خەوتنی منداڵان. | (٢٠) م٢ |
| ٨ | ژووری تەندروستی. | (٩) م٢ |
| ٩ | گۆڕەپانی یاری دەرەوە و باخچە ( سەوزایی ) | (١٠٠) م٢ |
| ١٠ | یەك توالێت بۆ هەر (٢٠) بیست منداڵێك، و دەبێت پەنجەرە یاخود هەواکێش (ساحیبە) لە بەشی توالێتەکان هەبێت. | |
| ١١ | توالێت بۆ مامۆستایانی ( پیاوان و ئافرەتان).<br>یەك توالێت بۆ هەر (١٠) دە مامۆستا و کارمەندێك.<br>دەبێت پەنجەرە یاخود هەواکێش (ساحیبە) لەو بەش هەبێت کە توالێتەکانی لێیە (نەک گشت توالێتەکان). | |
| ١٢ | ئاگرکوژێنەوەی هەبێت. | |
| ١٣ | کامیرای چاودێری هەبێت. | |
| ١٤ | سەرچاوەی ئاوی یەدەکی هەبێت، و ئاوخواردنەوەی پاك هەبێت. | |
| ١٥ | ئامێری سارد وگەرم کەرەوەی ژوورەکانی هەبێت. | |
| ١٦ | ئینترنێتی بە لایەنی کەم دوو مێگابایتی هەبێت. | |
| ١٧ | زیاتر لە یەك دەرگای فریاکەوتنی هەبێت. | |
| ١٨ | ناو دەرگاکان سەلامەت بکرێن بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر دەست و پەنجەی منداڵ نەبێت. | |
| ١٩ | دەبێت تەلاری باخچە شورای (سیاجی) هەبێت، بۆ نمونە دەکرێت شورا بە بەرد/بلۆك یاخود بە مەحەجەرە یاخود بە پەرژین یاخود بە شێوازێکی دیکەی گونجاو بکرێت. | |

## هاوپێچی ژمارە (٤)

## هاوپێچی تەلارسازی

## مـــەرج و پێکهــاتەکــانی تەلاری قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە و پەیمانگە لە ڕووی بیناسازی و هونەری و پەروەردەییەوە.

لە کاتی بەکرێ گرتنی تەلار یان دروستکردنی تەلاری تازە بۆ قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە پێویستە مەرج و پێکهاتەی تەلارەکە لەگەڵ مەرجەکانی بەشی تەلاری ئەم ڕێنماییە بگونجێت و بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت.

**یەکەم:** پێویستە داواکاری مۆڵەت نەخشەی تەلارەکە یان زەویەکە پێشکەش بە وەزارەت بکات و، دەبێت نەخشەکە پێکهاتەکانی ناو تەلارەکە و زەوییەکەی تێدا دیاری کرابێت.

**دووەم:**

١- پێویستە تەلاری قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە گشت مەرجە فەرمیەکانی بیناسازی تێدا بێت و لەگەڵ مەرجەکانی بەشی (تەلاری قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان و پاشکۆکانیان) ئەم ڕێنماییە بگونجێت.

٢- ئەگەر گومانی مەترسی سەلامەتی لە تەلارەکە کرا، دەبێت داواکاری مۆڵەت نوسراوێکی پەسەندکراو لە لایەنێکی پەیوەندیداری حکومی بێنێت کە مەترسی لە سەلامەتی تەلارەکە نییە.

**سێیەم:** پێویستە ڕەچاوی قوتابی و خوێندکاری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بکرێت ( بۆ نمونە دابینکردنی ڕەمپە، توالێتی گونجاو، و هتد).

**چوارەم:**

١- پێویستە تەلارەکە بە لایەنی کەم (١٠٠) سەد مەتر لە شوێنە مەترسیدارەکانی وەك (هێڵی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز، تاوەری گەیاندن) دوور بێت.

٢- لە کاتی دروستکردنی تەلاری نوێ، پێویستە دیوارەکانی ناوەوە و سەقفی ناوەوەی تەلار بەسەندەویچ پانێل نەبێت، لەبەر مەترسی زووئاگرگرتن.

**پێنجەم:**

١- پێویستە ڕووبەری زەوی هەر یەك لە قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی ئەکادیمی و پیشەیی و پەیمانگە لە (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت، و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت، بە ڕەچاوکردنی خاڵی چوارەمی ئەم بەندە.

٢- پێویستە ڕووبەری زەوی قوتابخانەی بنەڕەتی و خوێندنگە پێکەوە لە (٣٠٠٠) سێ هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت، و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (٢٢٠٠) دوو هەزار و دوو سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٣- پێویستە ڕووبەری زەوی کۆمەڵگە لە (٤٠٠٠) چوار هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت، و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (٢٥٠٠) دوو هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٤- دەکرێت پەیمانگە لە تەلارێکی چەند نهۆمی بێت و ڕووبەری نهۆمەکان پێکەوە لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

**شەشەم:**

١- دەبێت محەجەرەی قادرمەکان لە (١٠٠) سەد سم نزمتر نەبن.

٢- دەبێت قوتابخانە و خوێندگە و پەیمانگە چارسەری ئەو شت و شوێنانەی تەلارەکەی کردبێت کە مەترسی لەسەر قوتابی و خوێندکار دروست دەکات.

٣- ئەگەر تەلاری قوتابخانە/خوێندگە/پەیمانگە لە دوو نهۆم زیاتر بوو، دەبێت نهۆمبڕ (مصعد) هەبێت و کار بکات.

٤- ئەگەر تەلارەکە ژێرزەمینی هەبێت،نابێت بۆ پۆل بە کار بێت بەڵکو دەکرێت بۆتاقیگە و هۆڵی تاقییکردنەوە و ژووری هونەر وشتی دیکە بەکار بێت بەمەرجێك شوێنەکان پەنجەرەیان تێدا بێت

٥- ئەگەر گشت بەشەکانی تەلارێکی نوێ هێشتا تەواو نەبوبێت، بەڵام لە لایەن دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان ڕێپێدراوە بۆ بە کارهێنانی بەشێکی تەلارەکە، دەکرێت ئەو بەشانەی تەلارەکە بەکار بێت بۆ کاری پەروەردە و خوێندن.

**حەوتەم:** پێویستە پێکهاتەکان و ڕووبەرەکانی تەلارەکە بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە بێت:

| ز | پێکهاتەکان | کەمترین ڕووبەری پێویست |
|---|---|---|
| ١ | پۆل:<br>- درێژی پۆل لە (٧) حەوت مەتر کەمتر نەبێت، و پانی پۆل لە (٥) پێنج مەتر کەمتر نەبێت.<br>- هەر قوتابییەك لە پۆلەکە (١.٥) یەك مەتر و نیو دووجای بەرکەوێت.<br>- گشت پۆلێك پەنجەرەی هەبێت کە لە (٣) سێ مەتر دووجا کەمتر نەبێت.<br>- بەرزی سەقفی پۆل لە زەوی پۆلەکەوە، لە (٢٨٠) سم کەمتر نەبێت.<br>- بوونی سەقفی (ثانوي) مەرج نییە. | (٣٥) م٢، بە ڕەچاوکردنی پانی و درێژی پۆل و گشت مەرجەکانی دیکەی ئەو ڕوونکردنەوانەی لە دەستە ڕاستی ئەم خشتەیە هاتووە. |
| ٢ | هۆڵی فێرکردنی پیشەیی لە (٥٠) پەنجا مەتر دووجا کەمتر نەبێت. | (٥٠) م٢بەهەمان مەرجەکانی تری پۆل. |
| ٣ | ژمارەی ژووری پۆل:<br>- تەلاری قوتابخانەی بنەڕەتی لە (٦) شەش ژووری خوێندنی کەمتر نەبێت.<br>- تەلاری ئامادەیی ئەکادیمی لە (٣) سێ ژووری خوێندنی کەمتر نەبێت.<br>- تەلاری ئامادەیی پیشەیی لە (٣) سێ ژووری خوێندنی کەمتر نەبێت.<br>- تەلاری پەیمانگە لە (٥) پێنج ژووری خوێندنی کەمتر نەبێت. | |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | تاقیگەی زانست. | (٣٥) م٢ |
| ٥ | تاقیگەی کۆمپیوتەر. | (٣٥) م٢ |
| ٦ | تاقیگەی کیمیا بۆ خوێندنگە. | (٣٥) م٢ |
| ٧ | تاقیگەی فیزیا بۆ خوێندنگە. | (٣٥) م٢ |
| ٨ | تاقیگەی زیندەزانی بۆ خوێندنگە. | (٣٥) م٢ |
| ٩ | ژووری هونەری. | (٣٥) م٢ |
| ١٠ | کتێبخانە. | (٣٥) م٢ |
| ١١ | هۆڵی بۆنەکان. | (١٠٠) م٢ |
| ١٢ | کافتریا و فرۆشگا. | (٦٠) م٢ |
| ١٣ | دوو کۆمەڵ توالێت بۆ کوڕان و کچان بە جیا بە پێوانەی ١ توالێت بۆ هەر (٢٥) بیست و پێنج قوتابییەك/خوێندکارێك، بە ڕەچاوکردنی قوتابی/خوێندکاری خاوەن پێداویستە تایبەت. دەبێت پەنجەرە یاخود هەواکێش (ساحیبە) لەو بەشە هەبێت کە توالێتەکانی لێیە (نەك لە گشت توالێتەکان). | (١) م٢ |

**پێکهاتـــە کارگێریەکان**

| ز | پێکهاتەکان | رووبەری پێویست |
|---|---|---|
| ١ | ژووری بـەرێوەبەر. | (١٢) م٢ |
| ٢ | ژووری یاریدەدەری بەرێوەبەر. | (١٢) م٢ |
| ٣ | ژووری مـامۆستایان. | (٢٠) م٢ |
| ٤ | ژووری ڕێنمایکاری پەروەردەیی. | (١٢) م٢ |
| ٥ | ژووری کۆبونەوە. | (٢٠) م٢ |
| ٦ | ژووری فریاگوزاری تەندروستی. | (٦) م٢ |
| ٧ | ژووری نووسەر. | (٩) م٢ |
| ٨ | ژووری ژمێریاری. | (٩) م٢ |
| ٩ | ژووری خزمەتگوزار. | (٩) م٢ |
| ١٠ | توالێت بۆ مامۆستایانی ( پیاوان ئافرەتان ) بە جیا. یەك توالێت بۆ هەر (١٠) دە مامۆستایەك. | (١) م٢ |

## شوێنـــــە گشتییەکان

| ز | پێکهاتەکان | کەمترین رووبەری پێویست |
|---|---|---|
| ١ | گۆڕەپانی وەرزشی. | (٢٠٠) م٢ |
| ٢ | ســـەوزایی. | (٢٠٠) م٢ |
| ٣ | گۆڕەپانێك کە خۆڵ و چیمەن نەبێت. | (٢٠٠) م٢ |
| ٤ | کامیرای چاودێری. | |
| ٥ | ئاگرکوژێنەوە. | |
| ٦ | بڵنگۆ/جەرەسی هەبێت. | |
| ٧ | سەرچاوەی ئاوی یەدەکی هەبێت، و ئاوخواردنەوەی پاك هەبێت. | |
| ٨ | ساردکەرەوە و گەرمکەرەوە بۆ هەموو پۆلەکان. | |
| ٩ | ئینترنێتی بەلایەنی کەم دوو مێگابایتی هەبێت. | |
| ١٠ | زیاتر لە یەك دەرگاری فریاکەوتنی هەبێت. | |
| ١١ | ناو دەرگاکان سەلامەت بکرێن بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر دەست و پەنجەی قوتابی و خوێندکار نەبێت. | |
| ١٢ | دەبێت تەلاری قوتابخانە و پەیمانگە شورای (سیاجی) هەبێت، بۆ نمونە دەکرێت شورا بە بەرد/بلۆك یاخود بە مەحەجەرە یاخود بە پەرژین یاخود بە شێوازێکی دیکەی گونجاو بکرێت. | |

## هاوپێچی ژمارە(٥)
## بەشەکانی ئامادەیی پیشەیی

| | | |
|---|---|---|
| **ئامادەیی پیشەسازی** | ١- بەشی ئەلکترۆن.<br><br>٢- بەشی کانزاکان.<br>٣- بەشی ئۆتۆمبیل.<br>٤- بەشی میکانیك<br><br>٥- بەشی دارتاشی<br><br>٦- بەشی بیناسازی | چاکردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان، گەیاندن، کۆمپیوتەر، موبایل، کامیرای چاودێری، و هتد<br>هەموو جۆرەکانی لکاندن و هتد.<br>چاککردنی ئۆتۆمبێل، دیزڵ، بەنزین، و هتد.<br>ئامێرەکان، دروستکردنی قاڵب و پێکهێنانی کانزاکان، و هتد.<br>دیزاین و دیکۆر، کەل و پەلی ناوماڵ و نوسینگە، و هتد.<br>بیناسازی، هێڵکاری کارەبایی، وزەی جێگرەوە، وزەی خۆر ، هەواسازی ، بەرزکەرەوە، دەرگای ئەلکترۆنی ، ئاوەڕۆ، |
| **ئامادەیی کشتوکاڵ** | ١- بەشی بەرهەمی رووەك.<br>٢- بەشی بەرهەمی ئاژەڵ<br>٣- بەشی ئامێرە کشتوکاڵییەکان.<br>٤- بەشی ئاژەڵ دروستی (ڤیترنەری)<br>٥- بەشی دروست کردنی خۆراك و قوتوبەندی. | |
| **ئامادەیی بازرگانی** | ١- بەشی ژمێریاری.<br>٢- بەشی کارگێڕی.<br>٣- بەشی زانستی بانك و ئەنتەرنێت.<br>٤- بەشی سکرتاریەت.<br>٥- بەشی گەشت و گوزار.<br>٦- بەشی بە بازاڕکردن. | |
| **ئامادەیی ڕاگەیاندن** | ١- بەشی پەیامنێری و پێشکەشکاری.<br>٢- بەشی فۆتۆگرافی.<br>٣- بەشی ڕێکلام.<br>٤- بەشی چاپکردن.<br>٥- بەشی بەرهەمهێنان. | |
| **ئامادەیی کۆمپیوتەر** | ١- بەشی دیزاینی ماڵپەڕ.<br>٢- بەشی پرۆگرامسازی.<br>بەشی نێت وۆرك. | |
| **ئامادەیی جوانکاری** | ١- بەشی ئارایشگا و قژبڕین.<br>٢- بەشی مکیاژ. | |
| **ئامادەیی پەرستاری** | پەرستاری | |

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤١٨٢/٤/٩ لە ٢٠٢٠/٦/٢٥**

## ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٠
## تایبەت بەخەرج کردنی مووچە

ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجو مەنی وەزیـران ژمـارە (٣٨٧٧) لە ٢٤/ ٢٠٢٠/٦ ، وپاڵپشـت بە بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە(٦١) لە رۆژی ٢٠٢٠/٦/٢١، و بە ڕەچـاوکردنی کورتهێنـانی ئەو داهـاتەی کە ئێستا لەبەردەستی وەزارەتـی دارایـی ئـابووری دایە بە بە بەراورد بەخەرجییەکـانی مووچە و شایستەی دارایی مـووچە خـۆران و خانەنشـینان ، بە مەبەسـتی خۆگونجانـدن لەگەڵ ئەم کورتهێنانە کە هۆکارەکەی دواکەوتنی ناردنی شایستەی دارایی هەرێـم لایەن حکـومەتی فیـدراڵیەوە سەرەڕای لێکەوتە ئابوورییەکانی بڵاوبونەوەی ڤایروسی کۆرۆنا و دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت.

لەبەر ڕۆشنایی برگەی دووەم /أ لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و بە مەبەستی ئاسانکاری جێبە جێ کردنی بریاری ئاماژەپێدراوی ئەنجومەنی وەزیران ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە.

١- تەمویلکردنی رێژەی ٧٩% (لەسەدا حەفتا و نۆ) خەرجییەکانی مووچە و شایستەی دارایی مووچەخۆران و خانەنشینانی گشت وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزروەکانی هەرێم.
٢-ڕاگرتنی تەمویلکردنی رێژەی لە ٢١% ( لەسەدا بیست و یەك) کە دەمێنێتەوە لەلایەن خودی وەزارەتەکان و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بەشیوەیەکی دادپەروەرانە لەسەرجەم مووچە خۆران و خانەنشیان جێبەجێ دەکرێت.
٣-خودی وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ، سەرپشکن لە دیاریکردنی رێژەکانی شایستەی دارایی مووچە خۆر و خانەنشین بەپێی تایبە تمەندیی و بەپێی ئەم ڕێنماییە بە مەبەستی بە دیهێنانی دادپەروەری.
٤-جێبەجێ کردنی خاڵی ( ١ ، ٢)ی سەرەوە تایبەت بە دابەشکردنی مووچەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتەکان و دەستەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەپێی تایبەتمەندیی.
٥- پێویستە لە دوای خەرج کردنی شایستە داراییەکانی مووچە خۆران و خانەنشینان ، میزانی مراجعە بگەرێندرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٦-خەرج کردنی تەواوی ١٠٠% (لەسەدا سەد)ی شایستەی دارایی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانانی سیاسی و کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەو مووچە خۆر و خانەنشینانەش کە شایستەی داراییان (٣٠٠) سێ سەد هەزار دینار و بەرەو خوارەوە، و نابێت لەو بڕە کەمتر بکرێتەوە.

٧-بەدەر لە بڕگەکانی سەرەوە خەرجکردنی تەنیا ڕێژەی ٥٠% (لەسەدا پەنجا) ی شایستەی دارایی ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی و خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لە ( سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانیان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلە ئەوانن و بریکارەکانی وەزارەت وئەوانی بە پلەی ئەوانن و ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن و خاوەن پلەی تایبەتەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و دادگای  پێداچوونەوە و سەرجەم دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و گشت ئەو کەسانەی بەپێی خشتەی کارپێکراوی مووچە ، مووچە دەرماڵەی پلە باڵای (أ) و (ب) وەردەگرن لەسەر میلاکی شارستانی و سەربازی و ئەنجوومەن و دەزگای ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ).

٨-بڕگەی (٧)ی سەرەوە ئەوکەسانەش دەگرێتەوە کە بەو پلە وەزیفانەی لە بڕگەی (٧) سەرەوە هاتوون و خانەنشین کراون ، یان لە دوای جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی سەرەوە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بەو پلە و وەزیفانە.

٩-بڕگەکانی دیاری کراو لەسەرەو جێبەجێ دەکرێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەکاتی دابەشکردنی مووچە.

١٠- ئەم ڕێنماییە داراییە جێبەجێ دەکرێت لەرۆژی دەرچوونیەوە ، وە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات شیخ جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٤٢٢٦/٤/٩ لە ٢٠٢٠/٦/٢٩**

پاڵپشت بە ماددەی (٦) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق وە ماددەی (١٨) و (١٩) وە (٢٠) لە پەیڕەوی یاسای چاکسازی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢٠) وە ئاماژە بە کۆبوونەوەی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوەی ڕێنمایی دارایی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٢١) بڕیاردرا بە:-

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**ڕێنمایی تایبەت بە خزمەت و پلەی وەزیفی**

**یەکەم:**

١- گشت دامەزراوەکانی هەرێم پێداچوونەوە بە مەبەستی ڕێکخستنی پلە و ناونیشان و مووچە و وەزیفی سەرجەم مووچە خۆرانیان دەکەن لە بواری خزمەتی (شارستانی و پێشمەرگایەتی و هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ).

٢-ئەم پێداچوونەوەیە لەبوارەکانی خاڵی(١) هاتووە لەچوارچێوەی یاسا وڕێنماییە کارپێکراوەکان دەبێت.

٣-هەر ڕێکخستنەوەیەک ئەنجام بدرێت پێویستە لە چوار چێوەی وەزیفی گشتیدا بێت لەسەر بنەمای بڕوانامە و خزمەتی فیعلی و ئەو خزمەتانەی کە بەپێی یاسا بەرکارەکان هەژمارکراون.

٤-هێچ خزمەتێک هەژمار ناکرێت ئەگەر بەپێی یاسا نەبووبێت وەک یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠)ی هەموار کراو یاسای بوودجەی ساڵانە و ڕێنماییەکان وە یاسای خزمەت و میلاکی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموار کراو.

٥-لەسەر لیژنە لاوەکییەکانی گشت دامەزراوە حکومییەکان کاری پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەرەکان بکەن لە ڕووی پلە و ناونیشانی وەزیفی و مووچەکان وەپێشنیارەکانیان دەخەنە بەردەست لیژنەی باڵای وەزارەتەکانیان بۆ پەسەندکردن.

٦-هەموو ئەو بڕیارانەی کە لیژنەی وەزارەت پەسەندی دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوە وە دەربارەی پلە بەرزکردنەوەو مەرتەبە و خزمەتی فەرمانبەرایەتی بەدەر لەیاسا بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵوەشاندنەوەیان.

**دووەم:**

١- یەکخستنی پلەی وەزیفە و ناونیشان لەگەڵ مووچەی فەرمانبەر، وە پێویستە بە حوکمی یاسای خزمەت و میلاکی ژمارە (٢٥) ساڵی (١٩٦٠)ی هەموار کراوبێت یان هەر یاسایەک کە جگە ئەم یاسایە بگرێتەوە.

٢- هەڵوەشانەوەی هەر پلەیەکی وەزیفی و ناونیشانێک کە درابێتە فەرمانبەر کە هاودژبێت لەگەڵ یاسای ئاماژە پێکراوە.

٣- لیژنەی باڵای وەزارەتەکان و لیژنە لاوەکییەکان ئەرکی ڕاست کردنەوەی ناونیشان و پلەی وەزیفی بەپێی یاسای ژمارە (٢٥)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٦٠ دەکەوێتە ئەستۆ.

**سێیەم:**

١-گشت پلە و مەرتەبەی وەزیفی کە درابێت بەمووچە خۆر بەدەر لەیاسا کارپێکراوەکان هەڵدەوەشێتەوە چ لە یەکەم ڕۆژی دەست بە کاربوونی پێ درابێت یان لە دوای ڕۆژەکانی داوتر لە دامەزراندنیان.

٢- بۆ جێبەجێ کردنی خاڵی (١) هەموو ئەو بڕیارانە هەڵدەوەشێنەوە کە هاودژن لەگەڵ یاسای خزمەت و میلاکی ژمارە (٢٥)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٦٠ی کارپێکراو و هەر یاسایەکی کار پێکراوی تر.

**چوارەم:**

١- هەڵوەشانەوەی پێدانی ساڵانی خزمەت بۆ مووچە خۆران وەکو خزمەتی وەزیفی شارستانی و پێشمەرگایەتی و ئاسایشی ناوخۆ کە بۆ ئەو ماوانەی کەلەگەڵ ماوەی خوێندنی مووچەخۆر یەک دەگرێتەوە وە ئەو ماوانەی کە ئەژمارکراوە و مووچە خۆر تەمەنی لە (١٦) ساڵ کەمتربووە.

٢- ئەم هەڵوەشاندنەوەی خاڵی (١) زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی ناگرێتەوە.

٣- لیژنە لاوەکییەکان لە وەزارەت و دامەزراوە حکومەییەکان جێ بە جێ کردنی خاڵەکانی سەرەوە دەگرنە ئەستۆ لە دیاری کردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە حوکمەکان ئەم خاڵانەی سەرەوە دەیانگرێتەوە وەک لە سەرجەم بڕگەکانی ماددەی (٦) لە یاسای چاکسازی هاتووە، وە ڕاسپاردەی پێویست بۆ بەخشینی پلە و ناونیشانی وەزیفی بەپێی شایستە یاساییەکان، مووچە و شایستەی دارایی، بۆ ئەو فەرمانبەرانە بۆ لیژنەی وەزارەت بەرزدەکەنەوە لە چوارچێوەی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە داراییەکان.

**پێنجەم:**

١- هەر پێگەیەکی یاسایی لە بواری ڕاژەی گشتی شارستانی ڕاژەی گشتی درابێت بە فەرمانبەر بە بڕیاری کارگێری ئەو پێگەیە پارێزراو دەبێت.

٢- پێویستە لەسەر فەرمانبەران کە خاڵی یەکەم دەیانگرێتەوە، لێبڕینی خانەنشینی بدەن و پاڵپشت بە بڕیاری کارگێری دامەزراوەکانیان.

٣- پێویستە پلە و ناونیشانی وەزیفی و مووچە و شایستە داراییەکانی ئەو فەرمانبەرانەی بڕگەی (پێنجەم/١) دەیانگرێتەوە و لە چوار چێوەی یاسای و پەیڕەو و ڕینماییە داراییە بەرکارەکان ڕێک بخرێتەوە و بگونجێندرێن لەگەڵ ئەحکامەکانی یاسای چاکسازی.

٤- لیژنە لاوەکییەکان لە وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەکان ئەرکی دەست نیشان کردنی ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتە ئەستۆ کە خاڵی (پێنجەم/١) دەیانگرێتەوە، وە ڕاسپاردەی پێویست دەربارەی ڕێکخستنەوەی پلە و ناونیشانی وەزیفی و مووچە و شایستە داراییەکانیان بەرزدەکرێتەوە بۆ لیژنەی باڵا لە وەزارەتەکان.

١- وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبستراو بە وەزارەتەکان ڕاسپاردەی لیژنە لاوەکییەکان پەسەند دەکات وە بڕیاری کارگێری تایبەت بە ڕێکخستنەوەی پێگەی وەزیفی ئەو فەرمانبەرانەی کە خاڵی (١) دەیانگرێتەوە دەردەکات لە چوار چێوەی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان.

٢- ئەو فەرمانبەرانەی کە بەپێی یاسایی چاکسازی پلە و مەرتەبەی زیادەیان لێ وەردەگیرێتەوە وەڕاست کردنەوەی مووچە و ناونیشانیان بۆ دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

أ- ئەو فەرمانبەرانەی کە دامەزراون بەپێی یاسای شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠)ی هەموار کراوی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بەپێی هەمان یاسا پێویستە ڕاستکردنەوەی مووچە و ناونیشانیان بۆ بکرێت وە کۆتا سەرمووچە و پلە بەرزکردنەوەی ساڵی (٢٠٠٣)یان بۆ دەکرێتە بنەما بۆ ڕاست کردنەوەی مووچە و ناونیشانیان بە ڕەچاو کردنی ڕێنمایمان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٦ کە پاڵپشتە بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٦) لە ٢٠١٥/١٢/٢١ وە بەپێی خشتەی هاوپێچ:

ب- ئەو فەرمانبەرانەی کە پاش (٢٠٠٣/١٢/٣١) دامەزراون، بەپێی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی عێراقی کەڕێنمایی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٨ی پێدەرچووە ڕاستکردنەوەی مووچە وناونیشانیان بۆ دەکرێت.

٣- حوکمەکانی بڕگەی (پێنجەم/١) تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تا پەسەندکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) مووچەیان وەرگرتووە.

٤- سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی کە خزمەتی فەرمانبەرایەتی و ئاوارەیی یان پێشمەرگایەتی یان کەرتی تایبەتیان بۆ ئەژمار کراوە، بەپێی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ هەڵدەوەشێتەوە وە ڕاست کردنەوەی مووچە و ناونیشانیان بۆ دەکرێتەوە بەپێی ساڵانی خزمەت و بڕوانامە و تەمەن وە بەپێی هەمان میکانزمی بڕگەی خاڵی(٦/أ و ب) بەڕەچاوکردنی ڕێنماییمان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ (٥١)ی ساڵی ٢٠٠٧ و (٣ ، ٨ )ی ساڵی ٢٠١٠ و (١٦) ساڵی ٢٠١٨.

٥- لەکاتی دروست بوونی هەر ئاستەنگێگ و ناڕوونیەک، وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبستراو بە وەزارەت بۆیان هەیە داوای ڕوونکردنەوە و هاوئاهەنگی پێویست بکەن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٦- ئەم ڕێنماییانە لەڕێکەوتی دەرچوونی کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**ئاوات شیخ جەناب نووری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**خشتەی ژمارە ( ١ )**

| پله | بڕوانامه | مووچەی سویسری ( المصالح الزراعیه) | مووچەی سویسری ( یاسای شارستانی ) | مووچەی نوێ |
|---|---|---|---|---|
| دەیەم | | تا ٣١ / ١٢ / ٢٠٣ | تا ٣١ / ١٢ / ٢٠٣ | تا بەرواری ٣١ / ١٢ / ٢٠١٩ |
| | بێ بڕوانامه | ١٠٣،٠٠٠ | ١٠٣،٠٠٠ | ٣٢٦٠٠٠ |
| | | ١٠٤،٥٠٠ | ١٠٣،٣٠٠ | ٣٣٢٠٠٠ |
| | | ١٠٦،٠٠٠ | ١٠٥،٦٠٠ | ٣٣٨٠٠٠ |
| نۆیەم | سەرەتایی | ١١٣،٥٠٠ | ١٢٣،٠٠٠ | ٣٩٨٠٠٠ |
| | | ١١٥،٠٠٠ | ١٢٤،٣٠٠ | ٤٠٤٠٠٠ |
| | ناوەندی | ١١٧،٠٠٠ | ١٢٧،٠٠٠ | ٤٥٧٠٠٠ |
| هەشتەم | | ١١٨،٥٠٠ | ١٢٨،٣٠٠ | ٤٦٤٠٠٠ |
| | | | ١٢٩،٦٠٠ | ٤٧١٠٠٠ |
| | ئامادەیی | ١٢٢،٥٠٠ | ١٣٢،٠٠٠ | ٤٨٥٠٠٠ |
| | | ١٢٤،٠٠٠ | ١٣٤،٦٠٠ | ٥٤٩٠٠٠ |
| حەوتەم | پەیمانگای مامۆستایان | ١٢٥،٥٠٠ | ١٣٧،٢٠٠ | ٥٥٩٠٠٠ |
| | پەیمانگای تەکنیکی | ١٢٥،٥٠٠ | ١٣٩،٨٠٠ | ٥٦٩٠٠٠ |
| | بکالۆریۆس | ١٣٨،٠٠٠ | ١٤٨،٠٠٠ | ٥٧٩٠٠٠ |
| شەشەم | | ١٤١،٠٠٠ | ١٥٠،٠٠٠ | ٥٨٩٠٠٠ |
| | | ١٤٤،٠٠٠ | ١٥٣،٢٠٠ | ٦٦٩٠٠٠ |
| | | ١٤٩،٥٠٠ | ١٥٩،٥٠٠ | ٦٩٣٠٠٠ |
| پێنجەم | | ١٥٣،٥٠٠ | ١٦٢،١٠٠ | ٧٠٥٠٠٠ |
| | | ١٥٧،٥٠٠ | ١٦٤،٧٠٠ / ١٦٧،٣٠٠ / ١٦٩،٩٠٠ | ٧١٧٠٠٠ |
| چوارەم | | ١٦٩،٠٠٠ | ١٧٩،٠٠٠ | ٨٦٠٠٠٠ |
| | | ١٧٤،٥٠٠ | ١٨٢،٩٠٠ | ٨٧٧٠٠٠ |
| | | ١٨٠،٠٠٠ / ١٨٥،٥٠٠ | ١٨٦،٨٠٠ / ١٩٠،٧٠٠ | ٨٩٤٠٠٠ |
| سێیەم | بەبێ گۆڕینی ناونیشان و پلەی فەرمانبەرێتی | | | |
| | | ١٩٩،٠٠٠ | ٢٠٩،٠٠٠ | ٩٤٨٠٠٠ |
| | | ٢٠٥،٥٠٠ | ٢١٤،٠٠٠ | ٩٦٨٠٠٠ |
| | | ٢١٢،٠٠٠ / ٢١٨،٥٠٠ | ٢١٩،٠٠٠ / ٢٢٤،٠٠٠ / ٢٢٩،٠٠٠ | ٩٨٨٠٠٠ |
| دووەم | | ٢٤٤،٥٠٠ | ٢٥٤،٥٠٠ | ١٠٤٨٠٠٠ |
| | | ٢٥٥،٠٠٠ | ٢٥٩،٧٠٠ | ١٠٦٨٠٠٠ |
| | | ٢٦٥،٥٠٠ | ٢٦٤،٩٠٠ | ١٠٨٨٠٠٠ |
| | | ٢٧٦،٥٠٠ / ٢٨٦،٥٠٠ | ٢٧٠،١٠٠ / ٢٧٥،٣٠٠ | ١١٠٨٠٠٠ |

| **خشتەی ژمارە ( ٢ )** بڕوانامەی سەرەتایی لە مووچەی ( ١٢٣ ) دینار بۆ مووچەی ( ١٥٣ ) دینار بەپێی خشتەی ژمارە (١) دەبێت | |
|---|---|
| مووچەی سویسری بنەڕەتی ساڵی ٢٠٠٣ | مووچەی نوێ بۆ ساڵی ٢٠١٩ |
| ١٥٩،٥٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| بەبێ گۆڕینی ناونیشان و پلەی فەرمانبەرێتی | |
| ١٦٢،١٠٠ | ٦٢١٠٠٠ |
| ١٦٤،٧٠٠ | ٦٣٣٠٠٠ |
| ١٦٧،٣٠٠ | ٦٤٥٠٠٠ |
| ١٦٩،٩٠٠ | ٦٥٧٠٠٠ |
| ١٧٩،٠٠٠ | ٦٦٩٠٠٠ |
| ١٨٢،٩٠٠ | ٦٨١٠٠٠ |
| ١٨٦،٦٠٠ | ٦٩٣٠٠٠ |
| ١٩٠،٧٠٠ | ٧٠٥٠٠٠ |
| ٢٠٩،٠٠٠ | ٧١٧٠٠٠ |
| ٢١٤،٠٠٠ | ٧٢٩٠٠٠ |
| ٢١٩،٠٠٠ | ٧٤١٠٠٠ |
| ٢٢٤،٠٠٠ | ٧٤١٠٠٠ |
| ٢٢٩،٠٠٠ | ٧٤١٠٠٠ |
| ٢٥٤،٥٠٠ | ٧٤١٠٠٠ |
| ٢٥٩،٧٠٠ | ٧٤١٠٠٠ |
| ٢٦٤،٩٠٠ | ٧٤١٠٠٠ |
| ٢٧٠،١٠٠ | ٧٤١٠٠٠ |
| ٢٧٥،٣٠٠ | ٧٤١٠٠٠ |

| **خشتەی ژمارە ( ٣ )** بێ بڕوانامەی لە مووچەی ( ١٠٣ ) دینار بۆ مووچەی ( ١٥٠ ) دینار بەپێی خشتەی ژمارە (١) دەبێت | |
|---|---|
| مووچەی سویسری بنەڕەتی ساڵی ٢٠٠٣ | مووچەی نوێ بۆ ساڵی ٢٠١٩ |
| بەبێ گۆڕینی ناونیشان و پلەی فەرمانبەرێتی | |
| ١٥٣،٢٠٠ | ٥٣٩٠٠٠ |
| ١٥٩،٥٠٠ | ٥٤٩٠٠٠ |
| ١٦٢،١٠٠ | ٥٥٩٠٠٠ |
| ١٦٤،٧٠٠ | ٥٦٩٠٠٠ |
| ١٦٧،٣٠٠ | ٥٧٩٠٠٠ |
| ١٦٩،٩٠٠ | ٥٨٩٠٠٠ |
| ١٧٩،٠٠٠ | ٥٩٩٠٠٠ |
| ١٨٢،٩٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ١٨٦،٦٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ١٩٠،٧٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ٢٠٩،٠٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ٢١٤،٠٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ٢١٩،٠٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ٢٢٤،٠٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ٢٢٩،٠٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ٢٥٤،٥٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ٢٥٩،٧٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ٢٦٤،٩٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ٢٧٠،١٠٠ | ٦٠٩٠٠٠ |
| ٢٧٥،٣٠٠ هتد | ٦٠٩٠٠٠ |

**خشتەی ژمارە ( ٤ )** مووچە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٢٠/

| مووچەی سویسری بنەڕەتی ساڵی ٢٠٠٣ | مووچەی نوێ بۆ ساڵی ٢٠١٩ |
|---|---|
| بەبێ گۆڕینی ناونیشان و پلەی فەرمانبەرێتی | |
| ٢٩٨ | ٩٢٨/ دوا سنووری بڕوانامەی ناوەندی |
| ٢٩٨ | ١١٠٨ ٠٠٠ |
| ٣٠٥ | ١١٢٨٠٠٠ |
| ٣١١ | ١١٤٨٠٠٠ |
| ٣١٨ | ١١٤٨٠٠٠ |
| ٣٢٤ | ١١٤٨٠٠٠ |
| ٣٣٠ یان ٣٦٧ | ١١٤٨٠٠٠ |
| ٣٣٧ یان ٣٧٤ | ١١٤٨٠٠٠ |
| ٣٤٣ یان ٣٨٠ | ١١٤٨٠٠٠ |
| ٣٥٠ یان ٣٨٧ | ١١٤٨٠٠٠ |
| ٣٥٦ تا ٣٩٣ | ١١٤٨٠٠٠ |

**وەزارەتی/**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی/**
**بەڕێوەبەرایەتی/**

فۆرمی گۆڕانکاری (ڕاستکردنەوەی پلە و مووچە و ناونیشان) بەپێی ڕێنمای دارایی ژارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٠

| ناوی چوارین | دامەزراندن و کاتی دامەزراندن | بڕوانامەی کاتی دامەزراندن | پلە- مرتبەی ئیستا | ناونیشانی ئیستا | مووچەی بنەڕەتی ئیستا | مووچەی بنەڕەتی ساڵی ٢٠٠٣ | بڕوانامەکانی بەدەست هاتوو دوای دامەزراندن | ڕێکەوتی بە دەست هێنان | وازهێنان لەکار | گەڕانەوە بۆ سەرکار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | |

| ڕێز و سوپاس | مۆڵەتی بێ مووچە | سزا و جۆرەکەی | خزمەتی فعلی | جۆر و ماوەی خزمەتی هەژمارکراو بەپێی یاسا و ڕێنمایی | جۆر و ماوەی خزمەتی هەژمارکراو بەدەر لە یاسا و ڕێنمایی | پلە- مرتبەی کە زیادە وەرگیراوە | ناونیشانی نوێ | مووچەی بنەڕەتی نوێ | پلە – مرتبەی نوێ | ڕێکەوتی شایستە بوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | |

**فەرمانبەری ڕێکخەر**    **بەڕێوەبەری میلاکات**    **بەڕێوەبەری ژمێریاری**    **سەرۆکی فەرمانگە**

**تێبینی یەکەم:** بەمەرجێک ئەم خشتەی سەرەوە دەبێت لە لایەن لیژنەی وەزارەت پەسەند بکرێت کەپێک هاتبوو بۆ جێ بەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠.

**دووەم:** ئەم خشتەی سەرەوە بەبەرنامەی ئیکسل ( Excel ) دروست بکرێت.

**سێیەم:** ئەم خشتەی سەرەوە بخرێتە سەر سی دی (CD).

**وەزارەتی/**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی/**
**بەڕێوەبەرایەتی/**

**فۆرمی زانیاری مووچە خۆران**

ناوی چوارین:
ڕیکەوتی دامەزراندن:
دامەزراندن و دەست بەکاربوونی یەکەم جار:
بڕوانامەی کاتی دامەزراندن:
پلە-مرتبەی ئیستا:
ناونیشانی ئیستا:
مووچەی بنەڕەتی ئیستا:
مووچەی بنەڕەتی ساڵی ٢٠٠٣:
بڕوانامەکانی بەدەست هاتوو دوای دامەزراندن:
ڕێکەوتی بە دەست هێنان:
وازهێنان لەکار:
گەڕانەوە بۆ سەرکار:
ڕێز و سوپاس:
مۆڵەتی بێ مووچە:
سزا و جۆرەکەی:
خزمەتی فعلی:
جۆر و ماوەی خزمەتی هەژمارکراو بەپێی یاسا و ڕێنمایی:
جۆر و ماوەی خزمەتی هەژمارکراو بەدەر لە یاسا و ڕێنمایی:
پلە- مرتبەی کە زیادە وەرگیراوە:
ناونیشانی نوێ:
مووچەی بنەڕەتی نوێ:
پلە – مرتبەی نوێ:
ڕێکەوتی شایستە بوون:

**فەرمانبەری ڕێکخەر** | **بەڕێوەبەری کارگێڕی و خۆیەتی** | **سەرۆکی فەرمانگە**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤٢٢٦/٤/٩ لە ٢٠٢٠/٦/٢٩**

پاڵپشــت بــە مــاددەی (٧ ، ٨ ، ٩ ، ١٠ ) لە یاســای چاکســازی لە مــووچە و دەرمــاڵە و بەخشــین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق وە پەیرەوی یاسای چاکسازی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢٠) وە ئاماژە بە کۆبوونەوەی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوەی ڕێنمایی دارایی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٢١) بڕیاردرا بە:-

**ڕێنمایی ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٢٠**
**ڕێنمایی تایبەت بە خانەنشینی**

**یەکەم:**

١- هەموو ئەو پلە و ناونیشانی وەزیفی کە لەخوارەوە هاتووە خانەنشین بوونیان یەک دەخرێتەوە بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی خانەنشین بوونی فەرمانبەران لە پلە گشتیەکانی وەزیفە لە سەر میلاکی شارستانی و سەربازی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ،سەرۆکی هەرێم ،سەرۆکی پەرلەمان ،سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ، جێگرەکانیان ،ئەندامانی پەرلەمان وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و بریکاری وەزارەت وئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن و خاوەنی پلەی تایبەتەکان و بەرێوەبەرە گشتیەکان و ئەوانەی بە پلەی بەرێوەبەری گشتی و ئەوانەی مووچەی بەرێوەبەری گشتی وەردەگرن سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و گشت ئەو کەسانەی کە بە پێ ی خشتەی کارپێکراوی مووچە لە هەرێمی کوردستان ، مووچە و دەرماڵەی هەردوو پلەی باڵا (أ) و (ب) وەردەگرن لە سەر میلاکی شارستانی و سەربازی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٢- مووچەی خانەنشینی بۆ ئاماژە پێکراوان لە خاڵی (١)ی سەرەوە هەژمار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە :-

أ- رێژەی(١٥٪)پانزە لەسەدا لەکۆی گشتی دوا مووچە ودەرماڵەی ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەردەگرێت

ب- رێژەی(١،٥٪)یەک ونیو لەسەدا لەکۆی گشتی دوا مووچە ودەرماڵەی لەکاتی خزمەتدا وەردەگرێت

ج- دەرماڵەی بروانامە بۆ ئاماژە پێکراوان خەرج دەکرێت کە لە بڕگەی یەکەم / ١،ئاماژەیان پێکراوە بەم شێوەی خواەوە :-

١- دەرماڵەی بروانامەی ئامادەیی بە رێژەی (١٪) یەک لە سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە وە دەرماڵە ، ئەوەی لە کاتی خزمەتدا وەری دەگرێت ، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشین .

٢- دەرماڵەی بروانامەی دبلۆم بە رێژەی (٢٪) دوو سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە وە دەرماڵە ، ئەوەی لە کاتی خزمەتدا وەری دەگرێت ، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشین.

٣- دەرماڵەی بروانامەی بکالۆریۆس بە ڕێژەی (٤٪) چوارلە سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە وە دەرماڵە ، ئەوەی لە کاتی خزمەتدا وەری دەگرێت ، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشین.
٤- دەرماڵەی بروانامەی دبلۆمی باڵا وە ماستەر بە ڕێژەی (٦٪) شەش لە سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە وە دەرماڵە ، ئەوەی لە کاتی خزمەتدا وەری دەگرێت ، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشین.
٥- دەرماڵەی بروانامەی دکتۆرا بە ڕێژەی (٨٪) هەشت لە سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە وە دەرماڵە ، ئەوەی لە کاتی خزمەتدا وەری دەگرێت ، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.
د- شایستەی مووچەی خانەنشینی نابێت لە ڕێژەی (٥٠٪)پەنجا لە سەد تێپەر بکات لە کۆی گشتی دوا مووچە وە دەرماڵە ئەوەی لە کاتی خزمەتدا وەریدەگرێت.

**دووەم:**

١- فەرمانبەران بەو پێناسەی کە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی بەرکار لە هەرێمدا هاتووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە ئاماژەیان پێکراوە لە بڕگەی (یەکەم / ١). شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بە مەرجێک خزمەتی خانەنشینیان لە (١٥)پانزە ساڵ کەمتر نەبێت وەتەمەنیان لە(٤٥) ساڵ کەمتر نەبێت جگە لە حالەتەکانی مردن یان شەهید بوون یان خانەنشین بوون بە هۆکاری تەندروستی وە ئەو حاڵەتانەی کە لە یاسایی خانەنشینی بەرکاردا هاتووە بە دەرکراوە .
٢- ئەوانەی ڕاسپێردراون بە خزمەتی گشتی کە لە بڕگەی (یەکەم /١)ئاماژەیان پێ کراوە وە مەرجەکانی هاتوو لە بڕگەی (دووەم/١)نایانگرێتەوە ئەوا شایستەی مووچەیەکی خانەنشینی دەبن بە ڕەچاوکردنی هەمان پێوەرەکانی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم /٢)، بە مەرجێک لە ڕێژەی (٢٥٪) بیست و پێنج لە سەد تێپەرنەبێت لە کۆی گشتی مووچە و دەرماڵە ئەوەی لەکاتی خزمەت وەردەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشین .
٣- ئەوەی لەبڕگەی(دووەم/٢) ، هاتووە بەردەوام دەبێت تاوەکو ئەو کاتەی ئەو حاڵەتانە دەگونجێنرێت لە گەڵ مەرجەکانی هاتوو لە بڕگەی(دووەم/١)
٤- ئەوەی بە بڕگەی (دووەم/٢) هاتووە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە دوای بەکاربوون و جێبەجێ کردنی یاسایی چاکسازی ژمارە (٢) وە پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢٠) وە ڕێنمایی داراییەکان رادەسپێردرێت بۆ خزمەتی گشتی.

**سێیەم:**

١- ئەندام پەرلەمان بەئارەزوو مەندانە بۆی هەیە دەست بەرداری ماف و شایستە خانەنشین بوون بێت بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە ماوەیەک لە (٣٠) ڕۆژ تێپەر نەبێت لە ڕێکەوتی بەرکاربونی یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٢٠) وە داوا کاریەک پێشکەش بە دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکات بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێکارە یاساییە پێویستەکان.

٢- ماوەی خزمەتی خولی پەرلەمانی بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزکردنەوەی پلە وە خزمەتی خانەنشینی هەژمار دەکریت بۆ ئەو پەرلەمانتارەی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر وەزیفەکەی پێشووی .

٣- حوکمەکانی بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە بڕگەی (یەکەم /١)ئاماژەیان پێکراوە وە لە پێش بەرکاربوونی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) وە رێنمایەکانی خانەنشین بوون، پێویستە خۆیان بگونجینن لەگەڵ حکومەکانی ئەم یاسایە .

٤- ئەوانەی کە لە بڕگەی(یەکەم /١)ئاماژەیان پێکراوە وە خزمەتی خانەنشینیان نەگەیشتۆتە (١٥) ساڵ تاوەکو ماوەی سێ ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکانیان وە هاوشێوەی پلە وەزیفیە گشتیەکان بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی سەپێنراو(ئیجباری) ، بەمەرجیک لێبرینی خانەنشینی (توقیفات تقاعدیە ) ئەو ماوەیە بدات .

٥- هەڵوەشاندنەوەی دەست لە کار کێشانەوەی هەموو ئەوانەی کە لە بڕگەی(یەکەم /١)ئاماژەیان پێکراوە وەکە بە ئارەزووی خۆیان دەگەڕێنەوە سەر وەزیفەی پێشوویان کە پێشتر فەرمانبەری حکومەت بوون وە راژەکانیان بۆ هەژمار دەکرێت بە مەبەستی سەر مووچە وە پلە بەرزکردنەوە وە مەبەستەکانی خانەنشینی ، وە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان پێویستە پلەی وەزیفی وە تەرخانکراوی داراییان بۆ دابین بکات هەروەها سەر پشک دەبن لە هەڵبژاردن وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی یان مووچەی ئەو وەزیفەیەی کە بۆی دەگەڕێتەوە.

٦- هەموو ئەوانەی کە لە بڕگەی(یەکەم/١)ئاماژەیان پێکراوە جگە لە راسپێردراوان بە خزمەتی گشتی شایستەی مووچەی خانەنشین دەبن بە هەمان ئەو پێوەر و مەرجانەی کە لە بڕگەی(یەکەم /٢)وە (أ،ب،ج،د) وە بڕگەی دووەم ( ١ و ٢ و ٣ و ٤)، شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بە رێژەیەک کە نابێت (٦٠٪) تێپەر بکات لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە لە کاتی خزمەتدا وەریدەگرێت .

٧- سەرجەم دادوەران و داواکاری گشتیەکان شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بە رێژەی (٧٠٪) حەفتا لە سەد تێپەر نەکات لە کۆی گشتی دوا مووچە وە دەرماڵەکانیان کە لە خزمەتی وەزیفی بەپێی یاسا بەرکارەکان وەریدەگرێت.

**چوارەم:**

١- بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری چەند لیژنەیەکی لاوەکی بە هاوئاهەنگی لایەنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان وە ئەنجومەنی دادوەری پێک دەهێنێت بەمەبەستی بەدواچوونەوە بەلیستی خانەنشینان و دڵنیابوون لە شایستەی یاسایی وە تۆمار بوونیان لە سیستەمی بایۆمەتری .

٢- ئەنجوومەنی دادوەری وە پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی جێبەجێ کردنی خاڵی (١) نوێنەری خۆیان دیاری دەکەن بۆ هاوئاهەنگی لیژنە لاوەکیەکان.

**پێنجەم:**

١- پاڵپشت بە ماددەی (٨) لە یاسایی چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) ئەنجومەنی وەزیران گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانەنشینی و فەرمانگە و یەکەی ئیداری و دارایی کە مووچەی خانەنشینیان لێ خەرج دەکرێت (شارستانی وسەربازی وە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وە یەکە رێک نەخراوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە) هەڵدەوەشێنێتەوە.

٢- دوای خاڵی (١) لە سەرەوە ، هەموو میلاک و موڵک و ماڵی گواستراوەی ئەو بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگانەی کە لەخاڵی یەک ئاماژەیان پێکراوە بەهەمان بریار دەگوازرێنەوە بۆ سەر بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٣- بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەیکەل بەندیەکی تازە بۆ ئەو بەرێوەبەرایەتیە گشتییە ئامادە دەکات وە ئەنجومەنی وەزیران پەسندی دەکات .

٤- لە سەر وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ( پێشمەرگە و ناوخۆ ) پێویستە لە رێگەی لیژنەی تایبەت ئەرکی پێسپاردنی هەموو دۆسیەکانی خانەنشینی شارستانی و سەربازی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وە یەکە رێکنەخراوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە کە لە خاڵی (١) ، (٢)ـەوە ئاماژەیان پێکراوە بە لیژنەیەکی تایبەت لە بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری کە بۆ وەرگرتنی هەموو دۆسیەکان پیک بهێنرێت لە ماوەیەکی کورت کە لە (٧) رۆژی تێپەر نەکات وە لیژنە لاوەکیەکان ئەرکی پێداچوونەوە لەسەر لیستی خانەنشینان بکەن وە دڵنیابینەوە لە تۆمارکردنیان لە سیستەمی بایۆمەتری .

**شەشەم:**

بەپێی ماددەی( ٩) لە یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٢٠) دەبێت :-

١- هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پێشمەرگە ناوی ئەو خانەنشینانە بەرز دەکەنەوە کە بە پلەی( وەزیر، بریکاری وەزارەت، راویژکار، بەرێوەبەری گشتی) وەهەر پلەیەکی تایبەت کە دراوەتەوە ئەو پێشمەرگانەی کە لە ریزی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان بوون پێش رێکەوتی (١٩٩١/٣/٥) ، بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بریاری خانەنشین بوونیان، وە لە بری ئەوە بریاری پێویست بدرێت لە سەر چارەنووسی بریاری خانەنشین بوونیان بەپێی یاساکانی (٣٣) ساڵی (٢٠٠٧) وە یاسایی ژمارە (٣٤) ی ساڵی(٢٠٠٧) وە یاسایی ژمارە (٣٦) ی ساڵی (٢٠٠٧) وە بەپێی تایبەتمەندی .

٢- بەپێی ماددەی (١٠) لە یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) .

٣-وەزارەتی دارایی وئابووری و وەزارەتی پێشمەرگە ناوی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە نایاسایی یان پلەی وەزیفی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشین کراون یان لەسەر بنەمای نایاسایی ئەژماری خزمەتی ساڵانی وەزیفی یان بۆ کراوە وخانەنشین کراون مەبەستی ڕاست کردنەوەی مووچەکانیان بەرزدەکەنەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەژێر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان بۆ ئەو مووچەی کە بەپێی یاسا شایستە دەبن .

**حەفتەم:**

١- گشت وەزارەتە پەیوەندارەکان و بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین سەربە وەزارەتی دارایی و ئابووری لەکاتی دروست بوونی هەر ئاستەنگێک و نارونیەک لە جێبەجێ کردنی ئەم رێنماییانە بۆیان هەیە داوای هاوئاهەنگی و روونکردنەوە بکەن لەبەرێوەبەرایەتی گشتی بوودجە لیژنەی دەرکردنی رێنمایەکان.

٢- هیچ کەسێک خانەنشین ناکرێت لە ژێر هیچ ناونیشانێک ئەگەر پێشتر بە شایستە بوونی یاسایی لە تۆمارەکان داتابەیسی سیستەمی بایومەتری پەیڕەوکراو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کودستان تۆمار نەکرابێت و بەرایی نەبێت.

٣-مووچەی خانەنشینی بۆ میراتگری یاسایی (المستحق) خەرج ناکرێت تاوەکو تۆمار نەکرێت لە داتا بەیسی سیستەمی بایۆمەتری لە هەرێمی کوردستان.

**هەشتەم:**

١- حوکمەکانی یاسایی چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢٠ بەمەبەستی خانەنشینی هەموو حالەتەکانی پێش بەرکاربوونی دەگرێتەوە پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم یاسایە.

٢- کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێکی ناکۆک لەگەڵ حوکمەکان یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ ناکرێت

٣- یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان/عێراق ژمارە(٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەلدەوەشێتەوە کار بەیاسا بەرکارەکانی خانەنشین لە هەرێمی کوردستان دەکرێت.

٤- ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رێکەوتی دەرچوونی کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**ئاوات شیخ جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٢٦٠٦ لە ٢٠٢٠/٦/٢٤**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠) بریارمان دا بە:-
- کردنەوەی (تێبینەرایەتی باجی خانووبەرەی قەزای شارەزوور ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری / بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی سلێمانی /٢.

**ئاوات جەناب نووری**
**وەزیری دارایی ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٢٩٤٦ لە ٢٠٢٠/٧/٢١**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠) بڕیارمان دا بە:-
- کردنەوەی (بەرێوەبەرایەتی چاودێری گومرگی ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بۆ جێبەجێ بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (١٨٣) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە .

**ئاوات جەناب نووری**
**وەزیری دارایی ئابووری**